دابینکردنی مافه نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٧٢

www. kurdistanukurd.com

دوو شەممە ● ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٨٦ ● ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

## ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ دژی ڕێژیمی ئێران دەنگ هەڵدەبڕن

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبر داوای ئازادیی دەستبەجێی عیمادەدین باقی داکۆکیکەری ناسراوی مافی مرۆڤی کرد. باقی ساڵی ٢٠٠٠ سەبارەت بە نووسینەکانی لەبارەی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان بە ٣ ساڵ زیندان مەحکووم کرا. لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستاش ٢٣ جار بانگ کراوە بۆ بەناو دادگاکانی ڕێژیم. ناوبراو لە مانگی ژوئیەی ئەمساڵدا وێڕای ژنەکەی‌و کچەکەی بە ٣ ساڵ حەبسی هەڵپەسێراو مەحکووم کران.

هەروەها فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤو کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئێران دا ڕۆژی ١٨ی ئۆکتۆبر نارەزایەتییان بە دژی ئێعدامی دوو لاوی کورد لە سنەو حوکمەکانی ئەم دواییانەی دادگای تاران بۆ ٣ خوێندکاری چالاك دەربڕی. ئەو دوو ڕێکخراوە بە راشکاوی داوایان لە کۆمەڵگەی جیهانی کردوە لە چوارچێوەی کۆڕی گشتیی UNدا، بڕیارنامەیەك لە دژی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران دا بڵاو بکەنەوە.

مالپەڕەکانی: ایران امروز، عصر نو

# هەرچەشنە دەستدرێژییەکی تورکیەو ئێران بە پێشێلکردنی سەروەریی نیشتمانیی وڵاتانی دراوسێ دەزانین‌و بەتوندی مەحکوومی دەکەین

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی دەرچوونی بڕیارنامەی پارلمانی تورکیەوە

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

گەلانی ئازادیدۆستی ئێران!

ئۆگرانی ئاشتی‌و ئازادی لە سەرانسەری جیهان دا!

وەك هەموو لایەك ئاگادارن ماوەی چەند حەوتوویە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق لەلایەن هێزە چەکدارەکانی دوو دەوڵەتی دراوسێی ئێران‌و تورکیەوە کەوتوونە بەر رەهێڵەی ئاگری چەکە قورسەکان‌و جگە لە بێ‌خانەو لانە بوونی هەزاران هاونیشتمانی کوردو چۆڵ بوونی بەشێکی زۆر لە گوندە سنووری‌یەکان چەندین میلیۆن دۆلاریش زیانی ماڵی بە خەڵك‌و دام‌و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێم گەیشتوە. زیاتر لە دوو حەوتووشە کاربەدەستانی تورکیە هەڕەشە دەکەن کە بۆ بەناو خەبات دژی تیرۆریزم پەلاماری نیزامی دەبەنە سەر خاکی هەرێمی کوردستان‌و سەروەریی کوردستان‌و هەموو عێراق پێشێل دەکەن.

جێگای داخی گرانتر ئەوەیە کە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو پارلمانی تورکیە بە بڕیارێکی هەرچەند چاوەڕوانکراو، بەڵام نائوسوولی بارێکی قانوونی‌و شەرعیی بەو هەڕەشەو گوڕەشەیە داو، بە ڕەسمی ڕێگای بە ئەرتەشی تورکیە دا کە هەر وەخت بەپێویست بزانێ سنووری کوردستانی عێراق ببەزێنێ‌و سەروەریی ئەو وڵاتە بشکێنێ. بەم جۆرە نیگەرانی لە پەلامارێکی نارەوای نیزامی‌و هەڵگیرسانی شەڕێکی ماڵوێرانکەر هەتا دێ، زیاتر خۆی دەنوێنێ.

بیانووی هەموو ئەو ئاگربارانو دەستدرێژیانەی هەر دوو دەوڵەتی تورکیەو ئێران‌و هەروەها هەڕەشەی نیزامیی تورکیە بوونی هێزەکانی پ.ك.ك لە چیاکانی قەندیلە کە گۆیا ئەوان ئەمنییەتی هەر دووکی ئەو وڵاتانەیان خستۆتە مەترسی‌یەوە. لە حاڵێك دا ئەو دەستدرێژی‌یانەی تا ئێستا کراون مەودایەکی زۆر دوورتریان گرتۆتەوەو بە قووڵایی دەیان کیلۆمیتر لە خاکی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە بەر تۆپ‌و کاتیوشاباران‌و رووخانی ماڵ‌و، سووتانی ڕەزو باغات‌و مووچەو مەزراو پاوانی هاونیشتمانانی لێ کەوتۆتەوە. بەوەڕا دەردەکەوێ کە بوونی پ.ك.ك تەنیا بیانوویەکەو ئامانجی راستەقینە لاواز کردنی ئەزموونە ساواکەی باشووری کوردستانە. ٢

٢

## مامۆستا حەسەنزادە لە کۆبوونەوەیەك دا تیشکی خستە سەر سەفەرەکەی بۆ وڵاتانی ئورووپایی



کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانیی ڕۆژی ٣ شەممە ڕێکەوتی ٨٦/٧/٢٤ کۆبوونەوەیەك بۆ بەڕێز عەبدوڵلا حەسەن زادە لە سالۆنی کۆبوونەوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هات.

بەڕێز حەسەن زادە لە وتارێك دا تیشکی خستە سەر سەفەرەکەی بۆ دەرەوەی وڵات‌و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە نێو کوردستانیانی ئورووپاو هێزو لایەنە سیاسییە کوردستانی، ئێرانی‌و ئورووپایی‌یەکان بەرز نرخاندو ئاماژەی بەوە کرد بە پێچەوانەی ویست‌و هەوڵی هێندێك لایەن، حیزبی دێموکراتی کورستان خاوەن پێگەیەکی جەماوەری لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو خەڵك بە هیواداری‌و چاوەڕوانی‌یەوە دەڕواننە هەڵوێست‌و خەبات‌و تێکۆشانی حیزب.

بەڕێز حەسەن زادە لە درێژەی وتەکانی‌دا ٣ ئەسڵی بنەڕەتیی وەك هۆکاری سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات ناو برد: سیاسەت‌و بۆچوونی ئوسوولی، یەکگرتوویی لەنێو ریزەکانی حیزب داو پێوەندیی ئەندامانی حیزب لەگەڵ جەماوەرو، دەستەبەرکردنی ئەو سێ ئەسڵەی بە ئەرکی سەرشانی ئەو قۆناغەی خەباتی حیزبی دێموکرات دانا.

جێی ئاماژەیە بەسەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بنەماڵەکانیان لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون.

## دەفتەری سیاسیی حیزب ئازاد کردنی تاوانباری سەرەکیی تیرۆری میکونووسی بە نارەوا زانی



ڕۆژی ١١ی ئۆکتۆبری٢٠٠٧ (١٩ی ڕەزبەری ١٣٨٦) دادستانیی فیدراڵی ئەڵمان ڕای گەیاند کە کازم دارابی تاوانباری سەرەکیی تیرۆری میکونووس لە مانگی دیسامبری ئەمساڵ دا لە زیندان ئازاد دەکرێ‌و ڕەوانەی ئێران دەکرێتەوە.

کازم دارابی ڕێکخەری سەرەکیی تیرۆری ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی ڕێستورانی میکونووسی شاری بێرلینی ئەڵمانە کە لەو دا دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەتاح عەبدولی ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و هومایوونی ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان‌و نووری دێهکوردی چالاکی سیاسیی ئێرانیی دۆستی حیزبی دیمۆکرات، بە گوللەی چەندلوبنانیی بەکرێگیراوی ڕێژیمی تیرۆریستی ئێران، شەهید کران.

لەم بارەیەوە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاو کردۆتەوە کە لە لاپەڕی ٢ی ئەم ژمارەیەی کوردستان دایە.

## بۆ ڕێز گرتن لە یادی هاوڕێی جوانەمەرگ عوسمان ڕەحیمی ڕێورەسمێك لە بنکەی دەفتەری سیاسی بەڕێوەچوو

کاتژمێر ١٠/٣٠ پێش نیوەڕۆی ئەمرۆ شەممە ٢٨ی ڕەزبەر بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە بنەماڵەو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و ئەندامانی ڕێبەریی حیزب‌و دۆستان‌و لایەنگرانی حیزب‌و کۆمەڵێکی بەرچاو میوان کۆڕیادێك لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کۆچی ناوادەی تێکۆشەر کاك عوسمان ڕەحیمی پێك هات.

ڕێورەسمەکە بە سروودی ئەی شەهیدان‌و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.



پاشان بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە سەر کەسایەتیی بەرزی کاك عوسمان‌و ئەو تایبەتمەندی‌یە بەرزانەی ببوونە هۆی ناسیاوی‌و خۆشەویستیی ئەو تێکۆشەرە بۆ ئامادەبووان دوا. ٣

٣

## دوو کەس لە زیندانی شاری سنە ئێعدام کران

ڕۆژی ٣ شەممە ١٧ی ڕەزبەر، دوو زیندانیی سیاسیی شاری سنە بە ناوەکانی نادر مورادی‌و کیومەرس محەممەدی کە ٦ مانگ لەمەوبەر بە تاوانی کوشتنی جاشێکی ڕێژیم بە ناوی ناسر بیگلەری دەستگیر کرابوون، لە بەندیخانەی ناوەندیی شاری



سنە ئێعدام کران.

فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئێران دا بەتوندی ئێعدامی ئەو دوو لاوە کوردەیان مەحکووم کرد. پێویستە بگوترێ کۆماری ئیسلامی هیچ ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی چۆنیەتیی موحاکەمەی ئەو دوو کەسە بڵاو نەکردۆتەوە.


مەجالێکی کەم‌و ئەرکێکی زۆر ٢


وتووێژی بڵاو کراوەی ئینتێرنێتیی "تلاش" لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەنزادە ٤


بەستێنی سەرکەوتنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ئەرکەکانی حیزبێکی نوێخواز ٥


وتووێژ لەگەڵ زریان ڕۆژهەڵاتی ٨


ئەمریکاو ئێران، ڕاپسکانێکی دیکە لە کەنداو ٩


قەیرانی ڕەخنە لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ١٠

درێژەی لاپەڕی١

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی دەرچوونی بڕیارنامەی پارلمانی تورکیەوە

ئێمە وێڕای بەداخ بوون لەو هەڵوێستە دوژمنانەو بێپاساوەی دەوڵەتی تورکیەو ئێران بەتایبەتی لە بڕیاری پارلمانی ئەو وڵاتە، هەرچەشنە دەستدرێژییەکی تورکیە یان ئێران بە پێشێلکردنی سەروەریی نیشتمانیی وڵاتانی دراوسێ دەزانین‌و بەتوندی مەحکوومی دەکەین. لەو پێوەندییەدا داوا لە بیروڕای گشتیی جیهان‌و کۆڕو کۆمەڵە خاوەن سەلاحییەتە نێونەتەوەیی‌یەکان دەکەین بە هەر ڕێگایەکدا بۆیان دەگونجێ پێشی شەڕفرۆشی‌و ئاژاوەگێڕیی وڵاتانی تورکیەو ئێران بگرن‌و ڕێگا نەدەن سەروەریی نیشتمانیی وڵاتێکی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێل بکرێ‌و ئەزموونی ساوای باشووری کوردستان وەکوو جارانی دیکەی مێژووی کورد زیندەبەگۆڕ ببێ.

هەر لەو کاتەدا داوا لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پ. ک. ک)ش دەکەین قازانجی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ڕاستیدا قازانجی درێژخایەنی هەموو کوردیشە لەبەرچاو بگرێ‌و هەوڵ بدا بیانوو نەکەوێتە دەستی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی تورکیە. هێزە سیاسی‌یەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان‌و یەک لەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەریانە بە وردی هەلومەرجی حکوومەتی هەرێم هەڵ سەنگێنن‌و لەبەرچاوی بگرن. ئەوان دەبێ هۆیەکی یارمەتیدەرو پاڵپشت بۆ ئەو ئەزموونە کوردییە بن کە لە باشووری کوردستان هاتۆتە ئاراوەو نابێ بیانووی ئاژاوەگێڕی‌و دەست تێوەردان بدەنە دراوسێکانی حکوومەتی هەرێم کە لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ئەوەی کۆسپ بخەنە سەر ڕێگای گەشە سەندن‌و چەسپاندنی ئەو ئەزموونە.

سڵاو لە ئاشتی‌و ئازادی‌و تەبایی

نەفرەت لە لەشکرکێشی‌و دەستدرێژی.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

١٣٨٦/٧/٢٦

٢٠٠٧/١٠/١٨

# بەیاننامە

## بە بۆنەی دەرچوونی بڕیاری ئازاد کردنی کازمی دارابی یەوە

ڕۆژی ١١ی ئۆکتۆبری٢٠٠٧ (١٩ی ڕەزبەری ١٣٨٦) دادستانیی فیدراڵی ئەڵمان ڕای گەیاند کە کازم دارابی تاوانباری سەرەکیی تیرۆری میکونووس لە مانگی دیسامبری ئەمساڵ دا لە زیندان ئازاد دەکرێ‌و ڕەوانەی ئێران دەکرێتەوە.

کازم دارابی ڕێکخەری سەرەکیی تیرۆری ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی ڕێستورانی میکونووسی شاری بێرلینی ئەڵمانە کە لەو دا دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەتاح عەبدولی ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و نوێنەری حیزب لە ئەڵمان‌و نووری دێهکوردی چالاکی سیاسیی ئێراینی دۆستی حیزبی دیمۆکرات، بە گوللەی چەندلوبنانیی بەکرێگیراوی ڕێژیمی تیرۆریستی ئێران، شەهید کران.

ئەم تیرۆریستە لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە کە دەرکەوت دەستی لە تیرۆری میکونووس دا هەیە، لەلایەن پۆلیسی ئەڵمانەوە خرایە بەندو دوای لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژو بەربڵاو کە لەسەر پەروەندەی تیرۆری میکونووس بەڕێوەچوو، ساڵی ١٩٩٧ لەلایەن دادگای بێرلینەوە بە تاوانی هەبوونی ڕۆڵی سەرەکی لە ڕێکخستنی تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات‌و هاوڕێیانی دا، بە زیندانی ئەبەد مەحکووم کرا. بە ڕواڵەت ئازاد کرانی کازم دارابی پاساوی قانوونیی لەپشتە. چونکە بەپێی بەندێکی قانوونی ئەڵمان، ئەو کەسەی زیندانی ئەبەدی بۆ دەبڕێتەوە، پاش تێپەڕاندنی ١٥ ساڵ لە حەپسەکەی، دەتوانرێ وەبەر لێخۆشبوون بکەوێ و ئازاد بکرێ. بەڵام ئازاد کردنی کازم دارابی لەژێر هەر ناوێک داو بە هەر پاساوێک بێ، دژایەتیی لەگەڵ دادپەروەری‌و سیاسەتی بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم‌و ئینسانکوژی دا هەیە. چونکە:

١ـ لە کاتی خۆی دا ڕاگەیەندرا لە حوکمی ئەبەدی کازمی دارابی دا ئەوە گونجاوە کە پاش ١٥ ساڵ زیندان ناتوانێ لەو ئەسڵە قانوونی یە کەڵک وەر بگرێ .

٢ـ مۆرەیەکی گەورەو گرنگی دەزگای تیرۆرو ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی، لە کاتێک دا ئازاد دەکرێ کە نە ئاڵوگۆڕێک لە بیرکردنەوەی خۆی دا پێک هاتوە (بۆ نموونە تا ئێستا پەشیمانیی لەو کردەوە ئینسانکوژانەیەی خۆی دەرنەبڕیوە)، نە هیچ گۆڕانێک لە نێوەرۆکی ڕێژیمی تیرۆریست‌و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیدا ڕووی داوەو دەسەڵاتدارانی ئێران وەک هەمیشە هەرچی لە تاوان‌و جینایەت بەدژی نەیارانی خۆیان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات کردوویانە، بە ڕەواو بە هەقی دەزانن.

٣ـ ئازاد کرانی گەڵاڵەدارێژو ڕێکخەری تیرۆرێکی دەوڵەتی لە کاتێک دایە کە هەوڵێکی بەربڵاوی نێونەتەوەیی بۆ پابەند کردنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و دەست هەڵگرتن لە بەرنامە ناوکی‌یەکان‌و لە پەرەپێدانی تیرۆرو ئاژاوە لە ناوچەکەدا، لەگۆڕێ دایە. ئەڵمان کە بۆ خۆی یەک لە وڵاتانی گرووپی "١+٥" ەو، داواکارە ڕێژیمی ئێران واز لە یاغیگەری وقانوون شکێنی بێنێ، لەجیاتی ئەوەی شانبەشانی وڵاتانی دیکە، هەوڵ بۆ خستنەڕووی پەروەندەکانی دیکەی تیرۆری ئەو ڕێژیمەو بەڕێوەچوونی عەداڵەت لەبارەیانەوە بدا، پاساو بۆ ئازادیی تیرۆریستەکان دەدۆزێتەوە!

شاراوە نیە کە هەر لە سەرەتای گیرانی تیرۆریستەکان‌و ئاشکرابوونی ڕۆڵی ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران لە تیرۆری ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ دا کۆماری ئیسلامی بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵی داوە لەگەڵ دەوڵەتی ئەڵمان بکەوێتە ساتوسەودا بۆ ئەوەی تیرۆریستەکان ڕزگار بکاو، بەرپرسایەتیی تیرۆرەکە نەخرێتە سەر ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە. دوای ئەوەش کە بە پێشنیاری ساتو سەوداو بە هەڕەشە، نەی توانی ڕەوتی کاری دادگای بێرلین بگۆڕێ، بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵی ئازادبوونی کازم دارابیی داوە. گرتنی چەند کەسی ئەڵمانی بە بیانووی جیاوازو، بەستنەوەی ئازادیی ئەوان بە ئازاد کرانی دارابی لەلایەن ئەڵمانەوە بەشێک لەو هەوڵانە بووە. ئەو پێوەندییەش کە ناوەندە سیاسی‌و خەبەرییەکانی جیهان لەنێوان ئازادیی کازم دارابی‌و، درانەوەی چەند تەرمێک بە حیزبوڵڵای لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوەو، ئەگەری خرانە ڕووی هێندێک زانیاری لەبارەی "ڕۆن ئاراد" فڕۆکەوانی ئیسرائیلی لەلایەن ئێرانەوە، دەی بینن و ئەم ڕۆژانە بە گەرمی باسی لێوەدەکرێ، گومانی ئەوە بەهێز دەکا کە جارێکی دیکە حەق‌و حەقیقەت‌و دادپەروەری‌و خوێنی بەناحەق ڕژاوی گەورە تێکۆشەرانی ڕێگای دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ بکرێتە قوربانیی ساتو سەودای سیاسی. دەزگای قەزایی ئەڵمان کە بە شێلگیربوون لەسەر پەروەندەی تیرۆری میکونووس‌و ڕاگەیاندنی حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین، شانازییەکی گەورەو ئیعتیبارێکی نێونەتەوەیی بۆ ئەو وڵاتە تۆمار کرد، بە ئازادکردنی ڕێکخەری سەرەکیی ئەم تیرۆرە، دەبێتە هۆی نیگەرانی‌و بێزاریی ئۆگرانی دادپەروەری‌و قوربانیانی تیرۆریزم‌و، زیان بە ناوبانگ‌و ئیعتیباری خۆی دەگەیەنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئازاد کردنی بکوژانی ڕێبەران‌و تێکۆشەرانی خۆی لەلایەن دەوڵەتی ئەڵمانەوە لەژێر هەر ناوێک دا بێ، بە ناڕەواو نەگونجاو لەگەڵ دادپەروەری‌و سیاسەتی دژایەتی لەگەڵ تیرۆریزم‌و یاغیگەریی نێونەتەوەیی دەزانێ. هەر لەم پێوەندییەش دا، داوا لە هەموو حیزب‌و ڕێکخراوو ناوەندو بنیات‌و کەسایەتی یە مرۆڤدۆست‌و عەداڵەتخوازەکان دەکا دژی ئەم هەنگاوەی ئەڵمان دەنگ هەڵ بڕن‌و، هەوڵەکانی خۆیان بۆ گوشار خستنە سەر دەوڵەتانی پێوەندیدار بە مەبەستی خستنە ڕووی پەروەندەی تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی‌و دەرکردنی بڕیاری عادڵانەو بەدوور لە گوشارو تەون‌و بەستی سیاسی، چڕو پڕ بکەنەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان ئازاد کردنی بکوژانی ڕێبەران‌و تێکۆشەرانی خۆی لەلایەن دەوڵەتی ئەڵمانەوە لەژێر هەر ناوێک دا بێ، بە ناڕەواو نەگونجاو لەگەڵ داد پەروەری‌و سیاسەتی دژایەتی لەگەڵ تیرۆریزم‌و یاغیگەریی نێونەتەوەیی دەزانێ.**

حیزبی دێموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

٢٨ی ڕەزبەری ١٣٨٦

٢٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٧

# مەجالێکی کەم‌و ئەرکێکی زۆر

هێمن سەیدی

دە مانگی دژوار، بەڵام پڕ دەسکەوتمان تێپەڕاند. دە مانگێک کە پڕ بوو لە نیگەرانی‌و هیوا، پڕ بوو لە ترس‌و شادی، گریانی لێکدابران‌و ئاواتی نوێ بوونەوەو یەکگرتنەوەیەکی بەرفراوان، بەرفراوان تر لە جاران. دڵسارد بوونەوەی هێندێک کەس لە حیزب‌و وەجموجۆڵ کەوتنەوەی هێندێکی تر کە لە ساڵانی پێشوو لە حیزب دڵساردو بێ هیوا ببوون. لەو ماوەیەدا پێکهاتەی حیزب ئاڵوگۆڕێکی بە خۆیەوە بینی، دەستەی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی دامەزرا، پیرانی بیر گەنج‌و گەنجانی بە ئەزموون هاتنە مەیدان. ئەرک‌و بەرپرسایەتیی گرنگ بە تازە پێگەیشتوانی بیر ئاوەڵا سپێردرا، ڕاگەیاندنی حیزب لە ئەدەبیات‌و لە ناوەڕۆک دا گۆڕانکاریی تێدا کرا. تەلەویزیۆنێکی جیدی بە بنەماڵەی تەلەویزیۆنی کوردی ئیزافە بوو. کەمپی دەفتەری سیاسی شاهیدی دەیان کۆڕو کۆبوونەوەو سمینارو فێستیڤاڵی پڕ ناوەڕۆک بوو کە زۆربەیان چاوخشاندن لە ڕابردووو دارشتنی دا هاتووی لە خۆی دەگرت. کومیتەکانی ئورووپا سەر لە نوێ چالاک بوونەوە. پێوەندی دەگەڵ حیزبەکانی تر گەیشتە قۆناغێکی نوێ‌و پێشکەوتووو زۆر ئاڵوگۆری دیکە.

بەڵام کاتێک دەڕوانینە چاوەڕوانی‌یەکان، هەست دەکەین ئێستاش یەک لە دەی ئەو کارانەی دەبێ بکرێن، نەکراون. بە تایبەت ئەو کارانەی کە دەبێ بەر لە کۆنگرەی ١٤ بکرێن. من لەو مەجالەدا باس لەو کارانە ناکەم کە دەبێ بکرێن. لەو بوارەدا قسە زۆر کراوەو چەند تیم‌و گرووپیش ئەرکی پێویستیان بۆ ئەنجام دانی ئەم کارانە پێ سپێردراوە. دەمهەوێ ئەو کارانەی کە نابێ بیانکەین شی کەمەوە: هێندێک کارو چالاکی هەن کە لەم قۆناغە دا تەنیا کات‌و توانامان بە فیرۆ دەدەن.

نابێ لە داوی هیچ پێشبرکێیەکی ڕەوانی‌و تەبلیغی بکەوین. نابێ خۆمان خەریکی "وەڵام دانەوە"و "ڕاستکردنەوە"و هەلوەشانەوەی" پیلان "چەواشەکاری" کەین. بە تایبەت ئەو قسانەی کە قەت کۆن نابن‌و هەمیشە مەجالی باس‌و مناقشەیان هەیە. نابێ مێشکی ماندووی خەڵک، ماندوو تر بەکەین‌و متمانەمان بە شعوورو ئاگاهی جەماوەر هەبێ. لە دنیای ئەمڕۆدا وتووێژ لە تەلەفیزیۆنێکی یەک جەمسەری‌و ڕوونکردنەوەی پێشتر زەبت کراوو پرسیاری پێشتر دارێژ راو کەڵک وەرگرتن لە هەواڵ نێری سەربەخۆت (نە سەربەخۆ)و بە بێ بەڵگەو دەلیل قسە کردنی، لە لای خەڵک کۆن‌و سواوەو هیچ ئاکامێکی نابێ. جواب دانەوە بەو چەشنە بەرنامانەش کەوتنە ناو داوی بێزار کردنی خەڵکە، جگە لەوەش تووش بوون بە کێشە گەلێکی نەخوازراوی دیکەیە کە نە خەڵک پێی خۆشەو نە لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کورد دا دەبێ.

دەبێ وەعدو بەڵێنی دوور لەتواناو ئیستیعدادمان بە خەڵک نەدەین. کۆنگرەی ١٤ گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام دوایین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان نابێ. دوای کۆنگرەش دیسان مەجال بۆ چاکسازی‌و گۆڕانکاری دەبێ. نابێ لە پێناو پرۆگرام دارشتن دا وا خۆمان ڕێک بکوشین کە توانامان بۆ ئەنجام دانی پەسند کراوەکانمان نەمێنێ.

نابێ لە پێناسە کردنی چەمک گەلێکی وەک تاک‌و گرووپ، گەنج، خوێندەوار، نوێ بوونەوە، نوێ کردنەوە.... پەلە بکرێت.

نابێ لە داوی دەستەواژەی سەرنج ڕاکێشی "گۆڕانی بنەڕەتی"بکەوین. گۆڕان پێویستە. بەڵام گۆڕانی بنەڕەتی بۆ ڕێکخراوێکی دۆراوو وێران گرنگە کە هیچ کات گۆڕانی لە خۆی دا نەدیوە. نەک بۆ حیزبێکی خاوەن دەیان ئەزموونی گۆڕان لە ڕابردووی خۆیدا. حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەردەوام لە گۆڕان دا بووە بۆیە گۆڕانی ئەمجارەش ڕاپەرین نیە بەڵکوو لە درێژەی گۆڕانەکانی ڕابردوو دا دەبێ، ئەگەر حیزب تەنیا بە ئاییننامەو پێڕەوی ناوخۆی دا بێتەوە، بەڕێوە بەرییەکی بەهرەمەند لە گەنجان‌و ژنانی پسپۆڕو بە ئەزموون هەڵبژێردرێ. سکرتێرێکی خوێندەوارو دیپلۆمات‌و خاوەن فکری سیاسی دیاری بکا، چالاکانی ئورووپای خۆی لە بەڕێوەبەرایەتی وەرداو بیانکاتە خاوەن لۆبی، ئەوە بۆ خۆی بۆ گۆڕانەکانی ئەم قۆناغەی، دەسکەوتێکی مەزنە.

نابێ کەش‌و هەوایەک بخولقێنی کە بەشدار بوون لە کۆنگرە گرنگتر بێ لە سەرکەوتنی کۆنگرە. ئەوە کە بیرو بۆچونی من لە کۆنگرەدا سەرکەوێ، هیچی کەمتر نیە لەوەی کە بۆ خۆم لە کۆنگرە دا بەشدا بم.

زۆربەی حیزبە کوردی‌یەکان پێویستیان بە گۆڕان‌و نوێ بوونەوە هەیە. هێندێ جاریش هەوڵەکانی نوێ بوونەوە بە هۆی پەلە کردن‌و کەم ئەزموونی، بێ ئاکام بوون. بەڵام ئەگەر پرۆژەی نوێ بوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پرۆژەیەکی سەرکەوتوو بێ دەرەنجامە باشەکانی سەرجەم حیزبە کوردی‌یەکان دەگرێتەوەو دیاری‌یەکی بە نرخ دەبێ بۆ بزووتنەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

**ئەگەر پرۆژەی نوێ بوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پرۆژەیەکی سەرکەوتوو بێ، دەرەنجامە باشەکانی سەرجەم حیزبە کوردی‌یەکان دەگرێتەوەو دیاری‌یەکی بە نرخ دەبێ بۆ بزووتنەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.**

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیک لەنێو حیزب‌و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان



## درێژەی لاپەڕەی ١ ڕێزگرتن لە یادی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی

مامۆستا لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی دا باسی لە توانایی‌و لێوەشاوەییەکانی کاک عوسمان کرد کە چۆن لە هەر دەرفەتێکی گونجاو بۆ باشتر بەڕێوەچوون‌و بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی حیزبەکەی کەڵکی وەردەگرت‌و لە دەست چوونی کاک عوسمانی بە خەسارێکی گەورە بۆ حیزب‌و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا.

لە درێژەی کۆڕیادەکەدا کاک کەماڵ کەریمی هاوڕێی سەردەمی منداڵی‌و لاویەتی‌و سەردەمی خەباتی پێشمەرگایەتیی کاک عوسمان باسی لە توانایی‌و تایبەتمەندییە بەرزو مرۆڤانەو شۆڕشگێڕانەکانی کاک عوسمان کردو لە لایەن بنەماڵەی کاک عوسمان ڕەحیمی‌یەوە سوپاسی لە هەموو ئەو کەس‌و لایەنانە کرد کە بە بۆنەی لەدەستدانی کاک عوسمان هاوخەمیان لەگەڵ کردوون.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا سامان ڕەحیمی یەکێك لە یادگارەکانی کاک عوسمان هۆنراوەیەکی بەسۆزی بە ناوی "ڕێگای باوکم" بۆ بەشدارانی کۆڕیادەکە خوێندەوە کە سەرنجی ئامادەبووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

نێوئاخنی بەرنامەی یادی تێکۆشەر کاک عوسمان ڕەحیمی چەند شێعرو پەخشان بوو کە لە لایەن شاعیران کاک ئەحمەد قادری، کاک ڕەسووڵ سوڵتانی، مامۆستا بێبەش خوێندرانەوە. پێویستە بگوترێ چەند سروودیش لە لایەن کۆڕی هونەریی حیزبەوە پێشکێش کران. ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" کۆتایی پێ هات.

## دەستبەسەر کردنی هاووڵاتیانی کورد لە شارەکانی کوردستان

هەواڵنێرانی ڕێکخراوی داکۆکیکاری مافی مرۆڤی کوردستان: هاووڵاتێکی خەڵکی دێوڵان بە ناوی سابیر ڕۆشەنی لە لایەن هێزە ئەمنی‌یەتییەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کرا. ناوبراو پێشتر بە تۆمەتی هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان چوار مانگ زیندانی بۆ بڕابۆوە. هەروەها هاووڵاتێکی ئازەریی خەڵکی نەغەدە بە ناوی سادق موعینی‌زادە لە دوو حەوتوو لەمەوبەرەوە بردراوەتە ئیتلاعات‌و لەو کاتەوە ونە، کە پێدەچێ ئەویش دەستبەسەر کرابێ. هەر لەو پێوەندییەدا نووسەرێکی دیکەی ئازەری بە ناوی عەبباس قوربانی بانگ کراوەتە ئیتیلاعات.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرانی مافی مرۆڤی کوردستان لە چەند مانگی ڕابردوودا نزیك بە ٧٠ کەس لە ماکۆو دەوروبەری گیراون. زۆربەی ئەو کەسانە بە تاوانی پێوەندی لەگەڵ حیزب‌و لایەنە سیاسییە کوردییەکان گیراون. ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە گیرانی جووتیاران‌و هاووڵاتانی ماکۆیی‌و دەستبەسەرکرانی بێهۆیان لە زیندانەکان دەربڕیوەو سەبارەت بە هەڵسوکەوتی گرژو نالەباری هێزەکانی ڕێژیم لەگەڵیان نارەزایەتیی هەیە. ئەو ڕێکخراوەیە وێڕای سەرنج ڕاکێشانی ئۆرگانە ئەمنییەتی‌و دادوەرییەکان بۆ لەبەرچاو گرتنی مافی شارۆمەندیی خەڵك‌و مافی مرۆڤ، داوای لە دەزگا ناوبراوەکان کردوە بە بۆ ڕوونکردنەوەی وەزعییەتی هاووڵاتانی ماکۆیی‌و ئازاد کردنیان هەنگاو بنێن.

## وەرزێڕانی ناوچەکانی مەهابادو بۆکان بەرهەمەکانیان وەرناگیرێ

ماوەیەکە لە نێوان وەرزێڕان‌و کارخانەی قەند لە پارێزگای ورمێ لە ناوچەکانی ئەحمەدی کۆرو ئاڵەشینی بۆکان‌و هەروەها چۆمی مەجید خان، شاروێران‌و شاماتی مەهاباد کێشەیەکی گەورە دروست بووەو بەسەدان هەزار تۆن چەوەندەر لە موچەو مەزرا ماوەتەوە. هۆکاری ئەم کێشەیە ئەوەیە ئەو ساڵ کۆماری ئیسلامی شەکری قامیش (نیشکر) لە وڵاتانی دیکەی ڕا هێناوە کە هەرزانتر لە قەندی چەوەندەری خۆماڵی دەکەوێ. ئێستا وەرزێڕان ناچارن چەوەندەرەکەیان بۆ قەزوێن ڕەوانە بکەن.

## سەرنووسەرو مودیر مەسئوولی "ئاشتی" دووبارە بانگ کرانەوە دادگا

هەواڵنێریی چاوەدێری مافی مرۆڤی کوردستان: دانیشتنی چوارەمی پێراگەیشتن بە تاوانی بارام وەلەدبەیگی‌و بورهان لهۆنی سەرنووسەرو مودیر مەسئوولی حەوتوونامەی داخراوی ئاشتی ڕۆژی ٣٠ی ڕەزبەر لە لقی ١ی دادگای سنە دەست پێدەکا.

**ورمێ:**

### کووژرانی کاسبکارێك لە سەر سنوور

کوردستان‌و کورد: چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە گوندی ئەنبی سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ دوو کەس بەناوەکانی فەرهاد مورادی‌و فەخرەدین پیادە لە کاتی ڕاگواستنی گازوئیل، لەلایەن هێزەکانی ئینتیزامی‌یەوە تەقەیان لێ‌کراو لە ئاکام دا فەرهاد مورادی کوڕی عەبدوڵڵا دەکووژرێ‌و فەخرەدین بەتوندی بریندار دەبێ.

**کرماشان:**

### چالاکیی ئەندامان‌و دۆستانی حیزب لە کرماشان‌و سەلاسی باوەجانی

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارەکانی کرماشان‌و سەلاسی باوەجانی cd، تراکت‌و بڵاوکراوەکانی حیزبیان بە شێوەیەکی بەرین بڵاو کردۆتەوە. ئەو شوێن‌و گەڕەکانەی چالاکییان لێ ئەنجام دراوە بریتی بوون لە:

کرماشان: شەهرەکی دەوڵەت ئاباد، مەیدانی شیرکەت، شەقامی سیروس

سەلاسی باوەجانی: شارۆچکەی ئەنجیر بورس، ئاواییەکانی کانی ڕەش‌و نیوەکار.

### هێزەکانی ئنتیزامی هاتوچۆی خەڵکیان خستۆتە ژێر چاوەدێرییەوە

ماوەیەکە هێزەکانی ڕێژیم لە بازگەکانی دەروازەی شارەکانی جوانڕۆو ڕەوانسەرو پاوەو هەروەها خەتی سەرەکیی دەروازەی شاری کرماشان بەتایبەت دەروازەی قازانچی لێپرسینەوە لە خەڵك دەکەن‌و داوای کارتی پێناسیان لێ‌دەکەن.

ئەو کارەی ڕێژیم کە بە بیانووی حەوتووی هێزی ئینتیزامی بەڕێوەدەچێ، هاتوچۆی لە نێوان کرماشان‌و شارەکانی دەوروبەری‌دا تووشی دۆخێکی نائاسایی کردوە.

### دوو مەلای ئاییینی گیراو بۆ زیندانی دیزڵ ئاباد گوێزرانەوە

دوو مەلای ئاییینی بەناوەکانی مامۆستا حوسێن حوسێنی‌و مەلا سەیفوڵڵا حوسێنی خەڵکی جوانڕۆ کە ماوەیەك لەوەپێش دەسبەسەر کرابوون، گوێزراونەتەوە بۆ زیندانی دیزڵ ئابادی کرماشان.

**پیرانشار:**

### هێزەکانی ڕێژیم کاسبکارێکی دیکەیان کوشت

ڕێکەوتی ١٥ی ڕەزبەر، دەستەیەك کاسبکار لەسەر سنووری پیرانشار لە شوێنێك بە ناوی شینکێ دەکەونە بۆسەی جاش‌و پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوەو لە ئاکامی دەسترێژی هێزەکان دا کاسبکارێك بە ناوی سەید قادری قورەیشی کوڕی سەید برایم خەڵکی دۆڵە گوێزان بە سەختی بریندار دەبێ‌و ڕادەگوێزرێتە نەخۆشخانە. بەڵام ناوبراو بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دا.

**سەقز:**

### بەکرێگیراوێکی ڕێژیم کوژرا

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٨٦/٧/١١ ماشێنێکی هەڵگری باری مۆبایل لە گەردنەی مەحموودئاوای سەقز کەوتە کەمینی هێزەکانی ئینتیزامیی ڕێژیمەوەو تەقەی لێ کرا، لە ئاکام دا ماشێنەکە سووتاو شۆفێرەکەشی کوژرا.

شایانی باسە شۆفێری ئەو ماشێنە کۆنە جاشێکی ڕێژیم بوو بە ناوی فایەق حوسێنی کوڕی سەعید ناسراو بە فایەقی سەعی خانم ناز.

**دێولان:**

### ئاگر کەوتنەوە لە دارستانەکانی کوردستان درێژەی هەیە

بەپێی هەواڵی گەیشتوو دارو دەوەنی کێوەکانی ناوچەکانی "شەیدا"، "حەفسواران" و تەپۆڵکەو هەروەها بەرزاییەکانی "خەرزە" ، " قورچم" ، " بایە" ، " قەڵا پۆڵا" ، " بەلەدەستی" ، " ئەسڵەمەرز" ، "کانی شاقولی" ، " زاخە" ، " چەخماخەرە"و بەگشتی زۆربەی شوێنەوارە سروشتی‌یەکانی ناوچەی لەیلاخی دێولان لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە ئاگری تێ‌بەردراوە.

پێویستە بگوترێ ماوەیەکە لە چەندین ناوچەی کوردستان دارستانەکان ئاگریان تێبەردراوەو بەرپرسانی ڕێژیم هیچ هەنگاوێکیان بۆ کوژاندنەوەی هەڵنەهێناوەتەوە.

**سنە:**

### دەستبەسەر کرانی هاووڵاتیانی سنەیی لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە

ڕێکەوتی ١٧ی ڕەزبەر لە شاری سنە دوو کەس بە ناوەکانی ڕووناك سەفارزادە ئەندامی ڕێکخراوی ژنانی ئازەرمێهرو ئەندامی کەمپەینی ١ میلیۆن واژۆ بۆ داکۆکی لە مافی ژنان‌و هەروەها فەردین مورادی شاخەوان لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کران.

### دەسرێژی چەکدارانی نەناسراو لە هێزەکانی ڕێژیم

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨ ڕەزبەر، لە شەقامی کانی کوزەلەی شاری سنە ماشێنێکی نەناسراوی جۆری پەیکان پیژۆ دەسرێژی لە کیوسکێکی هێزی ئینتیزامی کردو لە ئاکامی ئەو دەسرێژەدا دوو کەس لە هێزەکانی ڕێژیم بە سەختی بریندار بوون.

### چالاکێکی بواری کرێکاری کەوتە بەر گوللەی کەسانی نەناسراو

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٦ی ڕەزبەر کەسێك بەناوی مەجید حەمیدی تەمەن ٤٥ ساڵە لە شەقامی شەریفاوای شاری سنە لە کاتی چوونە سەر کاردا لەلایەن ٢ ماتۆر سواری نەناسراوەوە دراوەتە بەر گوللەو بە سەختی بریندار بووە. ناوبراو چالاکێکی بواری کرێکاری‌یەو لە دەیەی ٦٠دا نزیك ٧ ساڵ لە زیندان دا بووەو ئێستاش ئەندامی کۆمیتەی هەماهەنگیی کرێکاران لە شاری سنەیە. پێویستە بگوترێ ناوبراو بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە بۆ نەخۆشخانەکانی تاران بەڕێ کراوە.

**بۆکان:**

### مانۆڕێك لەلایەن تاقمی بەسیجی شاری بۆکانەوە

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٨٦/٧/٢٨ بەسیجی‌یەکانی شاری بۆکان لەلایەن سوپای پاسدارانی ئەو شارەوە بۆ بەڕێوەبردنی مانۆڕێك بردراونەتە دەوروبەری شاری نەغەدەو پیرانشارو ورمێ.

پێویستە بگوترێ ئەو مانۆرە بۆ ماوەی ٣ ڕۆژە درێژە دەکێشێ.

### کۆچی دوایی ئەندامێکی حیزب

ماوەیەك لەوەپێش ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ناوی سەعید لەشکری کوری ڕەسوول لە دایك بووی ١٣٣٧ی هەتاوی بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کردوە. هاوڕێ سەعید لە ساڵی ١٣٣٧ لە ئاوایی حەساربلاغی سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە دایك بوو. سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کاك سەعیدو خەڵکی ناوچەی بۆکان دەکەین.

**شنۆ:**

### دۆزرانەوەی تەرمی منداڵێکی تەمەن ٦ ساڵە

پاش سێ حەوتوو لە بێ سەروشوێن بوونی منداڵێکی تەمەن ٦ ساڵە کوڕی سەعیدی مەلا مستەفای دوو تفەنگە، شەوی ٢١ ڕەزبەر تەرمی ناوبراو لە "باوە سوور"ی شنۆ دۆزرایەوە.

### کۆچی دوایی ئەندامێکی لەمێژینەی حیزب

ڕۆژی ٢شەممە ڕێکەوتی ١٣٨٦/٧/٢٣ ئەندامێکی لە مێژینەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە ناوی حەسەن شوجاعی خەڵکی شنۆ بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. ناوبراو پیاوێکی نیشتمانپەروەر و حیزب دۆست بوو و کوڕێکیشی بە ناوی سەمەد شوجاعی ساڵی ١٣٦١ لە زیندانی دەریای ورمێ بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبی دێمۆکرات لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی دیکە ئێعدام کرا.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی نیشتمانپەروەری کاك حەسەن و هەموو خەڵکی شنۆ دەکەین.

### کوژرانی ٤ کەس لەم شارەدا

ڕۆژی سێ شەممە تەرمی ٤ کەس کە بە تفەنگ لێیان درابوو دیترانەوە، دوای ئەوەی کە تەرمەکانیان بردرانە پزیشکی قانونی دەرکەوت کە ١٠ هەتا ١٤ ڕۆژ دەبێ ئەوانە کوژراون. ناوی کوژراوەکان بریتین لە:

١ـ سەعدون ئەحمەدیان کوڕی عوسمان، ٢ـ ئەمیر زەبیحی کوڕی محەمەد، ٣ـ مەنوچێهر لاوە زڕبرای سەعدون، ٤ـ ئەبوبەکر مەعروفی کوڕی لەتیفە زەختەی.

ئەو ٤ کەسە موعتاد بە مادە سڕکەرەکان ببوون‌و گۆیا تەزریقاتی مۆرفین‌و مەسرەفی کریستاڵیان دەکرد کە مەترسیدارترین مادەیە. ناوبراوان لە گەڵی لە باغی مەحمود زادە کوژراون. پێویستە بگوترێ تاقمێك بە ناوی هێزی گەل بەیاننامەیەکی دەرکردوەو گۆیا ئەم کردەوەیەی وەئەستۆ گرتوە. ئەو تاقمە لە سەرەتای مانگی خەرمانانیش بەیاننامەیەکیان دەرکردبوو.

### ئەندامێکی حیزب بەهۆی پێکدادانی ماشین گیانی لە دەست دا

ڕۆژی هەینی ١٣٨٦/٧/٢٧ لە سەر ڕێگای شنۆ بۆ گوندی شێخان لە ئاکامی خۆپێکدادانی ماشێنێك‌و موتۆرسیکلێتێك دا کەسێك بە ناوی سابیر سەیدا تەمەن ٢٦ ساڵ خەڵکی گوندی شێخان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیانی لەدەست داوەو کەسێکیش بریندار بووە. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سابیر سەیداو هەموو خەڵکی شنۆ دەکەین.

**مەهاباد:**

### کۆنەجاشەکان لەمەوبەدوا مادە هۆشبەرەکان بڵاودەکەنەوە

ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد لە بڕیارێکی نوێ‌دا کۆنەجاشەکانی خانەنشین کردوەو ڕایسپاردون کە لەوە بەدوا وەکوو ئەرکی جاشایەتی دەست بکەن بە بڵاو کرانەوەی مادە هۆشبەرەکان لە ناو شارداو بە تایبەت لە ناو لاوان دا.

هەر بە گوێرەی ئەم هەواڵانە ئیدارەی ئیتلاعات بەڵێنی بە کۆنەجاشەکان داوە کەلە بەرامبەردا پشتیوانیان لێ دەکاو جگە لە مووچەی خانەنشینیی ئیتلاعات، مووچەی زیادییان دەداتێ‌و مادە هۆشبەرەکانیان بۆ دابین دەکا.

## وڵامی وەزارەت بۆ کاروباری ئورووپا و نێونەتەوەیی بە نامەی بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئوتریش

بەڕێز دوکتۆر عەلی مازووچی!

نوسراوەی بەڕێزتان بە ڕێکەوتی ٢٤ مانگی ٧ ی ٢٠٠٧ کە بۆ بەڕێز سەرۆک کۆماری ئوتریشت ناردبوو و لە ودا باسی خەراپی مافی مرۆڤ لە ئێران بەگشتی و لە ناوچە کوردنشینیەکانت بە تایبەتی کردبوو، لە لایەن سکرتاریای سەرۆک کۆمارەوە بۆ ئێمە وەک بەشی پەیوەندیدار بەم کار بۆ جواب دانەوەی نێردرا.

وزعیەتی مافی مرۆڤ لە ئێران خاڵێکی هەرەگرنگی جێگای سرنجی ئێمەیە لە وەزارەت بۆ کاروباری ئۆرۆپا ونێونەتەوەی، لە و بەینەشدا بە تایبەتی داسەپاندنی حوکمی ئیعدام و وەبەر چاونەگرتنی حەق وحقوقی کەمینەنەتوایەتیەکان خاڵی هەرە زەقی سەرنج ڕاکێشەرمانن. لە کاتی سەرۆکایەتی یەکیەتی ئۆرۆپا دا لە ساڵی ٢٠٠٦ دا ئوتریش هەنگاوی پێویستی نا بۆ دوبارە دیالۆگی دروست و داڕێژراو لە بەینی ئێران و ئۆرۆپادا بۆ ئەوەی بە شیوەیەکی سیستماتیکی ودروست ئەم پرسە گرینگەی مافی مرۆڤ بێنینە بەرباس، بەڵام بە داخەوە ئێران ئامادە نەبوو. لە کاتێکی وەهادا کە حکومەتەکان ئامادەی دیالۆگ لەسەر ئەم پرسە گرینگانە نین، ئێمە و دۆستەکانی ناو یەکیەتی ئۆرۆپا نەزەری خۆمانیان لە ڕێگای دیپلۆماتەکانیانەوەو هەروەها ڕاگەیاندراوی ئاشکرا پێڕادەگەیەنین، ئوتریش لەو بەینەدا پێداگری بەتایبەتی لە سەر پێشێلکردنی مافی کەمینە نەتەوەکان و حوکمی ئیعدامە.

یەکیەتی ئۆرپا بە تێکڕای و هەروەها یەک یەکی وڵاتانی ئەندامی ئەم یەکیەتیە کە ئوتریشیش دەگرێتە خۆی، هەموی ئەم پێشێلکاریانە لە گەل کاربەدەستانی ئێران دا باسی دەکەن. هەروا ماوەیەکی کورت لە مەوبەر کاربەدەستی ئێرانی لەوییەن پایتەختی ئوتریش بانگ هێشتن کرا و نارەحەتی زۆری خۆمان لە ژمارەی زۆری ئەم روداوە پێشێلکاریانەی کە کراونەتە سەر مافی مرۆڤەکان لەم وڵاتەدا، هەروەها زیادکردنی توندوتیژیەکان لە ناوچە کوردنشینیەکانی ئەم وڵاتەدا خستە بەر دەم . وێڕای دڵنیای کردنەوەتان لە وەی کە ئوتریش هەروا بۆ باشتر بوونی مافی مرۆڤ لە ئێراندا شێلگیرانە هەوڵ دەدات، سوپاسیشتان دەکەم بۆ ئەم ماندوبون و دەستخۆشیتان پێ دەڵیم.

لە گەل ڕێزو سلاو

ئێنگلبێرت تۆیەرمان لێپرسراوی بەشی مافی مرۆڤ لە وەزارەت بۆ کاروباری ئۆرۆپا و نێونەتەوەیی _ ٢ ئۆکتۆبری ٢٠٠٧

## سەردانی نوێنەری حیزب لە حیزبی کرێکارانی ئوسترالیا لە برێزبێن

ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/١١ کاک سەلاح پوورئەسەد بەرپرسی پێوەندییە گشتیەکانی حیزب لە ئەیالەتی کوینزلەند لە ئوسترالیا سەردانی دەفتەری حیزبی کریکارانی ئوسترالیا لە شاری بریزبێن کرد و لە لایەن بەڕێز گراهام پیرێت پاڵێوراوی حیزبی کرێکاران بۆ پارلمانی ئوسترالیا پێشوازێکی گەرمی لێکرا.

مەبەست لەم سەردانەی ئەم جارەی کاک سەلاح لە حیزبی کرێکارانی ئوسترالیا ئەوە بوو کە بە ڕەسمی سوپاسی حیزب بگەیەنێ بە سەرۆکی ئەم پارتە بەڕیز کێڤن ڕاد لەم مەڕ لێدوانی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردووی دا کە گوتبوی ئەگەر :حیزبی کرێکاران لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایانەی ئوسترالیا دا سەرکەوێ ئەوە کارێک دەکا کە سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران ئاغای ئەحمەدی نژاد بدرێتە دادگای نێو دەوڵەتی . کاک سەلاح وێڕای سوپاسێکی گەرم لەم لێدوانانەی بەڕیز کێڤن ڕاد، باسێکی تێر و تەسەلی لە سەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران پێشکەش بە بەڕێز گراهام پیرێت کرد.

بەڕێز گراهام پیرێت وێڕای سوپاس لە نوێنەری حیزب لەم سەردانە باسێکی لە سەر بەرنامەی داهاتووی حیزبی کرێکارانی ئوسترالیا لە باری ناوخۆو دەرەوە دا پێشکەش بە کاک سەلاح کرد. لە تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکە دا کاک سەلاح لە سەر وەزعی نالەباری پەنابەرانی کورد لە تورکیە ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە بەڕێز گراهام کرد و ئەویش قەولی دا ئەگەر هاتوو لە داهاتوو دا هەڵبژێردرێت ئەوە ڕێگا چارەی گونجاو بۆ کێشەی پەنابەرانی کورد بدۆزنەوە. لە کۆتایی دا هەردووک لا بەڵێنیاندا کە ئەم دانیشتنانە لە داهاتووش دا هەر وا بەردەوام بن. ڕاپرسێکانی ئوسترالیا وادەردەخەن کە حیزبی کرێکارانی ئوسترالیا ئیمکانی زۆرە کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایانەی ئوسترالیا دا سەرکەوتن وەدەست بێنێت.

کومیتەی برێزبێنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ئوسترالیا

# وتووێژی بڵاو کراوەی ئینتێرنێتیی "تلاش" لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە

و: بێژان



تلاش: بەڕێز حەسەن زادە بەر لە هێنانە گۆڕی هەر پرسیارێك دەبێ بڵێم ئێمە ماوەیەکی تا ڕادەیەك زۆرە دەمانەوێ پێوەندیت پێوەبکەین‌و وتووێژێکت لەگەڵ دا پێك بێنین. لە ڕاستی‌دا هەر دوای تێرۆر کرانی نەمر شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی کە ئێوە بۆ ماوەیەك بەرپرسایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانتان - ئەگەر بە هەڵە نەچووبم‌و زانیاری‌یەکانم ڕاست بن - بە ئەستۆوە گرتبوو ئێستا کە سەرەنجام دوای ئەو چەندین ساڵە ئەم دەرفەتە پێك هاتوە، ئێران چ لە ڕووی نێوخۆ چ لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا لە هەلومەرجێکی تا بڵێی ئاستەم‌و ئاڵۆز دایە. یەك لەوان هەڕەشەی هێرشی نیزامی کە ئاکامی زۆر ناڕوون‌و نادیاری بۆ وڵاتەکەمان بەدواوە دەبێ.

لە سەر هەست بوونی جیهان لە بارەی هەوڵە ناوکی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌و هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ قەیران خوڵقێنی‌یە بەردەوامەکانی لە ناوچەدا، بە تایبەتی لە وڵاتی عێراق دا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕەوتێکی خێراتر بەخۆیەوە دەگرێ. هێندێك لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان بە دەرك کردنی ئەم حەساسیەتە زۆرە هێرشی نیزامی بۆ سەر خاکی ئێران، ڕێگەی لە نێوبردنی ئەم هۆکارە قەیران خوڵقێنە دەزانن. بۆچوونی ئێوە کە چەندین ساڵە لە دژی ئەم ڕێژیمە خەبات دەکەن، لە بارەی هێرشێکی ئەوتۆ بۆ سەر ئێران‌و ئاکامەکانی چیە؟

حەسەن زادە: ئەوە کە هەم کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە نێوخۆی وڵات‌و هەم نەتەوەکان، دەوڵەتەکان، کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌کەیان‌و بەگشتی بیرورای گشتی لە جیهان دا لە ئاژاوە نانەوە، پێشێل کردنی قانوون‌و قەیران خوڵقێنی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەو لە ئاستی جیهان دا جاڕز بوون قسەی تێدا نیە. بەڵام ئەوە کە هێرشی ئیحتیمالیی هێزە گەورەکان بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لە داهاتوویەکی نزیك دا ڕوو دەدا یان نا، ئەمن بۆ خۆم پێم وایە هەرچەند کاربەدەستانی ڕێژیم بەتایبەتی سەرکۆمارە دڵخوازەکەیان مەحموودی ئەحمەدی نژاد بە هەڵسوکەوت‌و قسەی نا مەسئوولانەی خۆی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کێشەی نێوان ئێران‌و دنیای دەرەوە قووڵتر دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێرشی نیزامیی دەرەوە بۆ سەر ئێران بەتایبەتی لە جۆری ئەو هێرشەی بۆ سەر ئەفغانستان‌و عێراق کرا بە نزیك نازانم. چونکە هەلومەرجی ڕێبەرایەتیی ئەمریکا کە هەم لە ئەفغانستان‌و هەم بەتایبەتی لە عێراق دا لەگەڵ بارودۆخێکی دژوار بەرەورووبە ڕێگەی پێنادا هەروا بە ئاسانی جەبهەیەکی نوێ بەو پان‌و بەرینی‌یەی ئێران بکاتەوە. ئەمن پێم وایە پاڵەوان بازی‌و هەڕوگێفەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم‌و ئاژاوە نانەوەی هێزە نیزامی‌یەکانی ئێران لە ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستانی عێراقیش دا لەو بۆچوونەوە سەرچاوە دەگرێ. هەمووومان لە بیرمانە هێرشی نیزامیی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان‌و عێراق لە گەیشتن بە ئامانجە کورتخایەنەکانی دا کە بریتی بوو لە ڕووخاندنی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی تاڵیبان‌و بەعسی‌یەکان ڕەنگە زۆرتر لەوە کە پێش بینی کرابوو سەرکەوتنی وەدەست هێنا. بەڵام دوای تێپەرینی شەش ساڵ لە هێرش بۆ سەر ئەفغانستان‌و چوار ساڵ لە هێرش بۆ سەر عێراق ئێستا ئاسۆی کۆتایی هاتنی شەڕ لەگەڵ پاشماوەکانی ئەو دوو دەسەڵاتە دیکتاتۆرەو دوژمنە جۆراوجۆرەکانی دێموکراسی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لێڵ‌و ناڕوونە کە وابوو ئاکامەکانی هێرشێکی بەربڵاوی نیزامی بۆ سەر ئێران نەك هەر بۆ ئێران بەڵکوو بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشی چاوەڕوان نەکراو نیگەرانی خوڵقێنە.

هەر بۆیە ئەمن ئارەزوو دەکەم خەڵکی ئێران بە هەموو جۆراوجۆری‌یە نەتەوەیی چینایەتی، کۆمەڵایەتی‌و ئایینی‌و مەزهەبی‌یەکانیانەوە دەستی هاوکاری بدەنە دەستی یەکترو بەر لەوەی ئاژاوە گێڕی‌یەکانی ئەحمەدی‌نەژادو کاربەدەستانی دیکەی ڕێژیمی ئیسلامی، ئێران تووشی کارەساتێك بکا سێبەری ئەم ڕێژیمە دژی گەلی‌یە لە سەر خۆیان لابەرن. لەم ڕێگەیەش دا دەبێ بە پێی هەلومەرج لە هەموو شێوە مەشرووعەکانی خەبات‌و هەرچەشنە هۆیەکی لەبار کەڵك وەربگرن، تەنیا هاودڵی‌و یەکگرتوویی خەباتی گەلان‌و چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێرانە کە دەتوانێ پێش بە خوڵقانی کارەساتێکیماڵوێرانکەر بگرێ‌و ڕێگە بۆ بنیاتنانی ئێرانێکی نوێ خۆش بکا کە هەموو ئێرانی‌یەکان بە ماف‌و ئەرکی وەك یەکەوە بتوانن لە ژێر سێبەری دا بحەسێنەوەو بۆ پێشخستن‌و گەشە پێدانی هەوڵ بدەن.

لە کۆتایی دا پێم خۆشە ئیشارە بەوەش بکەم کە هەرچەند ئارەزوو ناکەم نە ئێران‌و نە هیچ وڵاتێکی دیکە تووشی شەڕو کوشتارو وێرانی بێ، بەڵام هەرکات لە ئاکامی ئاژاوەگێڕی‌و قەیران خوڵقێنی‌یەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەوێتە بەر هێرشی نیزامیی هێزەکانی دەرەوە، نابێ گەلانی ئێران ڕۆڵەکانیان بۆ دیفاع لەو ڕێژیمە دژی گەلی‌یە تووشی مەرگو نەمان بکەن. ئێرانی‌یەکان لە هەر نەتەوەو چین‌و توێژێك بن، دەبێ حسێبی ئێران‌و حسێبی کۆماری ئیسلامی جوێ بکەنەوەو لە جیاتی دیفاع لە دەسەڵات هەوڵ بدەن بە کەڵك وەرگرتن لە دەرفەتێك کە دێتە پێش، بەر لەوەی ئێران وێران بکرێ ئەو کۆسپە لەمێژینەیەی سەر ڕێگەی ئازادی‌و دێموکراسی‌و گەشە کردن لە وڵاتدا لە سەر ڕێی خۆیان وەلا بەرن.

تلاش: ئەگەرچی ئەوەی ئێوە پێتان وایە هێرشی نیزامی ناکرێتە سەر ئێران بەڵام کۆڕو کۆمەڵی بێ‌لایەنی نێونەتەوەیی بەردەوام باس لە بوونی ئەو مەترسی‌یە دەکەن. هەروەها دەوڵەتانی بەهێزی نەمرۆ، وڵاتانی ڕۆژئاوا - تەنانەت دەوڵەتی ئاڵمان کە هەمیشە لەو بارەیەوەخۆی دوور ڕادەگرت - گومانیان لە پێویستیی ئاوەڵا هێشتنەوەی ڕێگە چارەی نیزامی لە دژی ئێران دا نیە تا ئەو کاتەی حکوومەتی ئیسلامی لە بەرامبەر داخوازەکانیان دا نەرمی لە خۆی نیشان دەداو بە گوێرەی پێویست خۆ لە باس کردنی ئەم هەڕەشەیە نەپارێزێ. کەوا بوو عەقڵ‌و مەنتیقی سیاسی وا حوکم دەکا کە ئەم مەترسی‌و هەڕەشانە بە جیددی بگیرێن. هەروەك - بە بۆچوونی ئێمە - لە لایەن بەشێکی زۆری هێزە نەیارەکانی حکوومەتی ئیسلامییشەوە ئەم مەسەلەیە بە جیددی سەیری دەکرێ.

بەڵام گیرو گرفت لەوە دایە کە هێندێك گرووپی سیاسی خۆیان بۆ ڕوودانی هێرشێك ئامادە دەکەن. ئەمانە لە ئارەزووی گەیشتن بە مەبەستەکانیان دا هێرشی بێگانە بۆسەر وڵات وەك دەرفەتێکی لەبار لە خێرا کردنی هەلومەرجی گەیشتن بەو مەبەستانە دەبینن. لەو بابەتانەی لە میدیای ئێرانی‌یەکانی دەرەوەی وڵات دا بڵاو دەبنەوە دەردەکەوێ کە تەنانەت هێندێکیان بێ هیچ پێچو پەنایەك باس لە هاندانی ئەمریکایی‌یەکان بۆ هێرش کردنە سەر ئێران دەکەن.

ئایا پێتان وا نیە ئەگەر ئەو هێرشە روو بدا، - ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراق‌و ئەفغانستاندا دەی‌بینین بەڵگەن - ئاکامە ناخۆشەکانی بۆ خەڵکی ئێران، لە ڕوانگەی ئەم خەڵکەوە، ئەو هێزانەی ئەمڕۆ بە ئاشکراو بە نهێنی لایەنگری لەو هێرشە دەکەن بەر لەوەی وەك نەیاری کۆماری ئیسلامی سەیریان بکرێ، دەکەونە بەرەی دوژمنانی نەتەوەی ئێرانەوە؟

حەسەن زادە: ئەگەر سەرنجتان دابێتێ ئەمن لە وەڵامی یەکەم پرسیارتان دا ئیحتمالی هێرشی دەرەوەم بۆ سەر ڕێژیم ڕەت نەکردۆتەوە. بۆچوونی من ئەوە بووە کە لە هەلومەرجی ئێستادا ڕوودانی هێرشێکی ئەوتۆ بە تایبەتی لە جۆری هێرشێك کە بۆ سەر ئەفغانستان‌و عێراق کرا بە دوور دەزانم. ئێستاش سەرەرای هەڵوێستی بەردەوامی کاربەدستە ڕەسمی‌یەکانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان پێم وایە هێرشی نیزامی دوایین ڕێگەیە. چونکە مەنتیق‌و عەقڵی سەلیم وا حوکم دەکەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە هەلومەرجی ئێستا دا لە کردنەوەی جەبهەیەکی نوێ خۆ بپارێزن.

پێم وایە شتێکی سروشتی‌یە کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا هەموو ئەگەرەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئاژاوەگێری‌یەکانی کۆماری ئیسلامی وەبەر چاو بگرن، چونکە بۆ ئەو دەسەڵاتدارانەی سەبارەت بە پاراستنی ڕێژیم ئامادەن دەست بۆهەر جینایەتێك بەرن، هەڕەشەی هێرشی نیزامی دەتوانێ تەنیا هەرەشەیەکی پێش پێگیرانەوە بێ. ئەمن بۆ خۆم پێم وایە بریارنامەی تەحریمی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر چەندی توندو خەست بن زەحمەتە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ئاژاوەنانەوە بگێرنەوە، بەڵام ئەوان هەر کات هەست بەوە بکەن کە مەترسیی هێرشی نیزامی جیددی‌یە خێرا پاشەکشە دەکەن. ئاخر کاتێك خومەینی بەو هەمووە خۆ بەزلزانی‌و تەکەبوورەیەوە لە بەرامبەر سەدام حوسێن دا سەبارەت بە پاراستنی نیزامی عەدڵی ئیسلامی!! جامی ژەهری هەڵ دا بیرێکی ساویلکانەیە کە پێمان وابێ خامەنەیی‌و ئەحمەدی نەژاد تا سەر لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دا ڕادەوەستن.

بە باوەڕی من لە هیچ حیزب‌و ڕێکخراو ڕەوتێکی شۆڕشگێڕو ئازادیخواز ناوەشێتەوە بۆ ڕزگار کردنی نەتەوەو وڵاتی خۆی لە چاوەڕوانیی موعجیزەیەك دا دابنیشێ یان هیوای بە دەستێوەردانی دەرەوە بێ. هێزێکی شۆڕشگێر دەبێ بەر لە هەموو شتێك پشت ئەستوور بە هێزی خۆی‌و کۆمەڵانی خەڵك بێ‌و تەنیا وەك هۆیەکی لەبار سەیری فاکتەرەکانی دیکە بکا. بەڵام ئەوەش پێویستە بگوترێ کە هێزەکانی دەرەوە نە بە بانگهێشتنی حیزب‌و ڕێکخراوە ئێرانی‌یەکان - چ لە نێوخۆو چ لە دەرەوە - هێرش دەکەنە سەر ئێران دەست دەکەن بە هێرش‌و نە لە بەرامبەر دژایەتی کردنی وان دا لە هێرش بۆ سەر ئێران دا پاشگەز دەبنەوە.

لە کۆتایی‌دا ئیزن دەخوازم بە ڕاشکاوی پێتان بڵێم کە هەم بۆچوونی خوازیارانی هێرشی دەرەوە بۆ سەر ئێران‌و هەم هەڵوێستی هێندێك لە موخالیفانی هێرشێکی ئەوتۆ بە توندرەوی دەزانم. هەروەك لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دا عەرزم کردن ئاکامەکانی هێرشی ئیحتمالیی دەرەوە بۆ سەر ئێران بە شتێکی چاوەڕوان نەکراوو نیگەرانی خوڵقێن دەزانم، بەڵام بە هیچ جۆر پێم وانیە کە ئازادیخوازانی ئێران دەبێ لە بەرامبەر ئیحتمالێکی ئەوتۆ دا ڕاوەستن‌و شان بەشانی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی پاراستن‌و لە سەر پێ ڕاگرتنی ئەم سیستمە ئینسانکوژو دژی گەلی‌یە دا فیداکاری بکەن.

تلاش: بێگومان - و ئەزموونی عێراق بە باشی نیشانی داوە - ئەگەر هات‌و هێرش بۆ سەر ئێران کراو شەڕ ڕووی دا، ئێرانی‌یە ئازادیخوازو دێمۆکراتەکان کاریگەری‌یان لە هەر هێزێکی دیکە کەمترە، لە حاڵێك دا لە خەباتی سێ دەیەی ئێران دا ویستی ئازادی‌و دێمۆکراسی بەرزترین جێگەو مەکانی هەبووەو ئازادیخوازەکان‌و هێزە دیمۆکراتەکان ئەکتەری سەرەکیی مەیدان بوون. کەوابوو ئەو کەسانەی بە جیددی ڕێز لەو خەباتە دەگرن، ناتوانن لە بەرامبەر هاتنە پێشی وەزعێکی چاوەڕوان نەکراو کە گۆڕان بەسەر هاوکێشەکانی ئێستا دا دێنێ، ویستی ئازادی‌و دێموکراسی دەخاتە ژێر سێبەری دیفاع لە مەوجوودییەتی نەتەوەو نیشتمانەوەو هێزە دێموکراتەکان بکەونە پەراوێزەوەو بێ لایەن بن. جگە لەوەش هیچ هەڕەشەیەك لە گۆڕێ دا نیە - ئەگەر بیەوێ بە جیددی وەربگیرێ و کاریگەر بێ - لە بارەی ڕێگەکانی پراکتیزە کردنیەوە دا بیری لێ نەکرابێتەوەو ئیمکاناتەکەی بۆ دابین نەکرابێ. هێزێکی سیاسیی شێلگیر - هەر چەندیش گەشبین بێ - پێویستە یەکەم، مەترسی‌یەك کە ئاوا ڕێی تێ دەچێ، بە جیددی وەربگرێ‌و نەك هەر لە بەرامبەری دا لە سەر هەست بێ بەڵکوو ئاگادار کردنەوەی لە سەری هەبێ‌و لەوەش گرنگتر هەڵوێستەکانی خۆی بە بێ هیچ پێچو پەنایەك لە بارەی دا ڕوون بکاتەوە. دووەم، ئەگەر سیاسەتێکی مەترسیداری وەك هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران داهاتوویەکی جگە لە شتێکی ناڕوونی وەك خۆتان دەڵێن مەترسیدار لە پێشمان دانانێ، هێزی سیاسی دەبێ بەهەموو توانایەوە لە پێناوی گێڕانەوەو پیشتگیری لە سیاسەتێکی ئەوتۆو ڕوودانی هەرەشەیەکی ئەوتۆ دا هەنگاو بنێ. چونکە هیچ هێزێکی شێلگیری سیاسی بە پێشوازی هەلومەرجێکی ناڕوون، کۆنترۆڵ نەکراوو مەترسیدارەوە ناچێ یان ڕێگە نادا هەلومەرجێکی ئەوتۆی بەسەردا بسەپێ. مەگەر ئەو هێزە سیاسیانەی کە هیوایەکی جیاواز لە خەبات دژی حکوومەتی ئیسلامی بە مەبەستی سەقامگیر کردنی دێموکراسی بۆ سەرانسەری ئێرانیان هەبێ. ئایا پێتان وانیە ئەگەر قەرار بێ هەڵوێستی ئازادیخوازان‌و دێموکراتەکانی ئێران بەگوێرەی وەڵامەکانی جەنابت بێ، ئەوان لە ترسی ئەوەی نەکا بکەونە لای کۆماری ئیسلامی، دەست لە دژایەتی لەگەڵ هێرشی نیزامی هەڵ بگرن. ئایا ئەم هەڵوێستە بە کردەوە نابێتە هۆی هاندانی کەسانێك کە لێبڕاوانە بەدوای ستراتیژیی هێرش بۆ سەر ئێرانن؟

حەسەن زادە: لەگەڵ داوای لێبووردن، سەرەتا دەمەوێ بڵێم ئەمن بۆخۆم ئەزموونی عێراق ئەوەندەش بەشتێکی خراپ نازانم. لەم وڵاتە دوای زیاتر لە سێ دەیە خەباتی سەختی خەڵك لە دژی دیکتاتۆری‌و دانی دەیان‌و سەدان‌و هەزار شەهید بە تایبەتی لە شیعەکان لە باشوور کوردەکان لە باکوور کە نەیانتوانی لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا سەرکەون، کاتێك سەدام بە دوای ئامانجە فرەوانخوازانەکانی خۆی‌و لەشکرکێشی‌و دەستدرێژی بۆ سەر وڵاتی دراوسێی عێراقدا کەوتە بەر هێرشی دەرەوە، لە ماوەی تەنیا سێ حەوتوودا گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگەی ئازادی‌و دێموکراسی لە سەر ڕێگا هەڵ گیراو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی پێشوو کاروباری وڵاتیان بەدەستەوە گرت. ئەمن نامەوێ چاوپۆشی لە زەرەرو زیانەکانی عێراق‌و خەڵکەکەی‌و تەنانەت بێ‌توانایی نیسبیی دەوڵەتی نوێی عێراق لە چارەسەری گیرو گرفتە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان داو لە هەمووی گرنگتر دابین کردنی ئاسایشی هاووڵاتانی عێراق بکەم یان پێم گرنگ نەبێ، بەڵام دەبێ بڵێم ئەگەر هێرشی دەرەوە بۆسەر ئەم وڵاتە نەکرابا دیکتاتۆریی بەعسی دەی‌توانی چەندین ساڵ‌و ڕەنگە چەندین دەیە لە سەر یەك خەڵکی عێراق لە ژێر چەپۆکی دا بیڵێتەوە. ئەگەر گێرەشێوێنی‌و کردەوە تێرۆریستی‌یەکانی پاشماوەکانی ڕێژیمی پێشوو دوژمنە جۆراوجۆرەکانی ئازادی‌و دێموکراسی‌و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ نەبووایە تا ئێستا نەك هەر گیروگرفتەکانی ئەم وڵاتە کۆتایی پێدەهات بەڵکوو زەمینە بۆ چوونە دەری هێزی بێگانەش پێك دەهات.

لە ئێرانیش دا بۆ ئەوەی هێزە ئازادیخوازو دێموکراتەکان نەکەونە پەراوێزەوە ڕێگەچارە ئەوە نیە کە هەموو پێکەوەو شان بەشانی لایەنگرانی دیکتاتۆری‌و کۆنەپەرستی لە ڕێگەی پاراستنی ڕێژیمی پێشێل کەری سەرەتایی‌ترین مافەکانی خەڵکی ئێران بێنە مەیدان‌و ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە لەم ڕێگایەدا بکەنە قۆچی قوربانی. ئەگەر ئازادیخوازانی ئێران جارێك بۆ هەمیشە حیسێبی وڵات‌و خەڵکی ئیران لە حیسێبی بەرپرسانی ڕێژیم جیا نەکەنەوە تووشی هەڵەو زیانێکی قەرەبوو نەکراو دەبن. ئیزن بدەن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو باسی دوو نموونەتان بۆ بکەم: ساڵی ١٣٥٩ کاتێك ئەرتەشی عێراق دەستدرێژیی کردە سەر ئێران حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەرکردنی بەیاننامەیەك ڕای‌گەیاند کە ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی بەپێی ئوسووڵ ڕەزامەندیی خۆی لەگەڵ ویستی کوردستان لە بارەی خودموختاری‌و بە ڕەسمی ناسینی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی ڕابگەیەنێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەموو توانای نیزامیی خۆیەوە دێتە مەیدان‌و شان بەشانی هێزە نیزامی‌یەکان لە بەرامبەر ئەرتەشی دەستدرێژیکەردا ڕادەوەستێ. بەڵام دەسەڵاتی کۆنەپەرست نەك هەر لەگەڵ ئەم داوایە موافیقەتی نەکرد بەڵکوو هێرشی بەربڵاوتری بۆ سەر کوردستان ڕێك خست. هەر ئەم کات هێندێك هێزی شۆڕشگێر بێ سێ‌و دوو لێکردن ئەندامان‌و لایەنگرانی خۆیان ناردە بەرەکانی شەڕ. بەڵام دەرکەوت کە نیزامی‌یەکانی ڕێژیم لە جیاتی هەر

بۆ لاپەڕی ٩

# بەستێنی سەرکەوتنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرکەکانی حیزبێکی نوێخواز



مستەفا شەماشی




جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا بە هەستیارترین قۆناغەکانی خۆی دا تێدەپەڕێ. دوای نزیکەی سێ چارەگە سەدە لە خەبات و تێکۆشانی ئۆرگانیزەکراوی سیاسی و قوربانیدانێکی زۆر، هێشتا گەلەکەمان تامی ئازادیی نەچێشتووە و جگە لە هێندێك سەرکەوتنی قۆناغی و کاتی وەك (دامەزراندنی کۆماری دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد) تەنیا توانیویەتی پێشی تواندنەوەی نەتەوەیی (ئاسیمیلاسیۆن) بگرێ. تەنانەت گووڕانی ناسیونالیزمی کوردی بەخێرایی نەچۆتە پێش و تا ئێستاش لە قۆناغی هەرە ساوای خۆی دایە. ئێستاش ناسیۆنالیزمی کوردی بە تەواوی نەبۆتە خاوەن کەسایەتی خۆی و ناتوانێ خۆی بە تەواوی لە کارتێکەریی پەیوەندییە دروستکراوەکان لەلایەن نەتەوەی فەرمانڕەواوە، دەرباز کا. ئێستاش بۆی دژوارە خۆی رەها کا لە دەست ئەو قەیدو بەندەی کە بەناوی نەتەوەیەکی نادیارەوە، کە ناویان لێناوە (نەتەوەی ئێران) بە سەریدا سەپاوە. ئێستاش کاتێك رووبەڕووی پرسیارێکی ناڕەوای مەزنی خوازەکانی ئێرانی دەبێتەوە و هەر هەنگاوێکی مافخوازانەی ئەو بە جیاوازیخوازی لە قەڵەم دەدرێ، زمانی دەگیرێ و دەکەوێتە پەلەقاژە، مەبادا تاوانی جیاوازیخوازی لە سەر سابیت بێ و نەتەوەی باڵادەست لێی ناڕازی بێ.

هەروا بزانە ئەو دابەشکردنەی کوردستان کە بە بێ ئاگاداریی گەلی کوردو بە هەزاران کیلۆمیتر دوور لە کوردستان، گەڵاڵە کراوە، بۆ هەتا هەتایە لە سەر گەلی کورد ماڵە و هەر بۆخۆشی پێی سپێردراوە کە پارێزگاری لەو دابەش کردنە بکا. بە تایبەت لە ئێران دا مەسەلەکە هێندێکیش لە تواندنەوەی نەتەوەیی نزیك کراوەتەوە. دیارە نەك تەنیا بۆ گەلی کورد بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوە مافخوازەکانی ئێران. لە ئێران سەدان ساڵە کار لە سەر ئەوە دەکرێ کە فرە نەتەوەیی بوونی ئەو وڵاتە بخرێتە ژێر پرسیارو لە نێو پێستی "نەتەوەی ئێران"دا بشاردرێتەوە. بەتایبەت لە کوردستان دا کاری سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئیداریی بۆ کراوە. لە باری فەرهەنگیەوە چ رێژیمە یەك لە دوای یەکەکانی ئێران و چ ناوەندە فەرهەنگی و کەسایەتی یە فەرهەنگیەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا هەمیشە بانگەشەی ئەوەیان کردوە کە کوردەکان خێڵێکن بە رەگەز دێنەوە سەر نەتەوەی فارس و ئامۆزایەکی خراپن کە خۆیان دوڕە کردوە و بوونەتە یەکێك لە قەومە! ئێرانییەکان. کە دیارە بۆ یەك خستنەوە و لە ژێر چەپۆکی داهێشتنەوەی (قەومە) ئێرانییەکانیش تاك نەتەوە بوونی ئێرانیان هێناوەتە گۆڕێ کە زمان و فەرهەنگ و مێژووی ئەو نەتەوەیەش زمان و فەرهەنگ و مێژووی فارسە! بە واتایەکی دیکە نەتەوەی ئێران هەر هەمان نەتەوەی فەرمانڕەوایە کە ناوێکی دیکەی لێنراوە تا بتوانێ نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە ستاتوتێکی لاوازترەوە لە ناوخۆی دا جێبکاتەوە.

### بەراوردێکی هەڵە

پاساوی لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە بەداخەوە زۆر جار هێندێك کەسایەتی و لایەنی کوردیش بە هەڵەدا دەبا، کەڵك وەرگرتن لە تێرمی (نەیشن) کە لە دروستکردنی (دەوڵەت نەتەوە)کانی ئورووپادا بەکار هێنراوە و دواتر لە پێکهێنانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دا کەڵکی لێوەرگیراوە. دیارە لەو دەوڵەتانەدا کە لە راستیدا نوێنەری ناسیۆنالیزمی یەك نەتەوەی دیاریکراون، وەك فەرانسە، ئاڵمان، ئینگلستان و.... رەنگە کێشەیەکی ئەوتۆش نەیەتە پێش. بەڵام لە دەوڵەتانی وەك ئێران دا کە لە بناغەدا دەوڵەتی نەتەوەیی نین و پاشماوەی ئیمپراتۆر، دەوڵەتە تایفەیەکانی وەك پەهلەوی و لە ئاخریدا رێژیمێکی مەزهەبیی وەك رێژیمی کۆماری ئیسلامین کە تەنانەت ناتوانێ نوێنەری نەتەوەی فارسیش بێ، کوا بە کار هێنانی ئەو تێرمە لە جێی خۆی دایە.

با لە کوردیدا (نەیشن) بە مانای "نەتەوە" با لە فارسیدا بە مانای "ملت"یش بێ، دیسانیش لە پێکهاتەیەکی سیاسیی وەك ئێران دا بە هیچ شێوەیەك ناکرێ پێکەوە بەراورد بکرێن. دیارە دەبێ ئەوەش بڵێین کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە قاڵبی نێوەرۆکی ئەو ناوەی کە لێینراوە دەرچووە و بە هیچ شێوەیەك نوێنەری نەتەوەکانی جیهان نیە، بەڵکوو نوێنەری دەوڵەتەکانی جیهانە. هەر لە بەر ئەوەیە کە نەتەوەی عەرەب کە ژمارەی کەمتر لە یەك پێنجی نەتەوەی چینە، هەژدە نوێنەری لە رێکخرای نەتەوە یەکگرتوەکان هەیە و نەتەوەی چین یەك نوێنەر کە ژمارەی نزیکەی میلیاردێك و سێسەد میلونە.

روونکردنەوەی ئەو راستییە ئەرکی سەرشانی رووناکبیرانی نەتەوەکەمانە، کە بە داخێکی گرانەوە تا ئێستا هەنگاوێکی ئەوتۆی بۆ هەڵنەهێنراوەتەوە. تەنانەت هێندێك رووناکبیری نەتەوەکەمان کە لە زانستگاکانی وڵاتانی رۆژئاوا دەرسیان خوێندووە و دیارە لەو زانستگایانەدا پێناسەی نەتەوە بە پێی هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی رۆژئاوا کراوە، خوێندنەوەیەکی هەڵەیان بۆ پێگەی نەتەوە لە ناوچەکەی ئێمەش هەیە. ئەوان پێناسەی نەتەوە لە نێو دەوڵەت نەتەوەدا دەکەن و بەو ئەنجامە دەگەن کە بۆ ئەوەی بکرێ باس لە نەتەوە بکەی پێویستە ناسیونالیزم گەشەی کردبێ و دەوڵەتی خۆی پێك هێنابێ. دیارە ئەو بیرۆکەیە پشت دەبەستێ بە هەل و مەرجی هێندێك نەتەوەی رۆژئاوا کە توانیویانە دەوڵەت و نەتەوەی خۆیان پێك بێنن.

بەڵام هەر لە نێو ئەو دەوڵەتانەش دا مەسەلەی نەتەوەیی چارەسەر کراوە و سنووری بۆ دانراوە. بۆ وێنە لە "بریتانیای گەورە"دا نەتەوەکانی سکۆت، وەیڵس و ئیر بە رەسمی ناسراون و تەنانەت سنووری جوغرافی، ئیداری، فەرهەنگی و سیاسیشیان بۆ دیاری کراوە. هەرچەندە ئەو نەتەوانە هەزاران ساڵیشە پەیوەندیی پێکەوە ژیانیان هەیە، یەکگرتوویی بەریتانیش پارێزراوە و کەسایەتیی نەتەوەکانی نێو بەریتانیاش ناسراوە. کەوابوو دابین کردنی مافی نەتەوەیی بۆ گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بە هیچ شێوەیەك نابێتە هۆی دابەش بوونی. ئێران دابەش کراوە بە دەسەڵاتدارو فەرمانبەر، بە نەتەوەی باڵا دەست و بندەست و بە بەشێکی بێ دەسەڵات و بەشێکی خاوەن هەمووشتێك. ئایا راگرتنی نەتەوەکانی ئێران بەزۆریی هێزی نیزامی و کوشت و بڕ دەکرێ ناوی لێبنرێ یەکگرتوویی؟ راگیرانی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بە زۆری هێزی نیزامی بە مانای یەکپارچەیی ئێران نیە. ئێرانی یەکپارچە ئێرانێکە، کە نەتەوەکانی نێو ئێران بە شێوەی دڵخوازانە و بە ویستی خۆیان لە داهاتوو دا پێکی دێنن.

بۆیە نە گەلی کوردو نە هیچ گەلێکی دیکە لە ئێران یا هەر وڵاتێکی دیکەی دنیا دا پێویست ناکا بە شەرمەوە داوای مافی رەوای خۆی بکا. تەنانەت پێویست ناکا داوای مافی خۆی لە کەس بکا. دەبێ هەوڵ بدا هێزو میکانیزمی گونجاو لە گەڵ سەردەم و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان پێك بێنێ و مافی خۆی بەکار بێنێ. هەر کات نەتەوەی کورد مافی خۆی بە کار هێنا و کەسایەتیی خۆی دۆزییەوە، دەتوانێ بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی فیدراڵ لە سەر بناغەی نەتەوەیی و جوغرافیایی. چونکە هیچ کات گومان لەوەدا نیە کە بە مافی یەکسانەوە لە گەڵ گەلانی دیکەی ئێران پێکەوەمانەوەی نەتەوەکانی نێو ئێران، ئەگەر لە سەر بناغەی مافی یەکسان و ستاتۆتی یەکسان بێ، بە قازانجی هەموو نەتەوەکانی نێو ئێرانە. بە تایبەت لە سەردەمی بە جیهانیبوون دا کە یەکە ئابووری و سیاسییەکان هەر دێن و گەورەتر دەبنەوە بۆ ئەوەی بتوانن لە نێو بۆندە غوول ئاساکانی ئابووری لە جیهان دا رکەبەری بکەن.

کاردانەوەی ئەو راستیە لە دروشم، بەرنامە و سیاسەتی حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکان دا بێگومان پێویستە رەنگ بداتەوە. ئەگەر ئەو راستیە قبوول بکەین کە تاکو ئێستا حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکان لە ژێر کارتێکەریی دوو فشاری دەرەکی، واتە فشاری چەپی سوننەتی و مەزنی خوازیی نەتەوەی فەرمانڕەوا دا، دروشم، بەرنامە و سیاسەتی خۆیان دیاری کردوە، پێویستە هەموویان ئاڵوگۆڕ بکەن و چاو بە بۆچوونەکانی خۆیان دا بخشێننەوە. ئەوەی کە پێی دەوترێ تازە کردنەوە و ئاڵوگۆڕ، شتێك نیە جگە لە خۆ گونجاندن لە گەڵ سەردەم و کەڵك وەرگرتن لەو هەلانەی کە ئاڵوگۆڕەکانی جیهان لەگەڵ خۆیان دێنن. دیارە دەبێ ئەوە لە بەرچاو بێ کە ئاڵوگۆڕ لە دروشم، بەرنامە و سیاسەت دا، پێویستیی بە ئاڵوگۆر لە پێوەندیی رێکخراوەییەکان، کولتوورو هەڵسوکەوتیش دا هەبێ. دەبێ رێکخراو خۆی لەگەڵ دروشمەکان و داخوازەکان بگونجێنێ. دەسکەوتی دێموکراتیك بە میکانیزم و پێوەندی و پرۆسەکانی غەیرە دێمۆکراتیك بە دەست نایە. ئەو ویستانەی گەلی کورد هەنی، هەموویان دێموکراتیکن، هەر بۆیەش پیویستە رێکارەکانی حیزبێك کە بۆ ئەو ئامانجانە تێدەکۆشێ، دێمۆکراتیك بن.

### ئەرکەکانی کۆنگرەی ١٤ لەو پێوەندییەدا چین؟

گرینگترین ئەرکەکانی کۆنگرەی ١٤ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەدیهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕانەن کە لە سەرەوە باس کران. کە دەکرێ لەو چەند خاڵە دا کورت بکرێنەوە:

١ـ سڕینەوەی کارتێکەریی دەرەکی لە نێوەرۆکی بەرنامەدا. واتە بە نەتەوەیی کردنی بەرنامە.

٢ـ دارشتنەوەی پێرەو بە جۆرێك کە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی نێو بەرنامەدا بگونجێ.

٣ـ دیاری کردنی هێڵی گشتی بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی کولتووریی ئەوتۆ کە قازانجی گشتیی نەتەوەیی بخاتە پێش قازانجی حیزبی و گرووپی بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی نەتەوەیی بە پاراستنی جیاوازییەکانەوە رێگا خۆش بکا.

٤ـ دیتنەوەی رێگاچارەیەك بۆ رزگار بوون لە پەرش و بڵاوی، بێ بەرنامەیی و قەتیسمان لە حاڵەتی ئۆردووگانشینی دا.

لەم پێوەندییەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو ئاڵوگۆرانە بۆ هەر رێکخراوێکی مەیدانی خەبات پێویستن. هەموو رێکخراوەکان پێویستیان بە ئاڵوگۆر هەیە، ئەمەش هیچ پێوەندی بەلەت بوونەکانی ئەو دواییانەی نێو حیزب و رێکخراوەکانەوە نیە. رەنگە وەدوا کەوتنی ئاڵوگۆرەکان کاریگەریی هەبووبێ لە سەر تەقینەوەی ناکۆکییەکان، بەڵام پێویستیی ئەو ئاڵوگۆرانە هیچ پەیوەندیی بە لێکدابرانەکان نیە و ئەگەر هیچ لێکدابرانێکیش نەبوایە ئەو ئاڵوگۆڕانە هەر پێویست بوون.

**ئەوەی کە پێی دەوترێ تازە کردنەوە و ئاڵوگۆڕ، شتێك نیە جگە لە خۆ گونجاندن لە گەڵ سەردەم و کەڵك وەرگرتن لەو هەلانەی کە ئاڵوگۆڕەکانی جیهان لەگەڵ خۆیان دێنن**

## بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین






### تاهیر حوسێن نژاد

بنەماڵەی ئەم "کوردستان"ە دێرین‌و شیرینەمان لە رەزبەری ١٣٧٨دا ئەندامێکی بەنرخی خۆی لە دەست دا. ئەم ئەندامەی بنەماڵەی "کوردستان" لاوێکی شایی بەخۆو خاوەن بەهرە بوو کە ساڵانێك بوو لە ریزی تێکۆشەرانی نهێنیی حیزب لە ناوچەی شنۆو لە نێو خوێندکارانی زانستگەدا کاری حیزبی‌و سیاسی‌و شۆڕشگێڕانەی کردبوو، پاشان کە لە ترسی گیران لەلایەن دەزگای جاسووسی‌و ئەشکەنجەی کۆماری ئیسلامی رای کرد، هاتە ریزی تێکۆشەرانی ئاشکرای حیزب‌و دوای تەواو کردنی دەورەی سەرەتایی سیاسی ـ نیزامی بە کارنامەیەکی پرشنگدارەوە، لە ناوەندی ٣ی کوردستان‌و شانبەشانی رۆڵە خۆڕاگرەکانی ناوچەی شنۆ شانی دایە بەر کاری سیاسی‌و تەشکیلاتی. ئێمەی بەرپرسانی ئەو کاتی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب، کاتێك زانیمان تاهیر لاوێکی خوێندەواری بە بیرو باوەڕو بەتواناو بەمایەیە کە تێکڕای بەرپرسان‌و هاوڕێیانی لە ئاکارو رەفتاری رازین بە دەرفەتمان زانی‌و داوای کار لە کومیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبمان لێ‌کرد.

تاهیر حوسێن نژاد، هاوکاری تازەمان خەڵکی ئاوایی "سەرگیز"ی ناوچەی شنۆ بوو. لە بەشی فەننیی کۆمیسیونی چاپەمەنی دا دەستی بە کار کردو لە ماوەیەکی کەم دا لە کاری ئامادە کردنی بووڵتەنی خەبەری، پیتچنین بە کامپیوتێرو کارەکانی دیکەی ئەو بەشەدا، بوو بە کەسێکی پێگەیشتوو. تاهیر جگە لەو کارانەی کە پێی دەسپێردران، لە کاروباری دیکەش دا بەشدار دەبوو، سەرەڕای ئەوەی زۆرترین وەختی خۆی بۆ کاری حیزبی تەرخان دەکردو بێدریغ خۆی ماندوو دەکرد، پێی‌وابوو ئەو بە کارەکەی‌و ئۆرگانەکەی‌و حیزبەکەی‌و خەباتی نەتەوەکەی قەرزدارەو هێشتا زۆر کاری دیکە ماوە کە فریا نەکەوتوە جێبەجێیان بکا. بۆیە هەرکات رووت لێ‌نابایەو کارێکی تازەت بۆ بردبا، بەو پەڕی رووخۆشی‌یەوە قبووڵی دەکرد. لەگەڵ ئەم هەمووە ئەرك ناسی‌و سەرقاڵییەش دا لە خوێندنەوەو خۆپێگەیاندنی فیکری غافڵ نەبوو. دەیزانی دەبێ لە بواری نووسین‌و وەرگێڕانیش دا مایەو توانای خۆی بە هێز بکاو لەم رێگایەشەوە خزمەتی حیزبەکەی‌و خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەی بکا. یەکێك لەو پرۆژانەی هەیبوو تۆمار کردن‌و پیادە کردنی زنجیرە بەرنامەیەکی هونەری فەرهەنگیی بەشی فارسی رادیۆ بی بی سی بوو کە بە نیاز بوو وەریان بگێڕێتەوە سەر زمانی کوردی‌و وەکوو نامیلکەیەك چاپ‌و بڵاو بکاتەوە بەڵام بەداخەوە فریای وەرگێڕانیان نەکەوت.

نێوەڕاستەکانی هاوینی ١٣٧٨ بوو کە پێمان راگەیەندرا تاهیر لە سەر بەڵێنی پێشووی خۆی‌و داوای ناوەندی ٣، بۆ مەئموورییەتێکی تەشکیلاتی لەگەڵ کادرەکانی شنۆ دەچێتەوە ئەو ناوچەیە. لە خۆشییان حەجمینی لێ‌هەڵگیرابوو، هەرچی لە رۆژنامەو نامیلکەو بڵاوکراوەکانی حیزبی دەستی کەوت پێچایەوە. پێمان وابوو دوورکەوتنەوەی هەر یەك ٢ مانگ دەبێ‌و ئەو یەك دوو مانگەش هەرچۆنێك بێ بێ تاهیری تەحەمول دەکەین. نەمانزانی ئەم سەفەرەی دەبێتە دوا سەفەری‌و ئیدی هەرگیز نایبینینەوە. ئەو کات کە هەواڵی تاڵی شەهید بوونەکەیمان بۆهات، بەناوی کارگێڕان‌و دەستەی نووسەرانی "کوردستان نووسیم:

### "چاوەکانم بەسیە دووری بێرەوە"

(بۆ گوڵی تازە هەڵپروکاوی " کوردستان" بۆ هاوڕێ‌و هاوسەنگەری شەهید تاهیر حوسێن نژاد)

هاوڕێی جوانەمەرگ! تاهیر گیان!

مانگی رابردوو، " کوردستان"مان بەبێ تۆ چاپ‌و بڵاو کردەوە. ئەگەرچی لە هەموو قۆناغەکانی ئامادە کردن‌و چاپ کردن‌و بڵاو کردنەوەی‌دا، ئێمە هەڤاڵانی هاوکارو هاوسەنگەرت، تێکڕا هەستمان بەخاڵی بوونی جێگات دەکرد. بەڵام بەو هۆیەوە کە پێمان وابوو دووری‌و نەبوونت لە نێو کۆڕی ئێمەدا کاتی‌یە. هەر چۆنێك بوو دووریی تۆمان تەحەمول کرد.

چاوەروان بووین بۆ چاپ‌و دەرکردنی ئەم ژمارەیە بگەیەوە لامان، تا تاسەی نزیك بە دوو مانگ دووریمان بشکێنی‌و بۆنی خۆشی ئاشنایان، بۆنی "سەرگیز"و"گادەر"و "چەشمەگۆڵ"و"کێلەشین"و دەشتی شنۆو شارەکەی‌و هەواڵی خەڵکە حیزبدۆست‌و دڵسۆزەکەیمان لەگەڵ خۆت دا بۆ بێنیەوە، چاوەڕوان بووین بگەڕێیەوە لامان‌و بەدەم راپەڕاندنی کارەکانەوە، لە پشت مێزی نووسینەکەت، یا لە تەنیشت دەزگاکانی کامپیوتێردا، لە ژوان‌و دیداری خۆشەویستان، لە تامەزرۆیی تاسەیان بۆ دیداری تێکۆشەرانی دێموکرات، لە گەش بوونەوەی چاوی هەڤاڵانی رۆژانی زانستگەو سەردەمی تێکۆشانی نهێنیت بە دیداری خۆت‌و رۆژنامەی "کوردستان" کە لێرەوە بە دیاری بۆت بردبوونەوە بۆمان بدوێی. چاوەروان بووین کە بێیەوە، لە بڕوای پتەوو شۆڕشگێریی هاوڕێی هات‌و نەهاتت مام رەسووڵ شەعبانی، چەپك چەپك چیرۆك‌و بیرەوەریمان بۆ بگێڕی‌یەوە.

بەڵام داخ‌و سەد مەخابن، نەهاتییەوە، ئێمەی یارانی چاوەڕێت، لە جێی ئەوەی بە دیتنی سیمای گەش‌و دەمی هەمیشە بە خەندەو هەڵس‌و کەوتی جوان‌و ژیرانەت، شاد بینەوە، هەواڵی تاڵ‌و جەرگبڕی شەهید بوونتمان بەدەست گەیشت.

دڵمان نایەونامانهەوێ باوەڕ بکەین ئەو هاوڕێ‌و هاوکارە بەنرخەی لە ماوەی نزیك بە دووساڵ پێکەوە کارکردنمان‌دا، هیچ کامێکمان بۆ یەك جاریش لێی نەڕەنجاین، ئەو هاوڕێیەی پێش هاوکارو هاوسەنگەر بوون، دۆست‌و هەڤاڵ‌و خەمخۆر بوو، ئەو هاوکارەی نموونەی ئەرکناسی‌و رێك‌وپێکی‌و دڵسۆزی بوو، بە یەکجاری بەجێی هێشتووین.

هاوڕێی جوانەمەرگ! تاهیر گیان!

تۆ رۆیشتی‌و جێتهێشتین‌و بەم کۆچە ناوەخت‌و بێ‌وادەیەت، نەك هەر "کوردستان"ی سەنگەرت‌و هاوکارو هاوسەنگەرانت، بەڵکوو کوردستانی نیشتمان‌و گەلەکەتت ماتەمبار کرد. بەڵام بە ئاسوودەیی سەر بنێوەو دڵنیابە رێگات بەردەوام دەبێ‌و ناوو یادو بیرەوەریت لە نێو ئێمەو درێژەدەرانی دیکەی رێگاکەت دا هەر بە نەمری‌و زیندوویی دەمێنێتەوە.

کارگێڕان‌و دەستەی نووسەرانی "کوردستان"

## ماچی باران

ئەو بارانەی سەر مەستانە دادەبارێ
ئاشقێکی ئەویندارێ
ماچی خاکە
نیازی نیە گۆناو بەرۆی
نەرمی زەوی داڕووشێنێ
دڵۆپ دڵۆپ
گۆنای زەوی رادەمووسێ‌و
چەپك چەپك
گوڵ لە بەرۆی خاك دەروێنێ



## هێڵی سنوور

سیروان
سیروان
خۆزگەم بەخۆت
هێند سەرکێشی
لە ئاست لەمپەر دانامێنی
ئەوکت ناگرن
پەنجەی یاسا دەستکردەکان
بێ پەساپۆرت
هێڵی سنوور دەبەزێنێ



قادر عەلی خانزەر. وێبلاگی کوردی

## خۆزگە

کاوە حسێن



خۆزگە وەك شێعرێکی سادە مەبەستی تۆم ئەزانی
بەڵام من قەت ناگەم لەتۆ کچێکی زۆر پرگومانی
دواین بریار بدرکێنە گوڵم حەزم دەرکەی لە وەرزە بێزاری
خۆ ئەتوانی لە ناو دڵتا دەرم بێنی بە یەکجاری
راستە شۆخێکی ناسکی جوانی دونیا لە تۆ ئەچێ
بەڵام سۆزێکت نەبێ بۆم جوانیت بۆ من بەچی ئەچێ

## چاپکراوی نوێ










وەرگێڕی لاو، سمایل زارعی، لەم دواییەدا کۆمەڵێك کاری وەرگێڕانی تازەی خستە بەر دەستی خوێنەرانی هێژای کورد کە دەزگای وەرگێڕان ئەرکی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی وەئەستۆ گرتوە. ئەو سێ بەرهەمە کە هەرسێکیان سەبارەت بە تیۆری زمان‌و فەلسەفەی زمانن لە جۆری خۆیان دا کارێکی تازەو خزمەتێکی پیرۆزن. ناوی ئەو سێ بەرهەمە وەرگێڕدراوە بریتین لە: چێژی دق، رەخنەو هەقیقەت کە هەر دووکیان نووسینی رۆلان بارت گەورە تیۆریسێنی جیهانی ئەدەبی‌و پێکهاتە هێرمنۆتیك نووسینی بابەك ئەحمەدی‌یە. شایانی باسە بۆ یەکەمجارە کە دوو بەرهەمی رۆلان بارت لە زمانی فارسی‌یەوە وەرگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی‌و لە قەوارەی کتێب دا چاپ ببن. وێڕای پیرۆزبایی‌و دەستخۆشانە بە بەڕێز سمایل زارعی، هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ بە ئاوات دەخوازین‌و هیواداریـن بتوانێ خزمەتی گەورەتر بە کتێبخانەی کوردی بکات.

# کۆتر

## پێشکەش بە باران

ن: هۆزان

کۆترەکە دێتەوە. هەر ئەو کۆترەی لەسەرئەم دارەی بەر حەوشەتان ئاوازەکەی لێ ونبوە.؟

- دێتەوە؟

— ئا دێتەوە... یەکڕاست دێتەوە سەر ئەم دارە.

ئاخر کەی دێتەوە. خۆ ئەمن ئەوەندە لە بن ئەو دارە دانیشتم ئاوی لاقم چوو. ئەوە زیاتر لە سی ساڵە لە تەنیاییدا چاوەڕێی ئەوم. ئێستا جێگەی کورسیەکەی بابم بەتاڵە. جاروبار کورسیەکەی ئەویش دێنمو لە پەنا خۆم دایدەنێم. ئاخر هەمیشە پێکەوە لێرە لەبن سێبەری ئەو دارەجوانە دادەنیشتینو ئەو هێدی هێدی قسەی خۆشی بۆ دەکردم.

بابم قەت لێم تووڕە نەدەبوو. تەنیا جارێك نەبێ کە دەنکە گەنمم بۆ ئەو کۆترە سەیرو سەمەرەیە هاویشت. دیارەئەو رۆژە زۆر وەسەرخۆی نەهێنا. وەڕووی نەدام. بە دایکمی گوتبوو: پێی بڵێ ئاخر جاری بێ.

گوتم: بابە گیان. هەزار کۆتر ناکەنە تۆزی بەر پێڵاوەکانت، بە چاوان. لەو رۆژەوە بڕیارم دا دان بۆ هێچ باڵندەیەك ڕۆ نەکەم. بەڵام کۆترێکی سەیرو سەمەرە بە ئاوازێکی سێحراوی ئۆقرەی لێ هەڵگرتبووم. نەدەبوایەرووی بدەمێ. کە یەکەمجار لە بەر دەمم نیشتەوە هەستم کرد برێك لە کۆترەکەی باوکم دەچێ. هەر ئەو کۆترەی باوکم دەیگوت کەوتە گەڵ پۆلە کۆترێکی غەوارەو هەر نەهاتەوە. بابم هەتا مابوو هەر چاوەڕێی هاتنەوەی بوو. ئێواران لە گۆشەی پەنجێرەکەوە دەیڕوانی. وردە وردە تۆزی ناهۆمیدی لە روخساری بابم نیشت. دەیزانی نایەتەوە.

هەواڵی سەیرو سەمەرەمان دەبیست. ئەو کات ئەمن منداڵ بووم. زۆرم خۆش دەویست. لەسەر شانم هەڵ دەنیشت. لەو دەمەوە کە ئەو نەما بابم رقیلە هەموو کۆترێك بوو. بەتایبەتی ئەگەر دەی بیستەوە کچێك کۆتری دەستەمۆی هەیە هەر خۆی دەخواردەوە.

ئەمن نەمدەویست بابمو دایکم هەست بکەن عادەتم بە ئەو کۆترە گرتوە کە ئێواران دێتەسەر لقی دارەکەی بەر حەوشەمانو جاری واش هەیە شەوانە دەست دەکا بە گۆرانی گوتن.

. ئەگەر ئێوارەیەك نەهاتبایە نازانی چەندە بێ ئۆقرە دەبووم بەدەست خۆم نەبوو نەمدەتوانی رقم



لێی بێ بەڵام نەشمدەوێرا لێی نزیك ببمەوە تەنیا بوونەوەرێك بوو کە هەستم دەکرد لە زمانم تێدەگا. جار هەبوو دەردە دڵم بۆ دەکردو ئەو جۆرێك مات دەبووکە دەتگوت کەسێکی ژیرو تێگەیشتوویە گوێی لە قسەکانم راگرتوە. بەڵام خورپەیەك لە دڵمدا بوو....

بابم دەیگووت: کچ نابێ کۆتر دەستەمۆ بکا. بە قسەی بابم هەر لە منداڵیەوە تەنانەت دەنکە گەنمێکیش چیە بە هیچ کۆترێکم نەدابوو. ئەوەیان بەبێ ئەوەی بزانم چۆنو کەی،یەکسەر هاتە بەردەستم. دەتگوت سەت ساڵە دەستەمۆی خۆمە. کچ نابێ کۆتر...

گیرفانەکانم پڕبوون لە گەنم سەرەتا نەمدەویست دانەخۆرەی بکەم. دەمزانی ساڵی بەهەزارچووبێ بابم ناهێڵێ لێرە هێلانە چێ بکا. دوو سێ جار هەڵم فڕاند ئەو هەر دەهاتەوە. هەمووجارێ دەتگووت هەستی پێکردوە گەنم پێیە. بۆنی کردبوو... نازانم. وردە وردە عادەتم پێگرت. ئەوجار دەنکە گەنمێکم بۆ لەسەر لەپی دەستم دادەنا. بە تاسەوە چاوی تێوە دەبڕیو گۆرانیی دەگوت یانی دەنگی لە گۆرانی دەچوو یەکەمجار بوو ببینم کۆترێکی نامۆ ئەو هەمووە ئاوازە بزانێ. جۆرێك لە گەنمەکەی دەڕوانی دەتگوت بە هەزاران زمان دەپاڕێتەوە بیدەمێ. نا شتی واناکەم گەنم نادەم بە کۆتر بابم بزانێ....

نەدەبوایە بابم هەستی بە هاتنی کۆتر کردبا. بەڵام رۆژێك خۆم پێڕا نەگیرا. دەنکە گەنمێکم بۆ هاویشت. نەمزانی بابم لە پشتی سەرمەوەیە. کۆترەکە دەتگوت ئاوی حەیاتت بۆ ڕۆکردوە خۆی بۆ گەنمەکە فرێدا کەچی دیتم بابم پێی لەسەر دەنکە گەنمەکە داناو هەتا هێزی هەبوو بەردێکی لە گورچووی کۆترەکەدا. پۆلێك لە تووكو پەڕەکانی باڵو بن باڵی دەگەڵ گەڵای دارەکە هەڵوەرین. زیاتر لە فرمێسك دەچوون. هەستم کرد دارەکەش دەگری. بزەیەکم هاتێ. بۆ ئەوەی بابم وانەزانێ پێم ناخۆشە. هەستام چووم کورسیەکەم بۆ هێنا هەر لەو شوێنەم دانا کە ئێستا کورسیەکی بەتاڵی لێیە. دەستم کرد بە قسەی خۆشو پێکەنین. بابم نابێ هەست بە خەمباریم بکا با دڵی نەیەشێ.

هەتا ئەو رۆژە جیا لە بابم کەسم خۆش نەویستبوو. ئێستا خۆشەویستیی ئەم کۆترە... سەیرە..

ئاخر کچ نابێ کۆتر دەستەمۆ بکا...

* * *

ئەو رۆژەی لە قوتابخانەوە هاتیەوە دیسانیش پۆلێك پەڕوباڵو گەڵات لەبن دارەکە بینی. دایکت دەی بۆڵاند: ئەو کۆترە نابێ لێرە هێلانە بکا. بابت سەری هەردووکتان...

- دایە بابم چکاری بەو..

- بێدەنگ بە بێدەنگ کچەتیوە.

دڵت پڕبوو. دانیشتیو دەستت کرد بە کۆکردنەوەی ئەو وردکە نانەی گەسکە کارەبایەکە قووتی نەدابوون.

دایکم دەست هەڵناگرێ.. بابیشم دەزانم

هەموو جارێ لە گۆشەی پەنجەرەوە چاوت لە لكو پۆپی دارەکە دەبڕیو گوێت هەڵ دەخست، چاوەڕوانی ببوو بە بەشێك لە ژیانت، لە چارەنووست، چاوەڕوانیت دەستەمۆ کردبوو. نا - نا - چاوەروانی تۆی دەستەمۆ کردبوو. دایکت دەیزانی. بەڵام تۆ دەبوو شوێنە ونکەی بکەی. کاتێك کەس دیار نەبوایە حەزت لێبوو کۆترەکە بێو لەسەر شانت بنیشێ. نا، نابێ زۆر لە خۆمی نزیك کەمەوە. گەنمەکەت بۆ فرێدەدایە سەر عەرزەکە.. تادەهات دەنووکی لێدا یا هەڵتدەگرتەوەو نەتدەهێشت بیخوا، یا ئەوەیکە دەنگی بابت دەهاتو لە خۆتت دوور دەخستەوە. ئەوەندەت دەنکە گەنم بۆ هاویشتو نەتهێشت دندووکێکی لێدا ئەمجارەیان هەر چاویشی لێنەدەکرد دەتگوت دڵنیا بوە لەوەی کە قەت دەنکە گەنمی دەستی تۆی بە قسمەت نابێ. دڵنیا؟ دڵنیا یا بێ هیوایی؟ وردە وردە دەستت لە گەنمەکان هەڵگرت. چی لە گیرفانتدا بوو لەبەر چاوی بابت فرێت دایە نێو قوڵکەکەی پشت حەوشەتانو خۆڵت پێداکرد. بۆ ئەوەی بابت خاترجەم بێ کە ناتهەوێ کۆتر دەستەمۆکەی. وێڕای بابیشت بیست دووجار یا سێجاران بەردت تێگرت. ئەو ئێوارەیەی کە بە دەستی خۆت هێلانەکەت لێ تێکدا پێت وانەبوو وەکوو کۆترەکەی بابت تەرە دەبێو نایەتەوە. بابت لەسەر کورسیەکەی میوەی پادەکردو تۆش بیرت لەو ٢٠و چەند جارە دەکردەوە کە بە دەستی خۆتو تەنیا بۆ شوێن ونکەو لەبەر دڵی بابت بەردت تێگرتبوو.. گوتت: خۆزگە کاری وام نەکردبا. کەس نازانێ بۆ تەرەم کردو هەڵم فڕاند؟

چاوێکت بە دارەکە داخشاند. گەڵایەکێشی پێوە نەمابوو. ڕووتو قووت. بەشوێن چیدا دەگەڕێی؟

نازانم خۆشم نازانم. بەس دەنگێك لە دەروونمەوە دەڵێ: ئاوازیکۆترەکە لێرە ونبوەو کۆتریش بە شوێن ئاوازی ونبووی خۆیدا دەگەڕێتەوە. دێتەوە. نازانم بەڵام دێتەوە. ٣٠وچەند ساڵ لەوەپێش بوو بۆ ئاخرین جار رۆیشتو نەهاتەوە. کوا ئەگەر بێتەوە چۆن دەزانێ ئەمن بارانم. بڵێی بمناسێتەوە؟ بڵێی بۆنی بارانی لەبیر مابێ؟

قەیناکا. چاوەڕێی دەبم. دەزانم. دوێنێ شەوێ خەونم دیتوە، ئەمرۆش چاوەڕێی دەکەم....

دێتەوە. دڵنیام. ئەو دەزانی چاوەروانیم دێتەوە.

# ناودارانی ئەدەبیات

و: ئازاد شێخی

**ئالن پۆ- ادگار (١٨٠٩- ١٨٤٩م)**

یەکێك لە بەرچاوترین کەسایەتیەکانی مێژووی ئەدەبیاتی ئەمریکایە. دەسپێکی ژیانی وەکوو کۆتاییەکەی بەناخۆشیو بێهیوایی تێپەڕی، لە رۆحی دا هەستیاریەکی زۆر درووست بووو هەر لە هەرەتی لاوێتی دامرد.

لە لاوێتیدا چوە سەربازی ، بەڵام لە ساڵی ١٨٣١لە قوتابخانەی نیزامیش وەدەرنرا. ئەو لە نیویۆرك دا یەکەم بەرهەمە شێعرەکانی خۆی لە کتێبێکی چووکەڵەدا بڵاو کردەوە. پاشان بوو بە بەڕێوەبەری گۆڤارێك، لەگەڵ کچە ئامۆزایەکی خۆی ژیانی هاوبەشی پێکهێنا ئەویش لە هەرەتی لاوێتیدا مرد. ئالن پۆ پاش لە دەستچوونی ژنەکەی بە تەواوەتی خۆی لە ژیانی کۆمەڵایەتی دوور خستەوەو بە هەژاریو چارەڕەشی ژیانی تێپەر دەکرد.

داستانە سەیرو سەمەرەکانی نێوبانگی جیهانیان هەیە، بەڵام لێڵو تاریكو پڕ لە دڵەراوکێو کوێرەوەرین، کەچی وەرگێردراونەتەوە سەر تەواوی زمانەکانی جیهان. قەڵای قەلەرەشە نازناوی بەناوبانگترین پارچە شێعری ئەمریکایی گرتە خۆی، پارچە شێعرەکانی دیکەی وەکوو (ئیسرائیل)و تەیموور لەنگ هلن ناسراوو بەرچاون. ئەو کتێبانەی خوارەوەی ئەرگار ئالن پۆ وەرگێڕدراونەتەوە سەر زمانی فارسی (قەلەڕەشە کەشیشی کۆڵانی گەورە، داستانە سەیرو سەمەرەکان، ئالیوزا، قالۆنچەی زێڕین، بۆهێڵن، ئیسرائیل، دۆزەخ، دوو تەقل، مەرگی سوور، تەیمووری لەنگ، خەتوو، پشیلە رەشە، بەرمیلی ئامرنتیلادو - دڵی رازگۆ، الاعراف، ولادمیر، زیندەبەگۆڕ، ئەو نووسراوەی کە لە قوتودا دۆزرایەوە، لی جیا، ئەفسانەی ئارتورگوردۆن، فوودانەی جادوویی، کتێبە چووکەکەی خاتووگادی، ئاورگا، بۆئانی،دەربەندی بێ ئوقرەیی، وێنەی هێلکەیی، سوڵتانی سەربزرێر/ مورلا، دانانی کات، پیاوێك لە نێو خەڵك دا)

سەرچاوە کتێبی: اطلاعات عمومی




# سینەمای کۆمێدی ( پێکەنین )

بەشی چوارەمو کۆتایی

"هارۆڵد لوید"و.... نێویان چۆتە مێژووەوە. کۆتاییەکانی سەدەی ٢٠و سەرەتاکانی دەستپێکی سەدەی ٢١ە.

"بیلی باب تۆرێنتۆن، ئێدی مۆرفی، جیم گەری، هیۆگرانت، کوین تیەن تارانتینۆو...." جێگری ئەکتەرە کۆنەکان بوون.

سەردەمی کۆمێدیای ئەشکێنە.

١- پیاوانی رەش پۆش (بە دەورگێڕانی : ئێدی مۆرفی)

٢- ماسك (جیم گەری)

٣- گێلوگێلتر (جیم گەری)

جێی "پرۆفیسۆری شیت"یان گرتۆتەوە. سینەما شاکاری وەك "شکسپێری عاشق"و" ناتینگ هیل"ی تێدا دەخولقێ کە بە کۆمێدی تراژیدی نێویان دەبەنو "روناکاییەکانی شار"ی ئەم سەردەمەن. تەنانەت ئەنیمشەنەکانیش جێگریان بۆ پەیدا بووە.

١- شرێك ٢- ماداگاسکار ٣- گورپە سوور

بوونەتە: سیندریلاو پیاوە کووڕەکەی نۆتێردامو پینۆکیۆی ئەم سەردەمە، کۆمپانیای دینرنیش ئاڵوگۆڕی بەسەر داهاتووە.

"سینەمای کۆمێدی بۆتە جۆك" هەیولاکان قسەی یەکەم دەکەن ئەگەر دوقرانێەك خواربێ لە فیلمی کۆمێدیەکان حاڵی نابیو لە دیتنیان هیچت دەست ناکەوێ.

زۆر جاران تەنیا بە قەولی فارس گوتەنی: "باید دندون ریسه بری". واتە ددانیان لێ دەچیڕەوەبەری

ئێستا خەڵکی بە گشتی سوحبەت چیو کۆمێدی خولقێنەرن. هەرچەند کە کەس تاقەتی پێکەنینی نەماوە.

"ئینسانی هەزارەی سێهەم سینەمای کۆمێدیی فەوتاندوە"

سینەمای کۆمێدیی رەش بینەری خۆیو کۆمێدی عام بینەری خۆیان هەیە

من بە "ئاغای سەرۆك کۆمارو فارێنهایتی" ٩" پێکەنین نا بەڵکو گریانم دێ.

جیم گەری هەرچەند دیالۆگەکانی خۆشو پێکەنینی بێت، جێی جووڵە جووڵی چارلیچاپلێن ناگرێتەوە.

ئێستا ئەوە کۆمێدی ئێرانیە کە قسەی یەکەم دەکا.

"مەجید ساڵحی، ئەمین حەیایی، عەلیرەزا خەمسەو ئەکبەری عەبدی" زیاتر دەتوانن منی بینەری "شەرقی" وە پێکەنین بێنن.

"خودا حافیز کۆمێدی کلاسیك"

نووسینی: ناسر رەسووڵی

# گۆڕستانی مێردین ئۆزۆنی گرتە ئامێز



نووسەری ئازادیخوازوشۆرشگێڕی کورد محەمەد ئۆزۆن رۆژی پێنج شەممە١١ی ئۆکتۆبر لە تەمەنی ٥٤ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیانو نەتەوەکەی کرد. هەزاران کەس لە رێورەسمی بە خاك سپاردنی ئەم گەورە نووسەرەدا کە رۆژی شەممە ١٣ی ئۆکتۆبر بەڕێوەچوو، بەشدارییان کرد. لەم رێورەسمە ماتەمینییەدا تاسەبارانو خۆشەویستانی محەمەد ئۆزۆن فرمێسکی خەمیان باراندو کەڵە نووسەری کورد یاشار کەماڵو چەندین کەسایەتیی سیاسی کوردی وەك عوسمان بایدمیرو ئەحمەد تورك سەبارەت بە ژیانو تێکۆشانە بە نرخەکانیئۆزۆن قسەیان کرد.

یاشار کەماڵ کە فرمێسکی ماتەمی دەباراند ئۆزۆنی بە نزیکترین هاوڕێیو هەڤاڵی خۆی ناوبردو گوتی: محەمەد ئۆزۆن سۆمای چاوی نەتەوەکەیەتی.

ئۆزۆن ساڵی ١٩٥٣ لە ئاوایی سیڤریکی سەر بە شاری ئۆرفەی باکووری کوردستان لە دایك بوو. تەمەنی ئەم نووسەرە بە تێکۆشان لە پێناو زیندوو راگرتنی زمانی قەدەغە کراوی کوردیو وەدیهاتنی ئامانجە نەتەوەییەکان تێپەڕ بوو. ماوەی سێ ساڵ بە هۆی چالاکیی سیاسی لە بەندیخانەکانی تورکیەدا ژیانی بە سەر بردو دواتر لە ساڵی ١٩٧٧ نیشتمانی بەرەو وڵاتی سوید بەجێ هێشتو تا ساڵی ٢٠٠٦ لەو وڵاتە ژیا. ساڵی رابردوو کە نەخۆشی شێرپەنجە تەنگی بە ژیانی هەڵ چنی گەڕاوە کوردستانو رۆژی پێنج شەممە ماڵئاوایی لێکردین.

# زریان رۆژهەڵاتی لە وتووێژێك لە گەڵ "کوردستان"دا:

## ئەو هەرێمەی کە ئێستا هەیە رەواییەکی لە ئاستی جیهانیدا هەیە نابێ کورد

## بە سیاسەتی هەڵەی خۆیەوە ببێتە هۆی تێکدانی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە هەرێمەکە هەیە

ئامادە کردنی: عەولا بەهرامی

**پارلمانی تورکیا مۆڵەتی هێرشی بۆ سەر پێگەکانی پارتی کرێکاران لە باشووری کوردستان بۆ دەوڵەتی ئەو وڵاتە دەرکردوە، بە بڕوای ئێوە ئەو بڕیارە چەندە دەرکەوتەی ململانێ سیاسییەکانی نێوان هێزە نەتەوەپەرستو رەگەزپەرستەکانی تورکیا لەگەڵ پارتی دەسەڵاتداری دادو گەشەپێدانەو ئەگەری کردەیی بوونی ئەو بڕیارە (بە سەرنجدان بەوە کە ئەمریکاش دەوڵەتی ئەو وڵاتەی وشیار کردۆتەوە سنووری هەرێمی کوردستان نەبەزێنێ) تا چەند بە نزیك دەزانێ؟**

**زریان رۆژهەڵاتی:** حکوومەتی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆك وەزیری ئێستای تورکیا زۆر بە باشی لە ئەنجامە خراپەکانی لەشکرکێشی کردنی سوپای وڵاتەکەی بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان ئاگادارە. ئەوان باش دەزانن کە تورکیا ئەگەر هێرشێك بکاتە سەر کوردستان یەکێتی و یەکریزیی کوردەکان زیاتر دەبێت و گوتاری سیاسی ـ نەتەوەیی کوردیش بە هێزتر دەبێت. کوردەکان لە زەینی خۆیاندا ئیدی لە نزیکەوە هەست بە "ئەویتر"بوونی تورکیا بۆخۆیان دەکەن. بە واتایەکیتر ئەویترێك بۆ کورد بە شێوەیەکی زۆر زەق دروست دەبێت. ئەمەش پێویستییەکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی کە هێشتا لە بەرامبەر ئەویترەکاندا زۆر شەرمنانە رەفتار دەکات. جگە لەوەش مەسەلەی کورد لە جیهان بە تەواوەتی دەناسرێت و کێشەکە وەکوو شەڕی کورد و تورك دەناسرێت. لە ماوەی کورتخایەندا کورد زیانێکی زۆر دەکات بەڵام لە ماوەی درێژخایەندا بە سوودی کورد دەشکێتەوە. جگە لەوەش ئۆپەراسیۆنەکە لە روی ئابووری و سیاسیو سەربازیشەوە زیانێکی زۆری بۆ تورکیا لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی لاوازبوونی حکوومەتەکەی ئەردۆغان. لە بەر ئەوە بە رای من ئەردۆغان تەنیا دەیەوێت مەسەلەی لەشکرکێشی کردن وەکوو کارتێك بۆزەخت دروستکردن لە سەر ئەمریکا و حکوومەتی هەرێم بە تایبەتی بەکار بهێنێت. بەڵام نابێ بە هەڵەدا بچین چونکە مەسەلەکە لایەنی دیکەشی هەیە، لەبەر ئەوەی یەکەم ئەوەی کە هەندێك لایەنی ناوخۆیی تورکیا بە تایبەتی سوپا و پارتە نەژادپەرستەکان خوازیاری ئەو لەشکرکێشییەن. ئەمانە دەیانەوێ حکوومەتی ئەردۆغان لە ناوبچێ یان لانیکەم ئەوندە لاواز ببێت کە بتوانن قسەکانی خۆیانی بەسەردا فەرز بکەن. هەرچیان کرد نەیانتوانی رێگا لەوە بگرن کە عەبدوڵا گول ببێتە سەرکۆمار تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانیشدا شکستێکی گەورەیان خوارد. ئەمجارەش داوی لەشکرکێشییان بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان بۆحکوومەتەکەی ئەردۆغان داناوە. ئەم لایەنە بە هاوکاریی میدیای تورکی رای گشتیی زۆر بە باشی وروژاندوە و زەختێکی گەورەی لەو بارەیەوە لەسەر حکوومەتەکەی ئەردۆغان دروست کردوە. ئەگەری ئەوە هەیە ئەردۆغان خۆی نەتوانێ زۆر لەبەرامبەر ئەو شەپۆلە نەژادپەرستییەدا بگرێت کە لە تورکیا بەرز بۆتەوەو بە پێچەوانەی ویستەکانی خۆی لەشکرکێشی بکاتە سەر خاکی هەرێمی کوردستان.

وەکوو دەیبینین لێرەدا سیاسەتی بەرگریی دەرەکی تورکیا لە گەڵ سیاسەتی ناوخۆیدا تێکەڵاو بووە و ئەوشە مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات.

جگە لەوەش هەندێك لە وڵاتانی ناوچەکەش بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دان کە تورکیا بۆ هەرێمەکە راکێشن. سوریا بە شێوەی رەسمی پشتگیری لەو کارە کرد و حکوومەتی ئێرانیش لە رێی تۆپبارانکردنی سنورەکانەوە زۆر دەمێکە پەیامی ئەوە بە تورکیا دەدات کە رەزامەندە بە لەشکرکێشیی ئەنقەرە بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان.

ئەمریکا لەوبارەیەوە ناڕەزایی پیشانداوە. تەنانەت مەسەلەکە ئەوەندە جیدی بۆتەوە کە خودی جۆرج بوش سەرۆکی ئەمریکاش دژایەتیی ئەوەی کرد کە تورکیا کارێکی وەها بکات.بەڵام تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە رۆژبەرۆژ لە خەتی ئەمریکا دوور دەکەوێتەوەو ئەوەشی پیشانداوە کە جاربەجار بەپێچەوانەی ویستەکانی ئەمریکا هەنگاو هەڵدەگرێ.

بە کورتی دەمەوێ بڵێم کە هەڕەشەی ئەمجارەی تورکەکان زۆر جیدیترە. ئەگەر ئەمریکا و عێراق و حکوومەتی هەرێم سەبارەت بە مەسەلەی بوونی پەکەکە هەنگاوێك هەڵنەگرن کە لانیکەم رای گشتیی تورکەکان بە شێوەیەك رازی بکات، ئیحتیمالی لەشکرکێشییەکە زۆرە.

**پێت وایە ئەمریکا لە بەرانبەر ئەو وریا کردنەوەیەی بە دەوڵەتی تورکیەی داوە فشاریش دەخاتە سەر PKK بۆ ئەوەی چالاکیيە سەربازییەکانی راگرێ یان شێوازی دیکەی خەبات بگرێتە بەر؟**

**زریان رۆژهەڵاتی:** رۆبەرت گەیتس وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە دوایین لێدوانی رۆژنامەوانیدا دەڵێت کە ئێمە دەتوانین شەڕی پەکەکە بکەین هەڵبەت ئەگەر عێراقییەکان هاوکاریمان بکەن و زانیاریمان لەسەر پەکەکە پێبدەن. ماوەی چەند ساڵە حکوومەتی ئەمریکا بەردەوام ویستەکانی تورکیا بۆ شەڕ کردن لەگەڵ پەکەکە رەت دەکاتەوە. سێ ئامانجیشی لەمە هەیە: یەکەم ئەوەیە کە نایەوێ بەرەیەکی دیکەی شەڕ لە عێراق بکاتەوە، دووهەم نایەوێ رای گشتیی کورد لە دژی خۆی بوروژێنێ و سێیەمیش ئەوەیە کە ئەمریکا پێویستی بە کارتی پەکەکە هەیە بۆئەوەی کە جاروبار لە بەرامبەر لاسارییەکانی تورکیادا بەکاری بهێنێ.

لە لایەکی دیکەوە حکوومەتی ئەنقەرە بیانووی بە پەکەکە دەگرێ و تەئکید دەکاتەوە لەوەی کە مومکینە دەروازەی سنووری خابوور و بنکەی سەربازیی ئینجەرلیك دابخات و هێرش بکاتە سەر کوردستان. خابور و ئینجەرلیك بۆ ئەمریکا زۆر گرنگە.٧٠٪ی پێداویستی یەکانی سوپای ئەمریکا لە عێراق لە خابوورەوە دەگات، هەروەها ئینجەرلیك بنکەیەکی باشە بۆپشتیوانیی لۆجستیکیی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. ئەمریکا خوازیاری ئەوەش نیە کە هەرێمی کوردستانیش نائارام بێت بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە هەوڵبدات بۆ هێورکردنەوەی تورکیا تەنانەت مومکینە هەندێك لە بارەگاکانی پەکەکەش بۆردومان بکات یان هەندێك شتی دیکە بەڵام لەو قەناعەتەدا نیم کە خوازیاری لە ناوچونی پەکەکە بێت.

**ئەو فشارانەی لە ئاکامی چالاکییە**



**سەربازییەکانی PKK بۆ سەر دەوڵەتی تورکیا دروست بوون چ کاردانەوەیەکی لەسەر ململانێی ئەم پارتە لەگەڵ پارتە رکەبەرەکانی هەیە؟ دەکرێ بڵێین ئەگەر کابینەی پارتی دادو گەشەپێدان هێرشی سەربازی نەکاتە سەر پێگەکانی PKK لە باشووری کوردستان، زیاتر بکەوێتە ژێر گوشاری هێزە ناسیونالیستو رەگەزپەرستەکانی تورکو بەم پێیەش لەنێو بیروڕای خەڵکی تورکیەدا پێگەی لاواز بێ؟**

**زریان رۆژهەڵاتی:** زیادبوونی چالاکییەکانی ئەم دواییەی پەکەکە کاریگەریی هەبووە لە سەر پێشکەوتنی ئەو قسەو باسانەی کە سەبارەت بە لەشکرکێشی کردن بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان لە تورکیا هەبوون. تورکیا ئەو چالاکییانە بە بیانوو دەهێنێتەوە. دیارە تورکیا مەبەستی دیکەیشی هەیە بەڵام پەکەکە وەکوو بیانوویەك بۆ بەدیهاتنی ئەو مەبەستانە بە کار دەهێنێ. پێویستە پەکەکە رێگە نەدات کە تورکیا ئەو بکاتە بیانوویەك بۆ لە ناوبردنی دەسەڵاتی کوردی .

ئێستا بمانەوێ و نەمانەوێ هەرێمی کوردستان بۆتە ناوەندێکی سیاسی بۆ کورد و دەسەڵاتی کوردیش لێرەدا هەرچۆنێك بێت بابێت تەمەن درێژترین دەسەڵاتی کوردییە لە سەردەمی نوێدا و پاراستنەکەی بە گوێرەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەرکی هەموو کوردە. لێرەدا ئۆپۆزیسیۆنی هەموو پارچەکانی کوردستان کۆبونەتەوە. سەرمایەدارانی کورد لە پارچەکانی دیکە روویانکردۆتە ئێرەو کریکارەکانیش لێرە کار دەدۆزنەوەو رۆشنبیرو نووسەرانیش کۆڕو کۆبوونەوە گرنگەکانیان لێرەدا دەگرن. جگە لەوەش ئەو هەرێمەی کە ئێستا هەیە رەواییەکی لە ئاستی جیهانیدا هەیە نابێ کورد بە سیاسەتی هەڵەی خۆیەوە ببێتە هۆی تێکدانی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە هەرێمەکە هەیە.

مەسەلە دژایەتیکردنی پەکەکە نیە. پێم وا نیە کورد ئەوەندە دژ بە خۆی بێت کە لە نێوان پەکەکە و تورکیادا تورکیا هەڵبژێرێ. بەڵام مەسەلەکە لەوە دایە کە نابێ کارێك بکرێت کە بیانوو بکەوێتە دەستی تورکیا. مادام کە پەکەکە لە هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێیە ئەبێ ئەو بارودۆخە موراعات بکات. ئەگەر ئەو جۆرە سیاسەتەشی بەدڵ نەبێت دەتوانێ ناوەندەکانی خۆی بگوازێتەوە بۆشوێنێکی دیکە. ئەمە بە سوودی هەموو نەتەوەی کورد و پەکەکەشە. لەوبارەیەوە سیاسەتی ئەحزابی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن زۆر ریئالیستانەترە هەڵبەت ئەمە واتای ئەوە نادات کە من شێوەی کار کردنی ئێستای ئەحزابی کوردی رۆژهەڵاتم بەدڵ بێت..کەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانای ئەوەی هەیە تورکیا و ئێران و ... بکاتە دوژمنی خۆی.

لە کۆمەڵگەی تورکیادا شەپۆلێکی نەژادپەرستی بەرز بۆتەوە. لە کەسێکی سەرکۆلانەوە بگرە هەتاوەکوو رۆژنامەنووس و رۆشنبیر و... کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو شەپۆلە. خۆی لە خۆیدا حکوومەتی ئەردۆغان بە تەما نەبوو داوای مۆڵەتیش لە پەرلەمان بکات بەڵام لە ئەنجامی ئەو زەختەدا ئەو کارەی کرد. پێم وایە لە هەنگاوەکانی دواتریشدا دیسانەکە مەسەلەی زەختی رای گشتی کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر ئەو سیاسەتەی کە ئەردۆغان دەیگرێتە بەر. چونکە لەوە دەترسێت کە دەنگی نەژادپەرستەکان بە دەست نەهێنێتەوەو وەکوو خاین ناوزەد بکرێت و تەنانەت مومکینە ئەگەر ئەوە زۆر پێشبکەوێت و ئاڵۆزییەکان زیاتر بن باسی کودەتای سەربازییش دووبارە بێتەوە رۆژەڤەوە.

**PKK چۆن دەڕوانێتە ئەو نفووزە زۆرەی پارتی دادو گەشەپێدان لە ناوچەکانی باکووری کوردستان هەیەتی؟**

**زریان رۆژهەڵاتی:** گومان لەوەدا نیە کە پەکەکە پارتەکەی ئەردۆغان وەکوو ئەڵتەرناتیڤێکی جیدی بۆخۆی لە قەڵەم دەدات. لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٠دا پارتی رەنجی گەل یانی پارتەکەی لەیلا زانا و هاوڕێکانی کە لە خەتی پەکەکە دابوون، ٩٪ی هەموو دەنگەکانی تورکیای بە دەست هێنا. لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠٢شدا پارتی dhap دەوروبەری ٦٪ی بەدەستهێنا. لە ساڵی ٢٠٠٧یشدا ئەوەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات بوو بە دوروبەری ٥٪ . یانی هەرچی دەچێ دەنگەکانی پەکەکە کەمدەبێتەوە. ئەمەش لەو رێژەیەوە دیار دەبێت کە پارتەکەی نزیك بە پەکەکە لە هەڵبژاردنەکاندا بە دەستی دەهێنێ. لەبەرامبەر ئەوەشدا بە گوێرەی ساڵی ٢٠٠٢ رێژەی دەنگەکانی پارتی دادوگەشەپێدان لە کوردستان دو قات بووە.لە دیاربەکر کە دەڵێن قەڵای پەکەکەیە، پارتی دادو گەشەپێدان ٦ پەرلەمانتاری هەیە و پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیش چواری هەیە. لە بەر ئەمانەش پەکەکە وەکوو ئەڵتەرناتیڤێکی جیدی سەیری ئەرۆدغان و پارتەکەی دەکات و لە بەر ئەوەش زۆر بە توندی دژایەتیی دەکات.

**چۆڵ بوونی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران‌و تورکیا لە PKKچ کارتێکەرییەکی لەسەر هێمنایەتیی هەرێمی کوردستان‌و عێراق دەبێ؟ ئایا پێدەچێ حکوومەتی هەرێم‌و ئەمریکا لەم قۆناخەدا کە دەیانەوێ بە هەموو شێوەیەك ئارامیی هەرێمی کوردستان بپارێزن جارێ بە چۆڵ کردنی ئەو سنوورانە لە هێزەکانی PKK رازی بن؟**

**زریان رۆژهەڵاتی:** ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە ئەگەر پەکەکە نەبێت سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ناپارێزرێت. هەرێمی کوردستان سنووری هاوبەشی دیکەیشی لەگەڵ ئێراندا هەیە کە یارمەتی توندرەوە ئیسلامیەکان دەدات، بەڵام ئاسایش لەو شوێنانەش بەرقەرارە . یانی سەرەڕای هەموو هەوڵەکان ئاسایشێکی کاتی هەیە. پەکەکە ئەو شوێنانە چۆڵ بکات بەشێوەیەك لە شێوەیەکان لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی کوردستانەوە پڕ دەکرێتەوە. جگە لەوەش ژیان کردن بەو جۆرەی کە پەکەکە لە کەش و هەوای سەختی ئەو ناوچانەدا دەیکات کاری ئەلقاعیدەو رێکخراوەکانی دیکە نیە. تەنانەت حزبە نەتەوەییەکانی کوردستانیش کاتی خۆی وەکوو پەکەکە لە چیا نەماونەتەوە. شێوازەکەی ئەوان فەرقی هەبووە لەگەڵ هی پەکەکەدا.ئەلقاعیدەو رێکخراوە هاوتەریبەکانی زیاتر فێری ئەوە بوون کە لە نێو شارەکاندا کارەکانیان ئەنجام بدەن و بۆماوەی کاتی لە شاخەکاندا بمێننەوە هەر لەبەر ئەوەش ئەو ناوچانە بەو هێزانەوە پڕناکرێتەوە کەبتوانێ بەردەوام هەرەشە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی دروست بکات.

**هەموو نیشانەکان دەربڕی ئەوەن کە تورکیا تا دێ لە ستراتیژیی ئەمریکادا کەمڕەنگتر دەبێتەوەو ئەو زیانانەش (ماددیو مرۆیی) کە لە ئاکامی هاوکاری نەکردنی تورکیا لەکاتی پەلاماردانی حکوومەتی بەعس وە هێزەکانی ئەمریکا کەوت کاریگەریی نەرێنیی لەسەر پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو تورکیا داناوە جگە لەوەش ئەگەری ئەوە هەیە کوشتاری ئەرمەنییەکان کە ئێستا لە کومیتەی پێوەندییە دەرەکییەکانی سێنا بە ژینوساید ناسراوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانیش بە ژینوساید بناسرێ. کۆی ئەو گۆڕانکارییانە چ کاردانەوەیەکیان لەسەر پێوەندییەکانی ئەو دوو دەوڵەتە دەبێ‌و ئاسۆی پێوەندییەکانیان بەرەو چ ئاقارێك دەبەن؟**

**زریان رۆژهەڵاتی:** تورکیا و ئەمریکا ماوەیەکی دوور و درێژ هاوپەیمانی یەك بوون. بەڵام ئێستا هاوسەنگییەکان خەریکە وردە وردە دەگۆڕێ. لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە ناکۆکییەکانی تورکیا و ئەمریکا زۆر زەقتر بوونەتەوە. تورکیا رێگەی بە ئەمریکا نەدا کە خاکی وڵاتەکەی بۆهێرشکردنە سەر عێراق بە کار بهێنێ. جگە لەوە پێشتر بە هۆی نەبوونی ئەمریکای لە ناوچەکەدا گرنگیی تورکیا زۆر زیاتر بوو. بەڵام ئەمرۆ ئەمریکا بۆخۆی لە ناوچەکەیە ئەوەتا لە عێراق و ئەفغانستان و هاوپەیمانی دیکەیشی پەیدا کردوە لە ناوچەکەدا. لەبەرامبەر ئەمەشدا تورکیا کە هەست بەکەمبوونی بایەخی خۆی بۆئەمریکا دەکات دەیەوێ زیاتر بەرەو لای رووسیا و ئێران و سووریا بادبداتەوە. تورکیا بە پێچەوانەی ویستی ئەمریکا رێکەوتننامەی سەبارەت بە گازی سروشتی لەگەڵ ئێراندا مۆر کرد و پەیوەندییەکانی لەگەڵ سووریا بە هێزتر کرد. ئەمەش بوو بە مایەی نیگەرانیی ئەمریکا و لەبەرامبەر ئەوەشدا یەکێك لە کارتەکان کە مەسەلەی جینۆسایدی ئەرمەنەکانە لە لایەن دیموکراتەکانەوە لەبەرامبەر تورکیا بەکار هێنرا. بە هەرحاڵ ئارستەی گۆڕانکارییەکان ئێستا بەور ئەوە دەچێت کە بەینی تورکیا و ئەمریکا زیاتر دەبێت و ئەوەش بە سوودی کوردە.

**ئەگەری دەرهاویشتنی PKK لە لیستەی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکا تا چەند بە نزیك دەبینی؟**

پێم وانیە لە ماوەی کورت خایەندا ئەمریکا پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربهێنێ. راستە تورکیا و ئەمریکا ناکۆکییان هەیە بەڵام هێشتا سەنگی تورکیا بۆ ئەمریکا زۆر قورسترە لە سەنگی پەکەکە.

**ئەو رێککەوتنە ئەمنییەی نێوان دەوڵەتی عێراق‌و تورکیا چ کاریگەرییەکی لەسەر جموجۆڵەکانی PKK دەبێ‌و تا چەند دەستی تورکیا بۆ هاتنە نێو خاکی هەرێمی کوردستان ئاوەڵە دەکا؟**

**زریان رۆژهەڵاتی:** ئەو رێکەوتننامەیە بە زیانی کوردە. یەکەم، بە پێی ئەو رێکەوتننامەیە عێراق بەڵێن دەدات کە هاوکاریی تورکیا بکات بۆ دژایەتیکردنی پەکەکە، ئەگەر حکوومەتی عێراق بەهێز بایە دەیتوانی هەندێك شت لەوبارەیەوە فەرز بکات. راستە پەکەکە حەرەکەتێکە کە جاروبار لاساری دەکات بەڵام هەرچی بێت حزبێکی کوردییە و نابێ هیچ لایەنێکی دیکە شەڕی بکات بەڵام ئەمە واتای ئەوەش نادات کە نابێ رەخنەی لێبگیرێت. لە لایەکی دیکەشەوە لەو رێکەوتننامەیەدا باس لە هەندێك رێکەوتننامەی کۆنی نێوان تورکیا و عێراق دەکرێت کە هەموو بە زیانی کوردە. رێکەوتننامەی ساڵی ١٩٢٦ و ١٩٤٦ و ١٩٨٩ هەموو بنەمایەکی دژە کوردانەیان هەیە و لە ماوەی درێژخایەندا کێشە بۆحکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکەن.

# ئەمریکاو ئێران، راپسکانێکی دیکە لە کەنداو

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: موعتەسەم نوورانی

زۆربەی ئەمریکاییەکانو بەشی هەرە زۆری وڵاتانی ئەم جیهانە، راستیی قسەکانی ژێنراڵ دەیڤید پترێوس، فەرماندەری هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقیان بۆ دەرکەوتوە، کە حەوتووی رابردوو لە کاتی راپۆرت دانەوەی بە کۆنگرێس دا کردنی. وێدەچێ لەو ماوەیەدا پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران لە خراپەوە بۆ خراپتر بڕوا. هەردوو وڵات زۆر بە سووکایەتی‌یەوە لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام ئێستا گەیوەتە رادەیەك کە حاڵەتی تەقینەوەی بە خۆوە گرتوە. وێدەچێ جۆرج بووش لە عێراق تووشی هەڵەیەکی زۆر بووەو کەوتۆتە وەسوەسەی زۆرترو، ئێران بە تاوانباری سەرەکی دەزانێ. ئەو رۆژی ٢٨ی ئووت وتی: "ئێران بەڕێوەبەرو پشتیوانی تیرۆریزمی جیهانی‌یە".

هەروەها رایگەیاند کە:" پرۆگرامی چەکی ناوکیی ئێران، رۆژهەڵاتی نێوەراستی هێناوەتە ژێر سێبەری کوشتارێکی بە کۆمەڵی چەکی ناوکی و، دەسەڵاتدارانی ئێران کەوتوونە پیلانگێڕی بۆ کوشتن و لە نێوبردنی فەرماندەرانی هێزەکانی ئەمریکایی لە عێراق". قسەکانی مەحموود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆك کۆماری ئێرانیش، تارادەیەك وەك ئەو هەڕەشانە وان کە بووش دەیانکا. ئەو وەك" راهێنەرێکی رێکخەرو حیسابگەر"، حەوتووی رابردوو رووی کردە قوتابیانی ئێران و دوای ئەوی هەلسەنگاندنێکی کرد وتی: "دوژمنانی وڵاتەکەمان ناوێرن لەگەڵمان بەشەر بێن". هەر چۆنێك بێ بەڕێوەبەری ئەو خشتەو پلانە پێی وایە، بەهەرحاڵ ئەو مەترسییە هەیە کە ئەمریکا لە هێندێك شوێن پشێوی دروست بکا، چ وەك بەشێك لەو




شەڕەی لە دژی گرووپە چەکدارەکانی شیعەی لایەنگری ئێران لە نێو عێراق دەستی پێکردوە، یان بۆ پەکخستنی بەرنامە ناوکییەکەی ئێران. لێرەش، ئاغای ئەحمەدی نەژاد نەیتوانی یارمەتیدەربێ و ئاو بە ئاورەکەدا بکا.

هەر لەگەڵ ئەوە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم لە کۆتایی مانگی ئووت دا رایگەیاند ئێران وردە وردە خەریکی پیتاندنی ئۆرانیۆمە، ئەحمەدی نەژاد پەردەی لە سەر شتەکان لاداو، بە پێچەوانە بە توندی دواو وتی: "ئێران لە وەگەڕخستنی ٣٠٠٠ سانتریفیوژ بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم بە ئامانجی خۆی گەیشتوە و هەرحەوتوویەك کاسکێتێکی نوێی پێوە زیاد دەبێ". ئەگەر ئەمریکا و ئێران بەراستی مەبەستیان لەو قسانە لەگەڵ یەکتر هەڵگیرساندنی شەڕێك بێ، وڵاتانی دیکە ناتوانن بەرگری لە شەڕە بکەن. بەڵام بە هەڵکەوت بۆ کەم کردنەوەی روودانی ئەو شەڕە رێگای دیکە هەن. زۆر پێویستە کە ئەمریکا بێتە سەر ئەو بڕوایە کە بۆخۆی بە تەنیا ناچار نیە لەگەڵ لاسارییە ناوکییەکانی ئێران بەربەرەکانی بکا. لە

مانگی ژوئیەی ٢٠٠٦دا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ راگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم، سێ بڕیاری پێویست و چارەسازی لە سەر ئێران دەرکردوە، تا ئێران نیشان بدا، سەرەڕای درۆ کردنێکی مێژوویی، مەبەستەکانی لە بەرهەمهێنانی ناوکی ئاشتیانەیە. بە متمانەی ئەوان، چینو رووسیە سەرەڕای بەرژەندییە بازرگانییەکانیان، پشتیوانییان لەو بڕیارانە کرد کە بریتی بوون لە داسەپاندنی دوو گەمارۆی ئابووریی مام ناوەندی. بەڵام کە وەك ئاغای ئەحمەدی نەژاد خۆی هەڵدەکێشێ : "ئێران رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی پشتگوێ خستوە". ئەگەر رووسەکانو چینییەکان جیددی بن لە سەر بەرگری کردنی زیاد بوون و کەمبوونی دەسەڵاتی ئەنجومەنی ئاسایش، ئێستا زۆریان پێ خۆشترە هاوکاری ئەمریکاییەکان دەکەن و ئورووپاییەکانیش بە ددانە تیژو فێڵاوییەکانیان رێگاچارەیەکی‌تر پێشکەش دەکەن. هەر وەها باقیی وڵاتانی دیکەی ئەم جیهانە دەبێ بڕبڕەی پشتی رێکخراوی نێونەتەوەیی

ل ١١

دریژەی

## وتووێژی "تلاش" لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

چەشنە پاداشو رێز لێنانێك لە پشتەوەڕا تەقەیان لێدەکردنو ژمارەیەکیان لێ شەهید کردن.

هەروەك لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا عەرزم کردن هێزی بێگانە ئەگەر بیەوێ هێرش بکاتە سەر ئێران بەهۆی دژایەتیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە بڕیاری خۆی پاشگەز نابێتەوەو ئەگەر بەرنامەیەکی ئەوتۆیان لە بەردەست دابێ دیسان بە دڵخوازی وان دەست بۆ هێرش نابەن. بەڵام هەرکات هێزە ئازادیخوازو دێموکراتەکان لە بەرامبەر هێرشی دەرەوەدا دیفاع لە رێژیم بکەن بێگومان ئەوان کۆنەپەرست ترین مۆرەکانو گرووپەکان تەنانەت لە نێو لایەنگرانی کۆنەپەرستی دەخەنە خزمەت خۆیانەوە. چونکە ئەم هێزانە ناتوانن پێش بە هێرش یان رووخانی رێژیم بگرن لە ئاکام دا جارێکی دیکە ئەزموونی تاڵی شۆڕشی ٥٧ لە ئێران دا دووپات دەبێتەوە.

ئەمن پێم وایە تاقە رێگای پێشگیری لە هێرشی ئیحتیمالیی دەرەوە بۆ سەر ئێران بریتی‌یە لە هەوڵدان بۆ رووخاندنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی. ئەگینا نە هێزەکانی رۆژئاوا بە تکاو رەجای ئۆپۆزیسیۆن دەست لە بەرنامەی هێرش بۆ سەر ئێران ـ ئەگەر بەرنامەیەکی وایان هەبێ ـ هەڵدەگرنو نە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دەتوانێ پێش بەو هێرشە بگرێ یان بەرپەرچی بداتەوە.

تلاش: پێویستە بە وەبیر هێنانەوەیە، لە پاڵ عەمەلیاتی جینایەتکارانەی تێرۆریستەکان شتێکی دیکە کە بۆتە هۆی لاوازیی زیاتری دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق، ئەولەویەت دانی بەرژەوەندی‌یە قەومی ـ مەزهەبی‌یەکانی هێزە ئیئتیلافی‌یەکانی ئەم دەوڵەتەیە. وا دیارە سێ هێزی ئیئتیلاف مەسەلەی یەکپارچەیی عێراقیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە "مێژوویی"یەکانیان بە بارمتە گرتوە، ئەمە وێکچوونێکیشی لەگەڵ هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتی هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران هەیە. ئاگاهیو دژایەتی لەگەڵ جینایەتەکانی رێژیمی ئیسلامی نەبووە کۆسپی تێگەیشتنی دروستی ئەو هێزانەی ئەو کات چوونە بەرەی دیفاع لە ئێرانەوە بە پێچەوانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێندێك گرووپی بچووكو گەورەی دیکە کە چوونە بەرەی هێرشکەرانەوە ـ لە بارەی گرنگیی پاراستنی وڵات وەك بەرزترین ئەولەویەت بۆ ئەوان.

هەر ئەم ئەزموونە لەوانەیە دیسان دووپات بێتەوە. هەر بەو جۆرەی کە شەڕی هێزەکان لەگەڵ رێژیمی ئیسلامی هەروا لە گۆڕێ دایەو زۆر درێژ بۆتەوە: هەر بەو شێوەیەش ئەوان نایانەوێو تەنانەت وشیارتر لەوەن کە لە رێگەی ئەم خەباتە نێوخۆیی‌یەدا، مەوجوودییەتی وڵات نەبێتە قوربانی.

یەکێك لەو مەسەلانەی دەتوانێ کاریگەریی نیگەتیڤو تێکدەرانەی لە سەر ئەم خەباتە هەبێ، بۆچوونی جیایی خوازانەی هێندێك هێزە کە بە ئاشکرا پشتیوانی لە هێرش بۆ سەر ئێران دەکەن. یەك لەوان رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ مستەفا هیجری ئامانجیان پێکهێنانی "کوردستانی گەورە"یە کە بە وتەی ئەو: ئەگەر ئەمڕۆ دروشمی سەربەخۆیی‌خوازی ـ کاتێك نزیك بە دوو ساڵ لەمەوبەر لە کۆنفرانسی "سەربەخۆیی کورد لە واشنگتۆن" قسەی دەکرد ـ لە گۆڕێ دا نیە بەهۆی ئامادە نەبوونی "هۆی نێونەتەوەیی‌و ناوچەیی‌و نێوخۆیی"یە. ئایا هێرشێکی نیزامی بۆ سەر خاکی ئێران بریتی نیە لەو "دەرفەتە لەبارە " بۆ ئەم حیزبە لە خزمەت بە بەڕێوەچوونی ئامانجەکانی‌دا؟ بەڵگەو نیشانەیەکی زۆر لە جیهانو ناوچەکەدا وەڵامی ئەرێ بەم پرسیارە دەدەنەوە.

حەسەن زادە: بەپێچەوانەی بۆچوونی ئێوە ئەمن پێم وایە هەموو ئەو هێزانەی لە عێراق دا لە دەسەڵات دا بەشدارن، بە تایبەتی سێ گرووپە سەرەکی‌یەکە پابەندی بەرژەوەندیی گشتیی وڵاتن. ئەو گرووپانەی هاواری وڵاتم رۆ بەرز دەکەنەوەو وەنەبێ لە فکری بەرژەوەندیی وڵات دا بن، بەڵکوو لە فکری دەسەڵاتی پاوانکراوی لە دەست چوویان دان. بەڵێ! هەم لە ئێران داو هەم لە عێراق دا کەسانێك بەرژەوەندیی گشتیی خەڵك لە پاوانکردنی دەسەڵات لەبەر دەستی گرووپێك یان نەتەوەیەكو خستنە پەراوێزی خەڵکی دیکەدا دەبینن. بۆ ئەو کەسانە رێژیمی پێشووی عێراق ئیدەئال بوو، ئەو رێژیمەی کە دەسەڵاتی لە بەر دەستی گرووپێك، حیزبێكو تەنانەت تاقە کەسێك نابووو گرووپەکانی دیکەی خستبووە پەراوێزەوە. هەر لە جێدا جیاوازیی عێراقی نوێ لەگەڵ رێژیمی پێشوو لەوە دایە کە بە گوێرەی قانوونی ئەساسیی نوێ وڵاتی عێراق ئی هەموو عێراقی‌یەکانەو هەموویان خاوەن مافنو دەبێ بەپێی قانوون خاوەنی مافو ئیمتیازی وەك یەك بنو ئەرکی وەك یەکیان لە سەر شان بێ. ئەمن بۆخۆم ئەم شێوە دابەشکردنەی دەسەڵاتم پێ لە دەست بەسەر داگرتنی دەسەڵات لەلایەن گرووپێکەوە باشترە.

تلاش: ئێوە وەڵامی ئێمەتان لە بارەی هەڵوێستی ئێستای حیزبی دێموکراتی [کوردستانی] ئێران دا لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی ئێستاو مەترسیی هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران دا نەدایەوە. بەڵام لە دیفاعێك دا کە لە هێرش بۆ سەر عێراقو هەلومەرجەکەی کردت، ئەم نیگەرانی‌یە زیاتر هەستی پێدەکرێ کە ئێوەش وێڕای رێبەرایەتیی حیزب داهاتوویەكو نموونەیەکی وەك عێراقتان بۆ ئێران پێناخۆش نیە. ئەوەی پێوەندیی بە دابەشبوونی دەسەڵاتی دێموکراتیکەوە هەیە هیچ پێوەندی‌یەکی بە دابەشبوونی یەکپارچەیی وڵاتێكو نەتەوەیەکەو نیە. ئەوەش کە لە عێراق دا لە رێگەی قانوونی ئەساسی‌یەکەیەوەو هەروەها لە رێگەی پێداگرتن لە سەر بۆچوونە قەومی‌و مەزهەبی‌یەکانی رێبەرانو گرووپە سیاسی‌و هێزە چەکدارەکانیانەوە دەکرێ، نەك دابەشکردنی دەسەڵات بەڵکوو دابەشکردنی وڵاتو نەتەوەی عێراقە. ئەوە مانایەکی قووڵی هەیە کە لە بارەی چارەنووسی عێراقو دابەشبوونی قەومی ـ مەزهەبی‌یەکەی دا سەنای ئەمریکا بڕیار دەدا. ئەم ئاکامە تاڵە لەگەڵ چارەنووسی جێی‌داخی خەڵکی بێ‌تاوانی عێراق داو بارودۆخی کۆنترۆڵ نەکراوی ئێستایە کە هێرشی ئەمریکا بە هاندانو یارمەتیی هێندێك گرووپی سیاسی ـ قەومی ـ مەزهەبی هیچ چەشنە بنەمایەکی مەشرووعی لەم وڵاتەدا نەهێشتۆتەوە. هەم ئێوەو هەم سەرۆکی قەومو گرووپە مەزهەبی‌یەکانو هەم گرووپە چەکدارەکان باش دەزانن، ئەو دەوڵەتە بێ رووحو لاوازە ناوەندی‌یە کە بە رواڵەت سەمبولێك لە عێراق وەك وڵاتێکی سیاسی‌یە، بەبێ حوزووری هێزە چەکدارەکانی بێگانە لە خاکی ئەم وڵاتەدا ئەم مانەوە رواڵەتی‌یەش نامێنێ. پێشنیاری ئێستای تاڵەبانی لە بارەی دابەشبوونی هێزە چەکدارەکانی دەرەوەو دامەزرانیان لە سێ ناوچەی باکوور ـ کوردستان ـ باشوور ـ شیعەکانو ناوەندی سوننی‌یەکان مانایەکی زۆری هەیە. بەڕێز تاڵەبانی بۆخۆی دەزانێ بە چ مەرامێکەوە لە سەرەتاوە ئەو گەمەیەی دەست پێکردوەو باش دەزانێ بەبێ هێرشی ئەمریکاو بەبێ مانەوەی هێزە چەکدارەکانی مەرامی سەربەخۆیی کوردستانیش وەدی نایە.

بەڵام دوایین پرسیاری ئێمە: هەموو هێزە ئازادیخوازەکانو دێموکراتەکانی ئێران هەر چەشنە خەباتێکی چەکدارانە بە مەبەستی رووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی رەت دەکەنەوەو پێیان وایە دەسەڵاتێك کە بە زەبری چەك بەدەست بێ، دەبێ بە چەکیش بپارێزرێ. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای هێندێك حیزبی قەومی نەك هەر ئەم شێوە (خەباتە) رەت ناکەنەوە، بەڵکوو هەموو هەواڵو راپۆرتەکان ـ بۆ وێنە بە پشت بەستن بەو راپۆرتانەی لە راگەیەنە خەبەری‌یەکانی ئەڵمان دا بڵاو دەبنەوە ـ ئەوە نیشان دەدەن کە هێندێك لەو گرووپە سیاسی ـ نیزامیانەی کورد وەك پێژاك بەئاشکرا بە چەكو پووڵی بێگانەو دراوسێ‌یەکانی ئێران خەریکی بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی نیزامی لە سنوورەکانی ئێران دان. بۆچوونتان لە بارەی کردەوەو نێوەرۆکی ئەم پرسیارەمان بدەنەوە.

حەسەن زادە: ئەمن بە روونی‌و بەراشکاوی هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەی هێرشی ئیحتیمالیی هێزەکانی دەرەوەدا وەڵامم دایەوە. ئێستا ئەگەر بەهەر هۆیەك قەناعەتی پێ نەهێنابێو ئێوەی رازی نەکردبێ خەتای من نیە. ئەمن پێم وایە لە وڵاتێك دا کە حەشیمەتەکەی پێکهاتەیەکی فرەچەشنە، وەك ئێرانو عێراق، بەرزترین نوێنگەی دابەشبوونی دەسەڵات هەر ئەو شێوە دابەشکردنەیە کە لەسەر بنەمای ئەم فرەچەشنی‌یە بێ، بێ ئەوەی زەرەر بە یەکپارچەیی‌و یەکیەتیی وڵات بگەیەنێ. بۆ لە وڵاتانی وەك بێلژیك، سویس، هیندو تەنانەت ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی دا لە بواری دابەشبوونی وڵات دا ئەم جۆرارجۆرییە لە پێکهاتەی حەشیمەت دا وەبەرچاو نەگیراوە؟ بەراستی یەکیەتی‌و یەکپارچەیی ئەم وڵاتانە لەسەر ئەم بنەمایە زەرەری پێ گەیوە کە ئێستا دەبێ لە ئێرانو عێراق دا خۆی لێ بپارێزین؟

سەیرە! ئێوە ئەو راپرسی‌یەی خەڵکی عێراقتان لەبەرچاو نیە کە زیاتر لە ٨٠ لەسەدی دەنگدەران بە قازانجی جێگیر بوونی‌سیستمی فیدرالی دەنگەکانیان دەسندووقەکان هاویشتو باس لە خەڵکی مەزلوومی عێراق دەکەن. لە روانگەی ئێوەوە خەڵکی عێراق کێن؟ کۆمەڵانی‌میلیۆنی کە چوونە پای سندووقەکانی دەنگدانەوەو لە باری سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتەکەیان دا بڕیاریان دا یان ئەو تیرۆریستی دڵڕەشانەی خۆتان گوتەنی بە یارمەتیی چەكو پووڵی بێگانەو یەك لەوان حکوومەتی عەدڵی ئیسلامی! هەموو رۆژێ ژمارەیەك لە خەڵکی بێ تاوانو بێدیفاع لە ژنانو منداڵان شەهید دەکەن؟ ئێوە کە راستەوخۆو ناراستەخۆ ئێمە بە لایەنگری لە ئەمریکا تاوانبار دەکەن پێتان وا نیە بەم جۆرە قەزاوەتانە بتانەوێو نەتانەوێ دەکەونە لای موخالیفانی جێگیر بوونی ئارامی‌و ئاسایش لە عێراق دا؟

لە بارەی ئەوەش دا کە ئایا ئەمن موافیقی سیستمی عێراقم یان نا، راشکاوانە دەڵێم: ئارەزوو دەکەم ئەو سیستمە فیدرالی‌یەی کەئێستا لە عێراق دا لە لایەن زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتەوە پەسند کراوە هەرچی زووترو بە شێوەیەکی زۆر پێشکەوتووانەتر لە ئێران دا جێگیر بکرێ. بە بۆچوونی من ئێران وڵاتێکی یەك نەتەوەیی نیە بەڵکوو فرەنەتەوەیی‌یە کە خەڵکەکەی لە نەتەوەکانی فارس، تورك، ئازەربایجانی، کورد، عەرەب، بەلووچو تورکەمەن پێك هاتوە. ئێستا ئەگەر قەرارە هەموو ئەو جۆراوجۆرییە ناوی نەتەوەی ئێرانی بۆ دابنێین لە روانگەی ئێمەوە قەیدی نیە، بەو مەرجەی هەموو لایەك قبوولی بێ کە نەتەوەی ئێران لە قەومی فارس، ئازەربایجانی، کورد،و ئەوانی دیکەش پێك هاتوە. بەڵام ئەوە کە فارسەکان بە تەنیا وەك نەتەوەی ئێران ناوبەرنو نەتەوەکانی دیکە بە قەوم ناو بەرن لە بنەڕەت دا راست نیە.

بەڵام لە بارەی دوایین پرسیارتان دا، یەکەم، با بزانین ئەو حوکمە گشتی‌یە کە گۆیا هەموو هێزە ئازادیخوازو دێموکراتەکان خەباتی چەکداری رەت دەکەنەوە لە کوێوە هاتوە. خەباتگێرانی کورد بە گشتی کە لە رێگای جێگیر کردنی دێموکراسی دا نرخێکی زۆریان داوە لەگەڵ ئەوەش دا کە قەت وەك یەکەم رێگە سەیری ئەم شێوەیە لە خەباتیان نەکردوە هەمیشە وەك شێوەیەکی داسەپاو لە خەبات دا سەیریان کردوە، هیچ کامیان ئەو شێوە لە خەباتەیان رەت نەکردۆتەوە. لە نێو دێموکراتەکانی دیکەی ئێرانیش دا کەم نین ئەو هێزانەی کە هەر کات رێژیمی فەرمانرەوا هەروا رێگەکانی خەباتی ئازادیخوازانە لە تێکۆشەرانی سیاسی بگرێو جارێکی دیکە نیزامی‌یەکان لە گیانی خەڵکی ئازادیخواز بەربن، پەنا بردن بۆ خەباتی چەکدارانە بە شتێکی بی ئەملاوئەولا دەزانن. ئەوەندی پێوەندیی بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە هەیە، ئەم حیزبە هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە مەسەلەی کوردستان رێگە چارەی نیزامیی نیەو دەبێ لە رێگەی ئاشتیخوازانەوە لە فکری چارەسەر کردنی دابین. بەڵام هەر لەم کاتەش دا هەر کات پێویستیی دیفاع لەمانو سەروەریی گەلی کورد هاتۆتە پێش پەنای بۆ بردوەو بەنرخترین سەرمایە ئینسانی‌یەکانی خۆی لەم رێگەیە دا بەخت کردوە.

لە بارەی پێژاکیشەوە دەبێ بڵێم، هەرچەند ئەمن تێ‌بینیم لەسەر سیاسەتو کردەوەکانی ئەم رەوتە سیاسی‌یەو هەورازتر لەوەش پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) هەیە، بەڵام بێگومان بۆچوونی من لەم بارەیەوە لە گەڵ روانگەی دەوڵەتانی تورکیە، ئێرانو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا لە بنەڕەت دا جیاوازە. بە کورتی ئەمن ئەوانە بە تیرۆریست نازانم.

تلاش: بەڕێز حەسەن زادە! سوپاستان دەکەم.

# قەیرانی ڕەخنە لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی

## لە وەڵامی کاك فەروخ نیعمەتپووردا

مستەفا مەعرووفی

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بلاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

چەند ساڵێکە قەیرانێکی سیاسی - تەشکیلاتی تەواوی حیزبو ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوەو چەند لەتبوونو جیا بوونەوەی لە حیزبە سەرەکییەکانی ئەم بەشە لە کوردستان دا لێکەوتۆتەوە. دەتوانین بڵێین کێشەو ململانێی ڕابردووی نێوان حیزبو ڕێکخراوەکان جێی خۆی داوە بە کێشەو ململانێی نێو خۆی حیزبو ڕێکخراوەکان. نووسەرانو خاوەن ڕایانی سیاسی لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە بۆ ئەم قەیرانە دەچن. لەم پێوەندییەش دا بۆچوونو ڕوانگەی جۆراوجۆرو تەنانەت دژبە یەك دێنە گۆڕێ. لە پێوەندی لەگەڵ لایەنێك لە خەباتی ئۆپۆزیسیونی کورد واتە خەباتی چەکداری دا بۆچوونی وا هەیە کە بوونی ئەم شێوە خەباتە یان ئەگەری بوونی خەباتی چەکداری بە سەرچاوەی قەیرانەکان دەزانێو بۆچوونی واش هەیە کە نەبوون یان لاوازیی خەباتی چەکداری بە سەرچاوەی قەیران دەزانێ. دیارە هەر وەك لە میدیا کوردیەکانەوە دەردەکەوێ ئەم قەیرانە هەر تایبەت نیە بە ئۆپۆزیسیونی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بەڵکوو باس لە قەیرانی نێوخۆیی هێزە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەکرێ کە هەلومەرجیان لەگەڵ ڕۆژهەلاتی کوردستان جیاوازە.

لە ژمارەی پێشووی "کوردستان"دا وتارێك لەلایەن بەڕێز فەروخ نیعمەت پوورەوە بلاو بۆتەوە لە ژێر ناوی "قەیران لە ئۆپۆزیسیونی کوردی"دا. لەم وتارەش دا هەوڵ دراوە هۆی قەیران لە ئۆپۆزیسیونی کوردا دا بگەڕێتەوە بۆ خەباتی چەکداری. لەو پێوەندییەدا کاك فەروخ حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد بە " حیزبە چەکدارەکانی کورد" ناو دەبا کە هەوڵیان داوە خەباتی چەکداری "بە سەر خەڵکی دا بسەپێ"و هەمیشە "لەو بیرە هەڵەیە"دا بوون کە "هەلومەرجەکان هەروەك جارانو خەباتی چەکداری تاکە شێوازی ڕاستەقینەی خەباتە." کاك فەروخ هەوڵی داوە سەرچاوەی قەیرانەکان بۆ ئەوەی بگەڕێنێتەوە کە بەهۆی پەرەگرتنی "ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنو پەرەگرتنی شارنشینی" بەستێنی خەباتی چەکداری بۆ "حیزبە چەکدارەکان"و "خەباتکارە چەکدارە لە خۆبایییەکان" نەمێنی "بەڵام خاڵی کەڵك وەرگرتن لە ناکۆکیی وڵاتانی ناوچەو ئیمکانی یارمەتی وەرگرتن لەو بەری سنوورەکان بواری بۆ بەردەوامیی ئەو ڕەوتە خۆش کرد"وە. پاشان کە بۆیان دەرکەوتوە" هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بۆ خەباتی چەکداری چەندە گوماناویو لێڵو ناروون بووە!!"، "حوزووری نیزامیی ئەمریکاو سیاسەتە شەڕ ئاخێوەکانی ئەو وڵاتە هیوای هەڵسوون هێنانەوەی خەباتی چەکداریی لەلایەن ئەوان زیندوو کردبێتەوە." ئەمانە کاکڵی بۆچوونەکانی کاك فەروخ لە بارەی قەیرانی نێو ئۆپۆزیسیونی کوردن کە وای کردوە لەگەڵ "ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگا"دا نەگونجێن. لەو بارەیەوە ئاماژە بە "لەتبوونی حیزبی دێموکرات"و ئەگەری لەتبوونی کۆمەڵە دەکا.



ڕەوتی ڕەخنە گرتن لە خەباتی چەکدارانە بەتایبەتی دوای دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ لە ئێران دا پەرەی گرت. ئەو کات هێندێك کەس کەشفیان کرد کە چەکو شەڕی چەکداریو ئاکامە زیانبارەکانی لە دەسکەوتەکانی زۆر زیاترەو ئەو شێوە لە خەباتەیان خستە ژێر پرسیارەوە! بەشێك لە ڕووناکبیرانی نێوخۆ ڕەنگە ناچار بن خۆ لەو باسە ببوێرن کە بەراستی خەباتی چەکداری بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کورد شێوەیەکی دڵخواز نەبووەو داسەپاوەو تەنیا بە دیفاع لە خۆکردن براوەتەوەو ئەوە ئیرادەی شەڕخوازانەی کۆماری ئیسلامی بوو بە سەر کوردستان داسەپا. بەڵام هێندێك کەس لە دەرەوە ناچار نین بەو ڕێچکەیە دابڕۆن. ئەگینا بزووتنەوەی کورد یەك لەوان حیزبی دێموکرات هەمیشە لەسەر ئەو هەڵویستە سوور بووە کە: "ڕێگەچارەی مەسەلەی کورد سیاسییەوە ڕێگەچارەی نیزامیی نیە". لەو بارەیەوە بەڵگەیەکی یەکجار زۆر هەیە کە تەنیا ئاماژە بە نامەی سەر ئاواڵەی کۆمیتەی ناوەندی لە ١٣٥٨/٧/٣٠دا دەکەم. ئەو نامەیە لە کاتێك دا بلاو بۆتەوە کە بۆیەکەم جار بوو لە مێژووی هاوچەرخی کورددا هێزی کورد سوپای دەوڵەتی ناوەندیی بەچۆك دابێنێ:" زۆر جار گوتوومانەو جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە کە ڕێگەچارەی سیاسیو ئاشتیخوازانە دەبێ تاقە ڕێگەی چارەسەری مەسەلەی کورد بێو ڕێگەی ئاشتیخوازانە دەبێ جێی شەڕی دەستدرێژیکارانەو ماڵوێرانکەرانەی ئێستا بگرێتەوە." (*) دوای ئەوەش ئۆپۆزیسیۆنی کورد قۆناغی جۆراوجۆری لە خەبات دا بڕیون بەڵام لە هیچ قۆناغێك دا لەو هەڵویستەی پاشگەز نەبۆتەوە. لەو وتارەی کاك فەروخیش دا کە حیزبە سیاسییەکان بە "حیزبە چەکدارەکان" ناو براوە کە خەباتی چەکداری "بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن" تاقە یەك جار باسی ئەو هەولانە نەکراوە کە ئۆپۆزیسیۆنی کورد بۆ چارەسەری سیاسییانەی کێشەی کورد داویەتی، ئاماژە بە شکستی ئەو هەولانەو سەپاندنی شەڕ لەلایەن دەولەتی ناوەندییەوە نەکراوە.

پاشان خەباتی چەکداری یان باشترە بڵێین دیفاعی چەکداری کە مەوجوودییەتو حوزووری ئۆپۆزیسیۆنی کورد بەشی زۆری قەرزداری ئەو شێوە خەباتەیە لە وڵاتێك دا کە ئازادیو شێوەکانی دیکەی خەبات قەدەغە کراون لە کاتی خۆی دا پێویستو بەجێیە، یەکێك لە شێوەکانی خەباتە نەك تاقە شێوە. بزووتنەوەی کوردو یەك لەوان حیزبی دێموکرات کەڵکی لە زۆر شێوەی دیکەی خەبات وەرگرتوە. لە ڕاستیدا لە مێژووی ٦٢ ساڵەی ئەم حیزبەدا جگەلە سەردەمی کۆماری کوردستان کە سوپای میللیی پێك هێنا، ١٨ مانگ خەباتی چەکدارانەی ١٣٤٦ــ١٣٤٧و نزیکەی ١٧ ساڵ خەباتی چەکداریی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوەبردوەو باقیی تەمەنی ئەم حیزبە لە شێوەکانی دیکەی خەبات دا تێپەڕیوە. وەك خەباتی تەشکیلاتیو بەپێی هەلومەرجیش خەباتی جەماوەری، خەباتی فەرهەنگی، دیپلۆماسیو تەبلیغیو ڕۆژنامەنووسیو .... باشە بۆ دەبێ ئەو خەباتە هەمەلایەنەیە تەنیا بە یەك شێوە خەبات پێناسە بکرێ. بۆ دەبێ حیزبێکی سیاسیو خاوەن ستراتیژیو ئامانجی سیاسی بە یەکێك لە تاکتیکەکانی کە خەباتی چەکدارییە بناسرێتەوە؟

لە بارەی ئەوەدا کە "ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنو پەرەگرتنی شارنشینی" بەستێنی خەباتی چەکداریی نەهێشتۆتەوە دەبێ بڵێم کە کۆمەڵگای ئێران ئێستاش کۆمەڵگەیەکی مۆدێڕن نیە. پاشان شەپۆلی هەرە گەورەی ڕەوتی شارنشینی لە دەیەی ٤٠ی هەتاویدا پاش ئەو ریزە ڕێفۆڕمانە بوو کە ڕێژیمی شا ناوی نا "شۆڕشی سپی" یان "شۆڕشی شاو خەڵك"!! سەیر ئەوەیە ڕاست دوای ئەو قۆناغە بوو کە خەباتی چەکدارانەی ٤٦ــ٤٧ لە کوردستان وەڕێ کەوت. جگە لەوەش "ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن" بۆ نەبووە هۆیەکی پێشگیرانە بۆ دەوڵەتی ناوەندی لە سەرکەوتنە نیزامییەکانی بەسەر کوردستان داو بۆ بوو بە هۆی نەمانی بەستێنی خەباتی چەکداری بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کوردی؟

لە پێوەندی لەگەڵ "کەڵك وەرگرتن لەو دیوی سنوور"ەوە، لە دنیای سیاسەت دا ئەوە کە هێزی سێیەم لە بۆشایی نێوان لایەنی یەکەمو دووهەم کەڵك وەربگرێ یەکێك لە هونەرەکانی سیاسەتە. ئەو کەڵك وەرگرتنە زیاتر سیاسی بووەو بەشی زۆری ئەو قۆناغە خەباتی چەکداریی تێدا بەڕێوە نەچووە.

بۆچوون لەبارەی "حوزووری نیزامیی ئەمریکا"و"هیوای هەڵسوونە هێنانەوەی خەباتی چەکداری" بۆچوونێکی یەکدەست نیەو ڕوانگەو بۆچوونی جیاواز لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی کورد دا هەیە. تەنانەت بۆچوونی جیاواز لە نێو یەك حیزبیش دا هەبووە. (حیزبی دێموکرات بەر لە لەتبوونی). بۆچوونی وا هەیە کە هیوایەکی زۆری بە هێزی نیزامیی ئەمریکا هەیەو بۆچوونی واش هەیە پێیوایە سیناریۆی ئەفغانستانو عێراق لە ئێرانیش دووپات دەبێتەو بۆچوونی واش هەیە (حیزبی دێموکراتی کوردستان) ئارەزووی بۆ ناکاو زیاتر چاوی لە ڕاپەڕینی خەڵكو یەکگرتنی هێزە سیاسییەکانەو خۆ ئامادە کردن بۆ ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکانە.

بە پێچەوانەی بۆچوونی کاك فەروخ هۆی قەیران لە ئۆپۆزیسیۆنی کورددا "خەباتی چەکداری"و ئەقلیەتی ئەو خەباتە نیە. چونکە ئەم حیزبو ڕێکخراوانە خاوەنی ستراتیژیو ئامانجی سیاسینو خەباتی چەکداری ئەگەر لە قۆناغی جیاجیادا کەڵکی لێوەرگیراوە ئەوەڵەن ڕەوایەو دووهەمەن تاکتیکەو لە پاڵ ئەو تاکتیکەش دا تاکتیك گەلی دیکەش هەبوونو هەن. پاشان ئەم قەیرانانە لە سەردەمێك دا قووڵ بوونەتەوە کە ئۆپۆزیسیۆن تەنیا سەری بە شێوەکانی دیکەی خەباتەوە قاڵەو زیاتر لە ١٢،١٣ ساڵە لە خەباتی چەکداری دوور کەوتۆتەوە. جگە لە مانەش ئەم قەیرانە هەر تایبەت بە حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان نیەو لە باشووری کوردستان دا کە خەباتی چەکداری هەرجێی باس نیەو لەوێ هەلومەرجێکی دیکە زاڵە ئەم قەیرانە هەیە. پاشان مۆدێڕنترین وڵاتانی جیهان پێشکەوتووترین چەکەکان بەرهەم دێننو چەند وڵات لە مۆدێڕنترین وڵاتانی جیهان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانیان هەر ئێستا پەنایان بۆ بەکارهێنانی هێزی نیزامی بردوەو دەبەن.

قەیرانی ئۆپوزیسیۆنی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هۆیەکانی، لە ئاستی ناوچەی خۆی و لە شێوەیەك لە تاکتیکەکانی هەورازترە. ستراتیژیو دروشمو بەرنامەکانی زۆربەی ئەم هێزو لایەنانە لە سەردەمێك دا دارێژراون کە ئەو ستراتیژو دروشمو بەرنامانە بۆ ئەوکات گونجاوو لەبارو مومکین بوون. بەتایبەتی کاریگەریی وڵاتانی سوسیالیستیو هێزە چەپەکان لە سەر ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە بەرنامەو بەتایبەتی لە پێکهاتەو پەیرەوی نێوخۆی ئەوان دا کاریگەریی بەرچاو تەنانەت بناخە دانەری بووە. بەتایبەتی لە بارەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە زۆر جار گوتراوە کە بۆ یەکەم جار ئوسوولو پرەنسیپو ڕابیتەی حیزبی، حیزبی دێموکرات هێنایە نێو بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکراتیش لە حیزبی توودەوە پێیگەیشت کە دیارە ئەویش لە یەکیەتیی سۆڤیەتی وەرگرتبوو. پێکهاتەی حیزبەکان کەمو زۆر ئێستاش هەر ئەو پێکهاتەیە. بەڵام ئێستا ئەو چەمكو پێکهاتەیە بە تەواوی کەوتوونەتە ژێر پرسیارو وردەوردە کۆمەڵ گەرایی جێگەی خۆی دەدا بە فەردگەراییو فەرد ناچار نیە لە کۆمەڵ دا ون بێ. ئەو بۆچوونە لە داوای مافی کەمایەتی دا ڕەنگی داوەتەوە کە کەمایەتی لەگەڵ ئەوەدا دەبێ ڕێز لە ئیرادەی زۆرایەتی بگرێ بەڵام مەحکووم بە فەوتانو نەمان، کپیو بێدەنگی نیە. ئازادیی فەردیو مافی کەمایەتی لەگەڵ خۆیدا فەرهەنگی ئازادیخوازی، بیرو بۆچوونی جیاوازو جۆراوجۆری، ئازادیی ڕادەربڕینو سەربەخۆیی فەردیو گرووپیو..... لەگەڵ خۆیدادێنێو شتێك کە لەگەڵ بۆچوونی زاڵی ڕابردوودا لە دژایەتی دایە. کەسانێك لە نێوخۆی حیزبەکان دا بە توندی بە چەمکەکانی ڕابردووەوە دەنووسێن کەسانێکیش دەیخەنە ژێر پرسیارەوە، کەسانێك بەرژەوەندیی دەسەڵاتو تاکە کەسیو گرووپیی خۆیان لە مەترسی دا دەبیننو کەسانێك دیفاع لە بۆچوونو سەلماندنی بوونی خۆیان بە مافی ڕەواو ئینسانیی خۆیان دەزانن. هۆی سەرەکیی قەیرانەکان دژایەتیو کەوتنە بەریەکی ئەو دوو شێوە بۆچوونەیە. ئەگینا لە نێو هەردوو ئەو بۆچوونەدا کەسانی لایەنگری خەباتی چەکداری هەنو کەسانێکیش هەن تەنانەت دیفاعی چەکدارانەش ڕەت دەکەنەوە. کە وابوو قەیرانە کە بەو شێوەیە نیە کە لایەك خوازیارانی خەباتی چەکداری لە بەرەیەك دابنو خوازیارانی خەباتی مەدەنی لە بەرەیەکی دیکە دا بن. چونکە هۆیەکان لەوە قووڵترو بەربلاو ترن.

*(١) "تلاش در راه تفاهم، مجموعەی اسناد" چاپی ئینتشاراتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی ١٣٥٩، کۆکردنەوەی "ناصر"*

> **خەباتی چەکداری یان باشترە بڵێین دیفاعی چەکداری کە مەوجوودییەتو حوزووری ئۆپۆزیسیۆنی کورد بەشی زۆری قەرزداری ئەو شێوە خەباتەیە لە وڵاتێك دا کە ئازادیو شێوەکانی دیکەی خەبات قەدەغە کراون لە کاتی خۆی دا پێویستو بەجێیە،**

> **بۆ دەبێ حیزبێکی سیاسیو خاوەن ستراتیژیو ئامانجی سیاسی بە یەکێك لە تاکتیکەکانی کە خەباتی چەکدارییە بناسرێتەوە**

> **"ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن" بۆ نەبووە هۆیەکی پێشگیرانە بۆ دەوڵەتی ناوەندی لە سەرکەوتنە نیزامییەکانی بەسەر کوردستان داو بۆ بوو بە هۆی نەمانی بەستێنی خەباتی چەکداری بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کوردی؟**

درێژەی

# ئەمریکاو ئێران، راپسکانێکی دیکە لە کەنداو

وزەی ئەتۆمی (IAEA) بەهێزتر بکەن. محەمەد ئەلبرادعی بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوەکە، پێی خۆشە ئێران لە پەیمانی قەدەغەکردنی پەرەپێدانی چەکی ناوکیدا بمێنێتەوەو، پشکێنەرەکان لەو وڵاتە دا رابگرێ و، ئەگەری لێدانی زەبری نیزامیی ئەمریکاش پووچەڵ بکرێتەوە. ئەوانە مەبەست گەلێکی باشن: هێرشێکی نیزامی بۆ سەر شوێنە ناوکییەکانی ئێران رەنگە سەرکەوتوو نەبێ و شەڕ دەست پێبکا. بەڵام ئێستا ئەلبەرادەعی لە داوی ئێران کەوتووە، ئێران بۆ چالاکییە ناوکییەکانی ئیزنێکی ناڕاستەوخۆی وەرگرتووە ئاژانسی وزەی ناوکییش نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بکا .

ئێران و ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی رایانگەیاندوە کە سەبارەت بە هاوکارییەکانی داهاتوویان تیگەیشتنێکی تازەیان لە نێوان دا دروست بووە. ئەوە شتێکی ترسناکە. سەڕەرای ئەوەش پشکێنەران لە چەند بواردا پرسیاری زۆر باشیان هەیە کە ڕێگا بە ئێران دەدا زانیاریی زیاتر بە دەستەوە بدا. پرسیارەکان دەبێ هەتا نیوەڕاستی مانگی داهاتوو بێنەگۆڕێ. ئێران هیچ بەڵێنێکی دروستی نیە. مەگەر پشکێنەرەکان نوسخەی ڕووداوەکانی ئێران ("بەستنی دۆسیەکەی") لەسەر هەموو مەوزووعێکی بە دوای یەك دا قبووڵ بکەن، ئێرانی، یەکانی بەم شێوەیە کۆمەڵە ولامەکانی دواتر ئامادە ناکەن و خۆ دەبوێرن. ئێران کاتێك متمانە بە راپۆرتی نوێی پشکێنەرەکان دەکا کە زۆر قوڵ تێڕانەچن و، بەڕە لەسەر هەتیوان هەڵنەدەنەوە.

**گرێ کوێرەی ئەو ڕاپسکانە**

ئەو بڕیارە تازەیەی کە لە جیاتی ڕێگاچارەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ( un ) و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی( IAEA ) هاتوە، درۆ مێژوویییەکانی ئێران و نهێنییەکانی ئاشکرا دەکا، کە قەرار بوو هەموو کارەکانی بەرهەمهێنانی ئۆرانیۆم و پلۆتۆنیۆم رابگرێ . تا ئێستاش کارەکە بەردەوامە . ئاغای ئەلبرادعی گوتوویەتی لەو کاتەوە کە ئێران شارەزایی زۆر یاش و پسپۆریی لەو بوارەدا وەدەست هێناوە داوالێکردنی ئەوە کە بەرهەمهێنانی وزەی ناوکی راگرێ شتێکی بێ سوودە. بەڵام ئەوانی تر ئەو پسپۆرەییەیان هەیە و کەڵکی لێ وەرناگرن. قسەکانی ئاغای ئەلبرادعی ئەوە دەگەیەنی کە دەڵێ: " وا باشترە ڕێگا بە ئێران بدرێ لە کارەکەی بەردەوام بێ بەڵام سنووردار بکرێ و لە ژێر چاوەدێریی نزیکی ئێمەدا بێ". بەڵام کێشەکە لەوە دایە کە ڕێکخراوەکەی، هیچ بیر لەوە ناکاتەوە کە ئێران لە شوێنێکی دیکە کاری ناوکی دەکا و گوێ بە هیچ یاسا و ڕێسایك نادا و لە شوێنێکی دیکە ئەو شارەزاییانە بەکار دەبا.

دەستڕاگەیشتنی بووش بە ئێران بەزم و هەڵای زۆری بە دوایە ، وا دێتە بەر چاو لەگەڵ ئەوەی ڕێژیمی ئێران لە کاتی شەڕی ئەفغانستان بۆ لابردنی تالیبان لەو وڵاتە لەگەڵ ئەمریکا هاوهەڵوێست بوو، بەڵام متمانەی پێ ناکا چونکە باش لە مەبەستی ئێران ئاگادارەو پێی لە سەر ئەوە داگردۆتەوە کە لەو دوژمنایەتییە دا ئێران خۆی بە هێز کردوەو خولیای وەدەست هێنانی بۆمبێکی هەیە. ماوەیەك لەمەوبەر ئەمریکاو ئێران چاویان بە یەکتر کەوتوە بو بە ململانێی کردنی یەکتری بۆ زاڵ بوون بە سەر کەنداو لە دوای سەدام. بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بەرژەوەندیەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست رەنگە لەوەدا بێ کە ئەوان بتوانن بە دوای هێندێك شتی باش و ڕێگاچارەی باش دا برۆن. بەڵام ئەوە نەلواو دیتە بەر چاو ، ئەگەر ئێرانییەکان وا بیر بکەنەوە کە دەتوانن زۆر بەسانایی بۆمبی ناوکییانهەبێ وڵاتانی ناوچەکە وەزعێکی باشتروئارامتریان دەبوو ئەگەر باقیی وڵاتانی جیهان ئێرانیان لەو هەڵەیە ئاگادار کردبایەوە .

سەرچاوە:
The Economist،
ژمارە ٨٥٤٥، ٨ی سێپتامبری ٢٠٠٧

# پیلانی هەرێمیی دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەرکی پارتە سیاسییەکان

برایم جەهانگیری

لە چەند رۆژی رابردوو دا هەرەشەکانی ڕێژیمی تورکیا بۆ سەر دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان رواڵەتێکی جیددیتریان بەخۆوە گرتووەو هەردەم مەترسیی ئەوە هەیە کە شەڕێکی نەخوازراو بەرۆکی گەلی کورد لە باشووری کوردستان دا بگرێ. تا کات تێپەر دەبێ لە کارەسات و نەهامەتی و وێرانی و کوشت و کوشتار نزیك دەبینەوە، لەم نێوەدا ئەوەی بۆ هەموو لایەك روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە گەڵاڵەی پیلانێکی ٤ قۆڵی لە دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئارا دایە. پیلانێك کە بەهانەکەی کوژرانی ١٥ سەربازی تورکە بە دەستی چەکدارەکانی پ ك ك.

لە چەند مانگی رابردوو دا سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالکی بۆ تاوتوێ کردنی کێشەی پ ك ك لەگەڵ کاربەدەستانی تورك چەند دانیشتنێکی فەرمیان ئەنجام داو کاربەدەستانی ئێران و تورکیەش چەند دانیشتن و چاو پێکەوتنیان هەبووەو لە هەموو دانشتنەکان دا بە ئاشکرا کێشەی پ ك ك و پێژاك باسی لە سەر کراوەو بە روونی ئاماژە بەوە کراوە کە بۆ لە بەین بردنی ئەو هێزە چەکدارە هەردووك لایەنی ئێرانی و تورکی ئامادەی هاوکاری کردنن. هەر لەم پێوەندیەدا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەسبەجێ ئەرکی خۆی بەجێ گەیاندو نیشانی دا کە سوورە لە سەر بەڕێوەبردنی ڕێکەوتننامەکەی لەگەڵ تورکیاو دەستی کرد بە تۆپباران کردنی گوندەکانی سەر سنوورە دەستکردەکەی باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەم تۆپبارانەش خەسارەتێکی بەرچاوی لێ کەوتەوەو کۆمەڵێك خەڵکیشی ئاوارە کرد.

لە لایەن حکوومەتی عێراقیشەوە لێکدا لێکدا لێدوانی سەیرو سەمەرەمان گوێ لێدەبێ! "سامی عەسکەری راوێژکاری نووسینگەی سەرۆك وەزیرانی ئێراقی فیدراڵ لە لێدوانێکدا رایگەیاند، کە کورد کاتێك رووبەرووی کێشە دەبنەوە ئەوەیان بە بیر دێتەوە کەبەشێکن لە ئێراق و پیویستە حکوومەت بەرگرییان لێ بکات." هەر لەم پێوەندیەدا جەماڵ عەبدوڵڵا وتەبێژی حکوومەتی هەرێم وەڵامی بەجێی بەو وتە ناسیاسییانە داوەتەوە، بەڵام ئەو دەربرینەی سامی ئەلعەسکەری دەریدەخا کە لەو پیلانەی کە بە دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئارا دایە دەوڵەتی عێراقیش بێبەش نیەو بۆ ئەوەی لەگەل بەجێ نەمێنێ، خۆی پێ رانەگیراوەو قسەی دڵی خۆی کردوە، جا ئەوە بێجگە لەوەی کە لە هاتوچۆیەکانی مالکی دا بۆ ئانکاراو لە بنەوە بۆ خۆیان چ کەین و بەینێکیان هەبووە ئەوە دوا رۆژ دەری دەخا.

هێندە لە مێژ نیە کە بەشار ئەسەدی سەرۆك کۆماری سووریا بە سەردانێکی ٤ رۆژە چووە تورکیاو دەگەڵ گەورە بەرپرسانی تورك چەندین دانیشتنی کردوەو لەم دواییانەش دا هەر کۆنە دۆستەکەی کوردان واتە حکوومەتە دیکتاتۆرەکەی سووریا سەبارەت بە هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورك بۆ سەر کوردستان لە هەموویان راشکاوانەتر لە سەر زاری سەرۆك کۆمارە تاقانەکەی دەڵێ: "سووریا بۆ ئاستەنگ خستنە بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە گەڵ هەڵوێستی تورکیا دایە". ئەو قسەیە بابی هەموو قسانەو ئەسڵی مەسەلەکەش هەر ئەوەیە، دیارە بۆ هەموو کوردێکی سیاسەت دۆست و ئۆگری کارو باری سیاسی (نەك سیاسەتزان) ئەو مەسەلەیە لە رۆژ روونتر بوو کە ئەو دەستکەوتەی کورد لە باشووری کوردستان هەم تەنیا تروسکەی هیوایە بۆ گەلی کوردستان، و هەم چقڵی چاوی داگیرکەرانی کوردستان و نەیارانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کوردە، گەلۆ حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان و لە سەرەوەی هەموویان سەرکردەکانی پ ك ك ئەو مەسەلە هاسان و زەق و بەرچاوەیان نەدەزانی و نای زانن؟ بۆچی لە وەها حالەتێکدا بەهانە دەدەنە دەست دوژمنانی کوردستان و لە حالێك دا بنکەو بارەگا ئەسڵییەکانیان لە کوردستانی ئازاد دایە بە کوشتنی ١٥ سەرباز یان بلێین ١٥٠ سەرباز، کوردو دەسکەوتە مێژوویییەکەی دەکەنە قومارۆچکەی بیری تەسکی حیزبایەتی و کێشەو سەرئێشەی وا بۆ کوردستان دەنێنەوە؟ ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەر هەر هەموویان خۆیان لەگەڵ قەیرانی چارەسەر نەکراو رووبەروون و لە خودایان دەوێ بەهانەیەك وەدەست بێنن کەبەو بەهانەیە هەم سەرپۆش لە سەر قەیران و گیروگرفتە بێ ئەژمارەکانی خۆیان دابنێن و هەمیش ئەو حکوومەتە کوردییە ساوایەی کە لە هەموو بارێکەوە لە هی ئەوان پێشکەوتوترو ئینسانی ترە لەبەین بەرن!

لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەر دووك حیزب و ڕێکخراوی سیاسی واتە دێموکرات و کۆمەڵە لە رابردوودا لە زۆر عەمەلیاتی نیزامی دا بە یەکجار زیاتر لە ١٠٠ سەربازو پاسداری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان کوشتوە، گوردان گوردان دەستەی سەربازیی ڕێژیمیان لەناو بردوەو پێگەی ڕێژیمیان رووخاندوەو دەستیان بەسەردا گرتوە، بەڵام لەپاش ساڵی ٩١ دەستیان لە خەباتی چەکداری هەڵگرت، ئەو دەست هەڵگرتنە نەك لەبەر ئەوەی ئەو خەباتەیان پێ نەکرێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە وەك دوو حیزب و ڕێکخراوی مەسئوول بەرامبەر بە دەسکەوتی گەلی کورد لە باشووری کوردستان رەفتاریان کردو راستی لە بارێکەوە دەتوانم بلێم خۆیان تواندەوە تا بەڵکوو کورد لە بەشێکی کوردستان دا بە ئاوات بگات، ئەوان لەم بارەیەوە هەگیز نەبوون بە لەمپەرو تەنانەت زۆر جار بوون بە یارمەتیدەر هاوکارو ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەییان بەرانبەر بە دەسکەوتی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بەجێ گەیاند. ئەوان قازانج وبەرژەوەندی حیزبیان فیدای قازانج و بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی کردو مێژووش لەم بارەیەوە شاهیدی ئەو راستیەیە.

لەوەها کات و ساتێکدا بەر لە هەموو کەس و لایەنێك پ ك ك دەبێ بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانەو لەم ئاڵۆزییە بیرێك بکاتەوە، هاتنی ئەرتەشی تورك بۆ کوردستان ئاکامی هێندە خراپی لێ دەکەوێتەوە کە رەنگە کەسمان بیرمان لێ نەکردبێتەوە، لەوە کە ئەرتەشی تورك و دەوڵەتی تورکیش لە هاتن بۆ ناو خاکی کوردستان قازانج ناکات شك نیەو ئاشکرایە کە لە جیات ١٥ سەرباز دەبێ تەرمی دەیان ١٥ سەربازی بۆ کەسوکاریان بنێرێتەوە. بەڵام لەم کێشەو هەرایەدا ئێمەی کورد پتر زەرەرمەند دەبین تا دوژمنان، ئێمە هەم هەلەکەمان ناسکەو هەم دیوارەکەمان کورتترە، بە دروشم دان و دەربڕینی شتی ئیحساسی بۆ گریلاکانی پ ك ك لە کاتی وا ئاستەم دا سیاسەت ناچێتە پێش و تەنیا رەوەندی هەڵەو هەڵەکارییەکان زیاترو درێژتر دەکاتەوە، بەیاننامەی سەرۆکایەتیی هەرێم لە پێوەندی لەگەڵ گرژتر بوونەوەی کێشەکانی نێوان پ ك ك و دەوڵەتی تورك دا رستەیەکی ئینسانی و لە هەمان کات دا دیپلۆماتیکی تێدا بوو کە جێگەی سەرنج و رامانە. "ئەگەر داکۆکی لەسەر شەڕ دەکەن ئێمە تەرەف نین و رازیش نابین رامان کێشنە نا ئەو شەڕەوە".

لە هەموو هەڵوێستەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا داکۆکی لەسەر کراوە کە تەنیا رێگ بۆ چارەسەری گیرو گرفتەکانی تورکیا دەگەڵ کوردان دانوستاندن و گفتوگۆی دوو لایەنەیە لە بەینی دەوڵەت و پارتی کرێکارانی کوردستان دا، ئەم هەڵوێستە واقیع بین و مەسئوولانەیەی حکوومەتی کوردستان جێگای شانازییە و لە هەمان کاتیشدا دەبێ هەموو لایەنە سیاسییەکانیش لە باری سیاسی و ئەخلاقییەوە ئەم هەڵوێستە لە بەر چاو بگرن و بەرژەوەندیی گەلی کوردیان پێ لە بەرژەوەندیی حیزبەکەیان بە لاوە گرینگتر بێ. هەموو پارتە سیاسییەکان ئەوە باش دەزانن کە مێژوو زۆر بێ رەحمەو هیچ هەڵەو هەڵە کارییەکیش لە بەر چاوی ون نابێ، با کارێك نەکەین کە سبەی بەرامبەر بە گەلەکەمان وەها قەرزدار بێینە دەر کە سبەی لەبن باری ئەو قەرزە نەیەینە دەرو بۆشمان نەدرێتەوە.

# لە قامووسی فیمینیزم دا

ب. هانا

**مافی یەکسان** Equal

تێورزانە کۆنترەکانی فیمینیست، مافی یەکسان بە ئامانجی سەرەکیی بۆ رزگاریی ژنان دادەنێن. ئەم ئامانجە لەسەر بەدیهاتنی مافی تاك، بەدەر لە کۆت و بەندە جینسییەکان چڕ ببۆوە. ئەم روانگەیەش لەگەڵ یەکسانیی رەگەزی کە تێکۆشەرانی بواری مافە مەدەنییەکان لەو سەردەم دا داوایان دەکرد، یەکی دەگرتەوە.

ئایدۆلۆژییەکانی دواتری فیمینیستی ئەم باسەیان هێنایەگۆڕێ کە هەڵوێستێکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی لادانی سەرنجەکان لە سەر پرسە تایبەتییەکانی سەرچاوەگرتوو لە ئەزموونی ژنان. هەر بۆیە زۆر هەنگاو بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ نابەرامبەرییە تایبەتییەکان یا جیاوازیدانان هەڵگیراون کە هێندێکیان سەرکەوتووو هێندێکیش ناسەرکەوتوو



بوون. قانوونی هەقدەستی یەکسان لە بریتانیاو ئەمریکا لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠داو مافی هەقدەستی یەکسان لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەکان و ڕێکخراوی جیهانیی کارەوە بە رەسمی ناسرا. بەڵام هەر لەو سەردەمەدا قازییە ئینگلیسی و ئەمریکاییەکان رایان گەیاند جیاوازیدان سەبارەت بە دووگیان بوون، بە جیاوازیدانانی جینسیی ناقانوونی ناژمێردرێ. لە نێو بزووتنەوە فیمینیستییەکاندا، لەم بارەیەوە کە چ شتێك بناغەی مافی یەکسانە، یا بیاڤە سەرەکییەکانی جێگای سەرنجی ژنان کامەن ـ نەداری، توندوتیژی، چاوەدێریکردنی منداڵ، ئازادیی بەرهەمهێنانی منداڵ، بەرەوژوور چوون لە باری کارو پێشە یا کاری نێوماڵ، هەمیشە بیروڕای جیاوازو مشتومڕ هەبووە. ئەم راستییە زیاتر لەوەی هاندەران بەگژدا هاتنەوەیەکی یەکپارچەو یەکگرتووو دژی پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بێ، پەرەپێدەری ناکۆکی لە نێو فیمینیستەکان دا بووە. سەرەڕای دروستبوونی هێندێك بوار، یەکسانیی راستەقینە لە نێوان ژن و پیاو هەروا وەك ئامانجێکی دوور ماوەتەوە.

سەرچاوە:
*کتێبی "فرهنگ نظریەهای فمنیستی)*
*لاپەڕی ١٤٢ ـ ١٤١*

# لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 472   22 Oct  2007

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com   Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩۶۴٧٧٠١٩٠١۶٥٨

# فیلمی "ژانی گەل" لە ڕێگای وەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار دا



فیلمی "ژانی گەل" کەهونەرمەندو سینەما کاری کورد جەمیل ڕۆستەمی دەرهێنەریەتی، لە بەشی فیلمە نا ئینگلیزیەکان دا، لەگەڵ شێستو دوو فیلمی دیکە بۆ وەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار دەکەوێتە پێشبڕکێ.

پێشتر فیلمی کوردیی "شیوەنیبەفر" هەر لە دەرهێنانی جەمیل ڕۆستەمی بە ئۆسکار ناسێندرابوو، بەڵام سەرکەوتنی وەدەست نەهێنابوو. "ژانی گەل" دووهەم فیلمی درێژی ڕۆستەمییە کە باس لە مەینەتی کوردەکان دەکا.

فیلمی "ژانی گەل" لە رووی ڕۆمانی بەناوبانگی "ژانی گەل" لە نووسینی ئیبراهیم ئەحمەد دروست کراوە. ئەم ڕۆمانە چیرۆکی پیاوێك بە ناوی جوامێرە کە بەرێکەوت بەشداری خۆپێشاندانێکی دژی حکوومەتی (سلێمانی، ١٩٤٧) دەبێو لە کاتی یارمەتیدانی ژنێکی بریندار دا، لە لایەن هێزەکانی حکوومەتەوە بریندار ەکرێو وەك سەرکردەی بەرهەڵستکاران دەکەوێتە بەند. پاش ١٠ ساڵ لە بەند دێتە دەرو وەدوای چارەنووسی بنەماڵەکەی دەکەوێو لەم پێوەندییە دا تووشی زۆر ڕووداوی دیکە دەبێ.

پێویستە بگوترێ لە ئێرانیشەوە فیلمی "م مثل مادر" لە دەرهێنانی ڕەسووڵ مەلا قولی پوور بۆ پێشبرکێ لە بەشی فیلمە نا ئینگلیسییەکان دا بەشداریی هەشتایەمین خولی خەلاتی ئۆسکار دەکا.

WWW.BBCpersian.com

# نۆبێلە زانستییەکانی ئەمساڵ



## خەڵاتی نۆبێل بۆ فیزیك بە هاوبەشی درا بە زانایەکی فەرانسەییو یەکی ئەڵمانی

خەڵاتی نۆبێل بۆ فیزیك سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە بواری "نانۆتێکنۆلۆژی" دا بە هاوبەشی پێشکێش بە زانایەکی ئەڵمانیو یەکی فەرانسەیی کرا.

زانا فەرانسەیەکە Albert fertو ئەڵمانییەکەش Peter Gruenberg سەبارەت بە دۆزینەوەکانیان کە giant یارمەتیی بە هەرچی خێراترو هاسانتر تۆمار کردنیزانیاری لە کۆمپیوتێر دا دەکا، خەڵاتی ١/٥ میلیۆن دۆلاریی نۆبێلیان پێ درا.

## ئەمساڵ خەڵاتی نۆبێل لە بواری پزیشکییشدا بە هاوبەشی درا بە چەند زانا.

ڕۆژی ٢٠٠٧/١٠/٨ ئاکادیمیای پاشایەتیی سوئید زانایانی ئەمریکی ماریو کاپچیو ئۆلیڤێر سیمتینزو زانای بریتانیایی مارتین ئەوانزی بە شایانیخەڵاتی نوبێل لە بواری پزیشکیدا ناساند. کاری ئەم زانایانە لە بواری دەستێوەردانی ژێن دابوو. ئەم سێ زانایە ژێنی دەستێوەردراو کە کۆپیی نەخۆشییە مرۆییەکانیان ئاوێتە کردبوو، لە سەر مشك تاقی کردبۆوە.

## خەڵاتی نۆبێل لە بواری شیمی دا درا بە زانایەکی ئەڵمانی

خەڵاتی ٢٠٠٧ی نۆبێل بۆ شیمی درا بە توێژەری ئەڵمانی گێرهارد ئەرتێل. ئەم زانایە بە بۆنەی لێکۆڵینەوەکانی لە بارەی کاریگەریی پرۆسە شیمیاییەکان لەسەر دیویدەرەوەی کانزاکان، بەشایانی پێشکێش کرانی ئەم خەڵاتە ناسرا. لێکۆلینەوەکانی ئەم لێکۆڵەرە یارمەتیی زاناکان دەکا تا تێبگەن بۆچی ئاسن ژەنگ دێنێ، ئەرکی کاتالیزۆرەکان لە ماشێنەکان دا چۆنەو هتد. ئاکادێمیی سۆئێد گوتی لێکۆلینەوەکانی ئەرتێل یارمەتیمان دەدا تا لە چۆنیەتیی لەنێوچوونی لایەنی ئۆزۆن تێ بگەین.





# دووریس لیسینگ نووسەری بەناوبانگی بریتانیایی نۆبێلی ئەمساڵی ئەدەبیاتی کردە هی خۆی



خاتوو دوریس لیسینگ (دوریس می تایلێر) لە ٢٢ی ئۆکتۆبری ١٩١٩ (٣٠ڕەزبەری ١٢٩٨) لە بنەماڵەیەکیئینگلیزیی دانیشتووی ئێران لە دایك بووە. بە گوتەی هەواڵدەرییەکان زێدیئەم خاتوونە شاری کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، باوکی دوریس وەك مونشی (کاتب)ی بانکی پاشایەتیی ئێرانو دایکیشی وەك پەرستار لە ئێران دا دەژیان کە ئەم کچەیان بوو. دوریس ٦ ساڵە بوو کە بنەماڵەکەی چوونە رودزیا (زیمبابوەی ئێستا).

چیرۆکەکانیدوریس لیسینگ لە بیرەوەرییەکانیسەردەمی منداڵیو لاوەتیی ئەو سەرچاوەیان گرتووەو ئەزموونەکانیژیان لە ئەفریقا تێکەڵاویان بووە. بەرهەمەکانی لیسینگ بە زۆری لە بارەی وێککەوتنی شارستانەتییەکان، نابەرامبەرییە کۆمەڵایەتییە گەورەکانو گرژیی نێوان هۆکارە دژ بەیەکەکانی دەروونی مرۆڤو لەبەریەك ڕاوەستانی شعووری تاكو بەرژەوەندیی کۆن. چیرۆکی ڕۆمانەکانی لیسینگ کە لە دەیەکانی ١٩٥٠و ١٩٦٠ دا کڕیاری زۆریان هەبوو، بە زۆری لە ئەفریقا ڕوویان داوە. سەبارەت بە نووسینو هەڵوێستەکانی دژی سپی پێستەکان ئەم ژنە ڕۆماننوسە، ساڵی ١٩٥٦ لە لایەن ئەفریقای باشوورو رووڕزیاوە، میللییەتی لێ وەرگیرایەوە. بۆیە هەتا ساڵی ١٩٩٥ لە بریتانیا ژیانی تێپەر کردو دوای ئەو ساڵە گەڕایەوە. بۆ ئەفریقای باشوور. ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٦ەوە لە لیستی کاندیداکانی خەڵاتی نۆبێل دا بوو. ئاکادێمیی سوئێد "دوریس لیسینگ"ی بە حەماسە نووسی ئەزموونی ژنان ناوبرد کە بە هۆی گومان، گڕی دەروونیو هێزی بینین شارستانییەتێکی دابەشبووی داوەتە بەر "نەشتەری هەڵسەنگاندن."

سەرچاوە: VOA

## مرواریی دەریای وشە

- مرۆڤ تەنیا ئەوکاتە دەتوانێ لە سەرەوەڕا بڕوانێتە کەسێك کە ئەو کەسە کەوتبێتو بیهەوێ بەرزی کاتەوە. (گابرێل گارسیا مارکێز)

- شانس هەمیشە یاوەری ئەو کەسانەیە کە بڕوایان پێی نیە. (فرانك زولاند)

- غورور، گەورەترین نێعمەتێکە کە خوداوەند بە دیاری داویە بە خەڵکی لاواز. (شکسپێر)

- هەرچی خۆشەویستیی هەتە پێشکێشی دۆستی خۆتی بکە بەڵام هەموو متمانەی خۆتی مەدەیە. (؟)

بەر لەماڵاوایی

# ئەو تاوانە شەرماوییەی نابێ لەبیر بچێتەوە!

سمایل شەرەفی

شەوی ١٩ لەسەر ١٩٩٦/١٠/٢٠ی زایینی بەرامبەر بە ٢٨ لەسەر ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٧٥ی هەتاوی دەستەیەکی ٧ کەسی لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوەکانی: "ئەرشەد ڕەزایی"، "داریوش ئیسلام دوست"، موزەفەر کازمی"، محەمەد عەزیز قادری"، "یونس محەمەد پوور"، "عەدنان ئیسماعیلی"و "مەعروف سوهرابی"، لە حاڵێك دا کەلە مەئموورییەتی حیزبی ڕا بەرەو بنکەکانی خۆیان دەگەڕانەوە لە نزیك شاری هەڵەبجەی باشووری کوردستان لە لایەن پرسگەیەکی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق بە بەرپرسایەتیی فەرماندەرێکی نیزامیی بزووتنەوە بەناوی "ئەنوەر عەنەبی" دەگیرێنوبێسەرو شوێن دەکرێن.

چەند ڕۆژ دوای بێ سەرو شوێن کرانی ئەو ٧ تێکۆشەری حیزب، کاتێك دەرکەوت کە لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە گیراون، حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند جارێك داوایلە بزووتنەوەی ئیسلامی کرد کە لە چارەنووسی ئەم ٧ کەسە ئاگادار بکرێ بەڵام بەداخەوە ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی لە جیاتی ڕوون کردنەوەی پێویستو دانیئاگاداری لە سەر چارەنووسی بێ سەرو شوێن کراوەکان، پەنای بۆ لادان لە مەسەلەکەو پەردە پۆش کردنی ئەم کردەوە جینایەتکارانەیە برد.

دوای تێپەرینی ماوەیەك لە بێسەرو شوێن بوونی ئەو ٧ تێکۆشەرە کوردەو بە دوای ڕاکردنی یەکێك لەو ٧ کەسە بە ناوی داریووش ئیسلام دوست لە یەکێك لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری کرماشان، بە تەواوەتی ڕوون بۆوە کە بێ سەرو شوێنکراوان لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران دراونەوە. بۆ ماوەی چەند ساڵ هیچ هەواڵێك لە چارەنووسی ئەو ٦ کەسە لە گۆڕێ دا نەبووو بنەماڵەکانیان هەروا لە چاوەڕوانی دامابوونەوە تا سەرەنجام دەرکەوت کە بەداخەوە هەر ٦ کەسیان لە ساڵی یەکەمی بەدیل گیرانیان دا بە دەستی جەللادەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کراونو بۆ هەمیشە ماڵاواییان لە بنەماڵەو هاوسەنگەرانیان کردوە.

ڕەزبەری ئەمساڵ ١١ ساڵ بەسەر فرۆشرانو تەحویلدرانەوەی ئەم تێکۆشەرانە بە کۆماری ئیسلامی دا تێ دەپەڕێ یادو بیرەوەریی ئەم تێکۆشەرە بە ناحەق کوژراوانە هەروا لە یادو زەینی بنەماڵەو هاوسەنگەرانو خەڵکی مافخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا زیندووەو لە بیر ناچێتەوە. کردەوەی دژە مرۆڤانەی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانیش دەرحەق بە حیزبی دێموکراتو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك پەڵەیەکی ڕەشو دزێو بە ڕوخساری ئەم لایەنەوە دەمێنێتەوە. بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق کە خۆی بە لایەنێکی ئیسلامی دەناساندو بە ناوی بەرگری لە بایەخەکانی ئیسلامو شەریعەتەوە کاری دەکردو خۆی بە پشتیوانو داکۆکیکاری بایەخەکانی ئیسلامو شەریعەت دەزانیو بە ڕواڵەت بانگەوازی ئاشتیو دادپەروەریی بڵاو دەکردەوە بەداخەوە لە نیازپاکیو ڕوحیەی ئاشتیخوازانەی ئەو ٧ تێکۆشەرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە داوای ئەوانیان بۆ چوون بۆ بنکەکانیان قبوڵ کردبوو، کەڵکی خراپیان وەرگرتو بە پێچەوانەی هەموو دابو نەریتێکی کوردەوارییو دینیو مرۆیی قۆڵبەستیان کردنو تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان دانەوە.

کردەوەی تیرۆریستیو جینایەتکارانەی بزووتنەوەی ئیسلامی کە شەهید کرانی ٦ ڕۆڵەی کوردی لێکەوتەوە، بۆ هەمیشە لە یادو زەینی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دا دەمێنێتەوەو، وەك کردەوەیەك کە دەکرێ بێجگە لە مرۆڤ ڕفاندنو مرۆڤ فرۆشتنو خۆشخزمەتی بە یەکێك لە ڕێژیمەکانی دوژمن بە خەڵکی کوردستانو ئامانجە پیرۆزەکانی هیچ ناوێکی دیکەی لە سەر دابنرێو هەربۆیە ڕیسوایی ئەبەدیی بۆ بەڕێوەبەرانی تاوانەکەی بە دواوە بووە.

لە یازدەهەمین ساڵوەگەڕی قۆلبەستکرانو تەحویلدرانەوەی ئەو تێکۆشەرانەی حیزبی دێموکراتو نەتەوەکەمان بە کۆماری ئیسلامی دا، وێڕای سەر لە نوێ مەحکووم کردنەوەی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیەی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق، سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدان ئەرشەد ڕەزایی، محەمەد عەزیز قادری، موزەفەر کازمی، یوونس محەمەد پوور، عەدنان ئیسماعیلیو مارف سوهرابیو سەرجەم شەهیدانی کوردستان. لەم یادە دا جارێکی دیکە هاوخەمیو هاوپێوەندیی خۆمان لەگەڵ بنەماڵە بەڕێزەکانیان دووپات دەکەینەوەو، بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە شەرماوییو ئەم کردەوە جنایەتکارانەیەش دڵنیا دەکەین کە ناهێڵین بە تێپەرینی زەمان، تاوانەکەیان لە بیرو ویژدانی نەتەوەکەمانو مرۆڤایەتی بچێتەوەو، تا ئەو کاتەی بە بۆنەی ئەم تاوانە گەورەیە پەلکێش دەکرێن بۆ دادگایەکی دادپەروەر، بەردەوام تاوانە شەرماوییەکەیان وەبیر بیروڕای گشتی دێنینەوە.